دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com
ژمارە: ٥٤٠
شەممە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٨٩ ـ ٧ی ئاگوستی ٢٠١٠ ـ ١٥٠تمەن
ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان



دیپلۆماتیک



وردەکارییەکانی بڕیاری دادگای لاهە لە بارەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆوە
٣

سیاسی



بزووتنەوەی نوێی ئێران و کێشەی نەتەوەکان
٥

کوردستانی



شەڕی چەکداری کردەیەکی چالاک یا پەرچەکردارێکی پاسیڤ
٨

ئەدەب و هونەر



لە یادی ١٠ ساڵەی مەرگی شاملوو دا
٩


خالید عەزیزی لە دواین وتووێژیدا:

# ئێستا لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن زیاتر لە جاران هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن




کوردستان، بەشی سیاسی: سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوایین وتووێژیدا کە لە کاناڵی ئاسمانی کوردکاناڵ بڵاوبۆوە ڕایگەیاند کە ئێستا گرووپ و لایەنە سیاسیەکانی ئۆپۆزیسیۆن زیاتر لە جاران هەست بە ئەرک و بەرپرسیارەتی مێژوویی خۆیان دەکەن.

خالید عەزیزی لەم وتووێژەیدا بە ئاماژە بەوەی کە لەدایک بوونێکی سیاسی لە ئێران درووست بووە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکان لە خانەی شانازی کردن بە رابردوو بێنە دەرێ و بەرپرسانە مامەلە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن و لێکی بدەنەوە.

عەزیزی هەر لەم وتووێژەیدا ساڵی رابردووی لە ئێران بە ساڵێکی گرینگ و هەستیار لە قەڵەمدا و دووپاتی کردەوە کە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان بە ئاراستەیەکدا دەڕوا کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کۆماری ئیسلامی زیاتر تەریک دەکەوێتەوە و دەخرێتە پەراوێزەوە.

دەقی وتووێژەکە لە لاپەڕەکانی ٣ و ٤ دا بخوێنەوە.

## لە پێشوازی بیرەوەری ڕووداوێکی مێژوویی دا

قادر وریا

لە ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵدا ٦٥ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان رادەبرێ.

لە بیرەوەری ٦٥ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، چەند خاڵێک هەیە کە شایانی هەلویستە لەسەر کردنن. یەکەمیان خودی ڕووداوی دامەزرانی ئەو حیزبەیە. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی لە نەفسی خۆیدا ڕووداویکی مێژوویی و گرینگ بوو، چونکە کاریگەری هەبوو لەسەر ڕەوتی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد نەک لە رۆژهەلاتی کوردستان بەلکوو لە هەموو کوردستاندا.

سەرەتایەک بوو بە ریکخراوە کردنی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی و سیاسی. دەسپێکێک بوو بۆ سپاردنی ڕێبەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی بە حیزب و کەسایەتیی ڕووناکبیر، قۆزتنەوەی بەوەختی دەرفەتیک بوو بۆ هێنانەدیی ئاواتی لەمێژینەی نەتەوەیەک کە پێکهێنانی کیان و دەسەڵاتێکی کوردی بوو. هەر لەو کاتەشدا خستنەڕووی خوێندنەوەیەکی نوێ لە روانینی سیاسی و پێوەندیی خەلک و بزووتنەوە و سەرکردایەتیی سیاسی بوو. هەر بۆ سەلماندنی گرینگیی ئەم ڕووداوەئەوەندە بەسە بلێین کە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە بووە هۆی پێکهاتنی کۆماری کوردستان و قیبلەیەک بۆ هەموو کوردان لە مهاباد درووست بوو.

پێکهێنانی پارتی دێموکراتی کوردستانیش لە باشووری کوردستان کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە ئاراستەی خەباتی رزگاریخوازی کورد لەم بەشەی کوردستاندا دەرەنجامی ڕووداوی مێژوویی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ واتە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

دووهەم خاڵ لە یادکرنەوەی ئەم ڕووداوە مێژوویی و گرینگەدا، بەردەوامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر خەبات و تێکۆشان بۆ ماوەی ٦٥ ساڵە. ئەم بەردەوامییە گرینگیی دامەزرانی ئەو حیزبەی سەدان جار زیاتر کردوە، چونکە بووە بەهۆی بەردەوامی و زیندوومانەوە و قووڵبوونەوەی ئەو ئامانجانەی ئەم حیزبەیان بۆ پێکهات.

ریساڵەتێک کە دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکرات لەکاتی بنیاتنانی ئەو حیزبەدا، لەسەر شانی خۆیان هەستیان پێکرد و حیزبی دێموکراتیان بۆ جێبەجێکردن و بەجێگەیاندنی پێکهێنا، لە ئاکامی بەردەوامیی حیزبەکە لە خەبات و تێکۆشان دا لەبیر نەچۆوە و پەرەی پێدراو بوو بە هۆی هێنانە مەیدانی بە سەدان هەزار تاکی کورد بۆ گۆڕەپانی خەبات. ٦٥ساڵ خەباتی حیزبی دێموکرات واتایەکی بەولاوەتر لە تێکۆشانی دەیان ڕێبەر، سەدان کادر و هەزاران ئەندامی هەیە. چونکە لە ئاکامی نەتەوەیی بوونی ئامانجەکانی ئەم حیزبە و ڕەوایی خەباتەکەی دا، بە میلیوێن خەڵک لە سەرووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە تا خوارووترین ناوچەکان، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاوێتەی خەباتی ئەم حیزبە بوون.

لاپەڕە ٢

## گیانی مانگرتووانی بەندیخانەی ئێوین لە مەترسیدایە




زیندانیانی سیاسیی مانگرتووی بەندیخانەی ئێوین کە ماوەی نزیک بە دوو هەفتەیە مانیان لە خواردن گرتوە، گیانیان لە مەترسیدایە و بە پێی دواین هەواڵەکان باری تەندروستیی مەجید تەوەککولی، بەهمەن ئەحمەدی ئومەوی و کەیوان سەمیمی زۆر جێگەی نیگەرانییە.

لە پێوەندی لەگەڵ مانگرتنی ئەو ١٧ بەندییە سیاسییەدا میرحسین مووسەوی و مەهدی کەرووبی بە جیا بەدەر کردنی ڕاگەیەندراو داوایان کردوە کە زیندانیان کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بێنن. کەرووبی لە ڕاگەیەندراوەکەی خۆیدا وتوویەتی کە تەنانەت ڕێژیمی شا بەم شێوەیە لەگەڵ زیندانیان نەدەجووڵایەوە و پابەندی هەندێک پرەنسیب بوو و حکوومەت کردن بەسەر خەلک دا بەو شێوەیە نابێ و دەبێ بگۆڕدرێ.

لەلایەکی دیکەوە حیزبی بەرەی موشارەکەت بەدەرکردنی ڕاگەیەندراوێک داوای لە خەڵک کردوە کە بۆ هاوپێوەندی لەگەڵ زیندانیانی مانگرتوو ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژ ڕۆژووی سیاسی بگرن.

## بارودۆخی سدیق کەبودوەند لەو پەڕی خراپی دایە



محەممەد سدیق کەبوودوەند سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە دۆخێکی زۆر خراپی لەشساغی دایەوە و هەموو ئەو هەوڵانەش لە لایەن بەرپرسانی زیندانەوە بێ ئاکام ماونەتەوە کەبنەماکەکەی و پارێزەرەکەی بە مەبەستی چارەسەریی پزیشکیی ناوبراو داویانە.

بەپێی زانیارییەکان دۆخی محەممەد سدیق کەبوودوەند لە گرتووخانەی ئێوین ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو خراپی زیاتر دەڕوا و کاربەدەستانی زیندانیش ڕێگرن لە بەردەم پێڕاگەیشتنی پزیشکی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی.

بنەماڵەی کەبوودوەند باس لەوە دەکەن کە نیگەرانی ئەوەن دابەزینی لە رادەبەدەری کێشی کەبوودوەندو هەروەها ئەو سەرگێژەو فشارانەی لەسەر ناوبراوە، مەترسی گیانی یا ئاسەواری خراپی بۆ لەشساغی ناوبراو بەدواوە بێ. شایانی باسە کە لەماوەی چەند ڕۆژی رابردوودا ئیجلال قەوامی لەسەر باردۆخی خراپی لەشساغی کەبوودوەندو ئەو نیگەرانیانەی لەوپێوەندییەدا لە ئارادایە، نامەیەکی بۆ بەرپرسی ناوەندی قەزایی ئێران نووسیبوو تا بەڵکوو گیانی ئەم چالاکە مەدەنییەی کورد لەو مەترسیانەی لەسەریەتی رزگاربێ.

## ٦٠٠٠ هێکتار لە دارستانەکانی مەریوان و سەوڵاوا سووتاون




«ئەنجوومەنی سەوزی چیا»ی شاری مەریوان ڕایگەیاندوە کە پێدەچی لە ئاگرکەوتنەوەکانی ئەو ساڵی دارستانەکانی سەوڵاوا و مەریوان دا زیاتر لە ٦٠٠٠ هێکتاری ئەو دارستانانە سووتابن.

بە پێی زانیارییەکانی ئەو ناوەندە ژمارەی ئاگر کەوتنەوەکان لە دارستانەکانی مەریوان و سەوڵاوا لە سەرەتای ئەو ساڵەوە لە ١٦٤ حاڵەت تێ پەڕیوە و ڕەوتی ئەو ئاگر کەوتنانەوەش هەروا بەردەوامە.

ئەنجومەنی سەوزی چیا ئاشکرای کردوە کە تەنیا لە ماوەی ٣ ڕۆژدا لە نێوان ڕۆژەکانی ٧ تا ١٠ ی گەلاوێژی حەوتووی رابردوودا ٢٦ حاڵەتی ئاگر کەوتنەوە لەو ناوچانە ڕوویان داوە و بە پێی لێکدانەوکانی ئەوان تا ئێستا زیاتر لە ٦ هەزار هێکتار لەو دارستانانە بە هۆی ئەو ئاگر کەوتنەوانە سووتاون.

شایانی باسە کە لە سەرەتای ئەوساڵەوە دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەکانی لۆڕستانەوە و بە گشتی دارستانەکانی بەر بناری زنجیرە کێوی زاگرۆس بەردەوام ئاگریان تێبەر دەدرێ و ئەوەش لە حاڵێک دایە کە جۆری دار، گیا و ئەو ڕۆوکانەی لەو سووتمانانەدا بوونەتە خەڵوز، لە جیهاندا بێوێنەن و بەوەش زەرەر و زیانێکی قەرەبوو نەکراوە لە ژینگەی کوردستان کەوتوە.

کەمتەرخەمیی ناوەندەکانی پێوەندیدار بەو ئاگرکەوتنانە لە پارێزگاری کردن لە دارستانەکان و کووژاندنەوەی ئاگر کەوتنەکان ئەو گومانەی لە لای زۆر کەس بەهێز کردوە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی نەک هەر لە بەرامبەر ئەو زیان و سووتمانانەدا خەمساردن، بەڵکوو خۆشیان بە ئانقەست لەو ڕووداوانەدا دەستیان هەیە.

## لە یادی ٦٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا

## سیمینارێک لە هەولێر بەڕێوە دەچێ



کوردستان: بە مەبەستی تاوتوێ کردنی چەند لایەنێک لە تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەبەرەی ٦٥ ساڵەی دامەزرانیدا ڕۆژی دووشەممە ١٨ی گەلاوێژ (٢٠١٠/٨/٩) سیمینارێک لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕیوە دەچێ.

ئەندامێکی لێژنەی ئامادەکاری ئەم سیمینارە لە لێدوانێکدا بە «کوردستان»ی ڕاگەیاند لەم سیمینارەدا «دوکتور عومەر نوورەدینی» (ئەندامی پەرلەمانی کوردستان)، «دوکتور جەحفەر عەلی ڕەسووڵ» (ئەندامی پەرلەمانی کوردستان)، «ستران عەبدوڵڵا (سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ) و «سمایل بازیار» (مامۆستای زانکۆ) وتار پێشکەش دەکەن. بە پێی ئەو زانیارییانەی کە بە «کوردستان» گەیشتوون، ئەم سیمینارە کاتژمێر ٥ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە لە هۆڵی سەنتەری ئاڵا لە شاری هەولێر بەڕێوە دەچێ.

جێی ئاماژەیە ٦٥ ساڵ لەمەوبەر لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/٥/٢٥ لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ک) بە حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا.

**ڕاگەیەندراو**

# با نەهێڵێن چیدی دارستانەکانمان ببنە خەڵووز

## راگەیەندراوی کۆمیسیۆنی کاروباری کۆمەڵایەتیی حدک لە پێوەندی لە گەڵ ئاگر کەوتنەوە لە دارستانەکانی کوردستان دا

ماوەی چەند ساڵێکە بەتایبەت لەم دوو ساڵەی دوایی دا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی بێ وێنە دەستی کردوە بە تێکدان ولەناوبردنی سروشتی کوردستان. هەڵسوکەوتی کاربەدەستان ودام ودەزگا پێوەندیدارەکانی رێژیم لەکوردستان و هەروەها خەرابکارییەکانی بەکرێگیراوان وهێزەکانی سپای پاسداران لەسوتاندنی دارستانەکان وبەتاڵان بردن و وێرانکردنی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستاندا هیچ شک وگومانێکیان نەهێشتۆتەوە کە کۆماری ئیسلامی خەریکی جێبەجێ کردنی پیلانێکی مەترسیدارو خولقاندنی کارەساتێکی ژینگەیی گەورەیە لەکوردستان دا. لەزۆربەی وڵاتانی دنیا چووکترین زەبروەشاندن لە ژینگە لە لایەن هەر کەسێکەوە بەئانقەست، یان لە رووی نەزانییەوە بێ، سزای بۆ دیاری کراوە. تەنانەت گرینگیی بابەتی پاراستنی ژینگە چ وەک ئەرکێکی دەوڵەتی وچ وەک ئەرکێکی نیشتمانی بەو رادەیە گەیشتوە کە لە ٢٠ ساڵی رابردوودا چەندین کابینەی حکوومەتی بەهۆی کەمتەرخەمی لە پاراستنی ژینگەدا تووشی هەرەسهێنان یان گۆڕان بوون، لەئێرانیش ئەگەرچی چەند بڕگەو مادەی یاسایی لەو پێوەندییەدا هەیە، بەڵام دەبینین کە کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانەی یاساکانی خۆی بەمەبەستی زەبروەشاندن لەنەتەوەی کورد، بەو پەڕی وەحشیگەرییەوە خەریکی تێکدانی سروشتی جوان و رازاوە ولەناو بردنی ژینگەی کوردستانە. دوایین نموونەکان سووتاندنی دارستانەکانی ناوچەی مەریوان و دالاهوو وهەوڵدان بۆ رووخاندن وتالانکردنی قەڵای مەریوان وەک شوینەوارێکی مێژووییە. دەوروبەری ٤٠ رۆژە دارستانەکانی ناوچەی مەریوان هەر رۆژەو لە شوێنێکەوە ئاگریان تێبەردەدرێ و و هەر لەو ماوەیەدا بە هەزاران هێکتار دارستان و شاخ و داخی ئەو ناوچەیە بە تەواوی سووتێندراوە و بەشێکی بەرچاو لە دارستان و گیانلەبەری ئەو ناوچەیە لە نێو چوون. لەوەها بارودۆخێکدا ئیدارە دەوڵەتییەکانی پێوەندیدار نە تەنیا هیچ هەوڵێکیان بۆ پێشگرتن لە گەورەبوونەوەی رووبەری کارەساتەکە نەداوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە کۆسپ و تەگەرەیان لە بەردەم ئەو کۆمەڵە خەڵک و لاوە دڵسۆزەش دا ناوەتەوە کە بەشەو ورۆژ هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکە دەدەن. تەنانەت بەرپەڕی بێ شەرمیەوە چەند رۆژ لەمەوبەر هیزەکانی رژیم کۆمەڵێک لاو و چالاکی مەدەنی و ژینگە پاریزیان دەسبەسەر کرد کە دەسبەجێ خۆیان گەیاندبووە قەڵای مەریوان و پێشیان بە رووخاندنی قەڵاکە گرتبوو وهەڕەشەیان لێ کردون کە ئەگەر چیتر نارەزایەتی دەرببڕن، حوکمی زۆر قورسیان بە سەردا دەسەپێنین.

**هاونیشتمانانی خۆشەویست! خەڵکی دڵسوز و خەمخۆری کوردستان!**

ژینگەی ئێمە نیشتمانی ئێمەیە. پاراستنی ژینگە و پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان، هەم ئەرکی ئینسانی وهەم ئەرکی نیشتمانیی ئیمەیە. ژینگە و شوێنەوارە مێژووییەکان سامانی ئینسانی و نەتەوەیین کە ئەرکی تاک بە تاکی ئێمەیە بە ئەمانەتەوە بۆ نەسڵەکان و بەرەکانی داهاتوومانی بپارێزین، تا ئەوانیش بتوانن لە داهاتوودا لە نیشتمانێکی پاک وجوان و رازاوەدا بژین.

ئێستا کە لێمان روونە و هیچ گومانێکمان لەوەدا نیە کە دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر وڵاتەکەمان دا دەیانەوێ بە لە ناوبردنی ژینگە و تالانکردنی شوێنەوارەکان، نەتەنیا ئێستا بەڵکوو داهاتووی نیشتمانەکەمان وێران بکەن یان بە واتایەکی دیکە دڕندانەتر لە رێژیمی بەعسی عێراق دەیانهەوێ ئەنفالی داهاتووی نیشتمانەکەمان بکەن. کەواتە بێدەنگی و کەمتەرخەمی و بێ هەڵوێستیی هیچ کام لە ئێمە هیچ پاساوێک هەڵ ناگرێ و ئەرکی ئێمەیە کە لە خەباتی ژینگە پارێزیدا کە خەباتێکی زۆر پێویست و بەرهەقە، بەشداری بکەین. داوا لە هەموو لاوانی دڵسۆزو وریای مەریوان و تەنانەت شارەکانی دیکەی کوردستان دەکەین کە دەستەدەستەو پۆل پۆل بە هانای ئەو کۆمەڵە لاوە خوێنگەرم و ژینگە پارێزەی مەریوانەوە بچن و لە کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی ئەو ناوچەیەدا چالاکانە بەشداری بن. هەروەها داوا لە هەموو هاونیشتمانان، بە تایبەت خەڵکی دڵسۆزی مەریوان و دەوروبەری دەکەین کە بە کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵی و دابین کردنی کەرەستەی پێویست یارمەتی لاوانی ژینگە پارێزی مەریوان بدەن و بەم چەشنە هەر کەس لە شوێنی خۆیەوەو بە پێی توانای خۆی بەشداری لە پاراستنی ژینگە، واتا پاراستنی نیشتماندا بکا.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێین کە نابێ بابەتی لە ناوبردنی ژینگە لە لایەن ڕێژیمەوە بە کەم بگرین، بەڵکوو پێویستە بە شێوەی جۆراوجۆر کە بۆمان دەلوێ نارەزایەتی بە دژی ئەو سیاسەتە چەپەڵەی رێژیم دەر ببڕین و بەم چەشنە پێش بە بەرێوەچوونی هەرچی زیاتری ئەم پیلانەی رێژیم لە داهاتوودا بگرین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیونی کاروباری کۆمەڵایەتی**
**٣ی گەلاوێژی ١٣٨٩ی هەتاوی**
**٢٠١٠/٧/٢٥**

# کۆچی دوایی یەکێکی دیکە لە ئەفسەرەکانی کۆماری کوردستان

یەکێکی دیکە لە ئەفسەرەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان کۆچی دوایی کرد.

رۆژی شەممە، ١١ ی گەلاوێژ حاجی مەجید وەیسی، یەکێک لەفەرماندەرانی نیزامیی کۆماری کوردستان لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا لە شاری مهاباد کۆچی دوایی کرد.

حاجی مەجید وەیسی لە زەمانی کۆماری کوردستان دا ئەفسەری کۆمار و یەکێک لە فەرماندەرانی نیزامیی کۆمار لە شاری بۆکان بووە.

ناوبراو پاش روخانی کۆمار لە لایەن رێژیمی پاشایەتییەوە گیراوە و بۆ ماوەی ٦ ساڵ زیندانی کراوە.

حاجی مەجید وەیسی دوای ئازادبون لە زیندانیش دڵی هەر بە ئەوینی کوردستان و بە هیوای دانەزراندنەوەی کۆمارێکی دیکە لێی دەدا.

ناوبراو باوکی کاک محمد وەیسی بوو کە لە ریزی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دایە.



کارگێڕانی " کوردستان " بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی مەجید وەیسیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری ناوبراو دەکەن.

# بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە کۆنگرەی ڕێکخراوی یەکیەتیی فداییانی خەلقی ئێران دا

هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە ئاڵمان بەشداریی لە نۆیەمین کۆنگرەی رێکخراوی یەکیەتیی فدائیانی خەلقی ئێران دا کرد.

رۆژانی هەینی، شەممە و یەکشەممە ، ٩ ی گەلاوێژ تا ١١ گەلاوێژ، رێکخراوی یەکیەتیی فدائیانی خەلقی ئێران نۆیەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری کۆڵنی ئاڵمان بەڕێوەبرد و هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بە سەرپەرستیی کاوە ئاهەنگەری، بەرپرسی پێوەندییە ئێرانییەکانی حیزبی دێموکڕات و بە هاوڕێیەتیی شوکری تەریق، بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ئاڵمان بەشدارییان لەو کۆنگرەیەدا کرد.

بە پێی راپۆرتی گەیشتوو باسەکانی کۆنگرە لە سێ تەوەردا چڕکرابوونەوە کە بریتی بوون لە: فدرالیزم، بزووتنەوەی دێموکراسیخوازانەی ئێران و گۆرانگارییەکانی دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری و یەکیەتیی و تێکەڵبوونەوەی رێکخراوە چەپ و دێموکراتەکان.

بە دوای کورتە راپۆرتێک لە لایەن بەرپرسی بەش، ئەندامانی کۆنگرە و میوانانی بەشدار، چالاکانە بیرو ڕای خۆیان بە نیسبەت باسەکان دەهێنایە ئاراوە.



جێی ئاماژەیە کە بێجگە لە هەیئەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، هەیئەتی رێکخراوی فدائیان( اکثریت)، بەرەی میلیمەزهەبیەکان- لقی ئوروپا، شورای کاتیی سوسیالەتەکانی ئێران، هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئی ئێران و کەسایەتیی سەربەخۆی دیکە بەشداری ئەم کۆنگرەیە بوون.

**درێژەی**

# لە پێشوازی بیرەوەری رووداوێکی مێژوویی دا

مێژووی ٦٥ساڵ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، مێژووی خەباتی گەلێکە لە پێناوی ئازادیدا، مێژووی خەباتی هەمووی ئەو کەسانەیە کە لە ماوەی ئەم ٦٥ساڵە دا لە شارو گوند و چیاکانی کوردستان، لە بەندیخانەو دەربەدەری، لە گیان بەخشینیش سڵیان نەکردۆتەوە. ئەم بەردەوامییە کەوای کردووە ئەم حیزبە هەر کە وا ڕابرووی جێی شانازی هەیە، داهاتوویەکی گەشیشی لەبەر دەم دابێ.

سێهەم خاڵ کە لە یادی ٦٥ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە پێداچوونەوەی رەخنەگرانەی ئەم مێژووە پڕ لە ڕووداوەیە. ئەوەی تا ئێستا لە حیزبی دێموکراتدا لەم جۆرە بۆنانەدا باو بووە، تەنیا ئاوڕدانەوە لە شانازییەکان و خاڵە ئەرێنییەکانی مێژووی ئەم حیزبە بووە و بە دەگمەن ئاوڕ لە کەم و کووڕیەکان، ناکۆکییەکان و لێکدابڕانەکان، هەڵەکان و لاوازییەکان دراوەتەوە. ئێمە کاتێک دەتوانین لەم مێژووە دەرس وەربگرین، کە شانبەشانی شانازییەکان و دەسکەوتەکان، هەڵە و کەم و کووڕی و کەمتەرخەمییەکانیش ببینین، بەدوور لە دەمارگرژی، هەڵیان بسەنگێنین و بە قازانجی گەشە پێدانی فکری و سیاسی حیزب و بەهێز کردنی تێکۆشانی داهاتوو وپتەوکردنی هاوپێوەندی و هاوخەباتی لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، ئەزموونیان لێ وەربگرین.

# بریندار بوونی ٥ کەسی خەڵکی سنجوێ لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە



لە ئاکامی تێکهەڵچوونێکی خەڵکی ئاوایی سنجوێ لە ناوچەی سەردەشت لە گەڵ هێزەکانی رێژیم لە پاسگای رەشەکانیی ئەو ئاواییە ٥ کەس لە خەڵکی ئەو ئاواییە بە تەقەی هێزەکانی رێژیم بریندار بوون.

هێزەکانی رێژیم لە پاسگای سنجوێ کە بەردەوام کێشەیان بۆ هاتوچۆی خەڵکی کاسبکاری ئەو گوندە دروست کردوە، کاتێک کە شەوی سێشەممە، ١٢ ی گەلاوێژلە گەڵ نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکی ئاوایی بەرەوڕوو بوونەتەوە، تەقەیان لە خەڵکی کردوە و ٥ کەسیان بە ناوەکانی مریەم محەممەدپوور، محەممەد عەزیزیان، شاهۆ محەممەدی، رەئوف محەمەدپوور، عەوڵای سمایل ئاغا و منداڵیکی کەم تەمەنی کەسێک بە ناوی ساڵحی حەمەی مام قادری بریندار کردوە.

خەڵکی ئاوایی کە ئەو رەفتارە سەرکوتگەڕانەیە و نامرۆڤانەیەی هێزەکانی رێژیم دەبینن، تێکڕا هێرش دەکەنە سەر پایەگاکەی رێژیم و دەستی بە سەر دادەگرن و ئاوری تێ بەردەدەن.

شایانی باسە کە چوار کەس لەو بریندارانە برینەکانیان سەختە و ئیستا لە نەخۆسخانەی مەهاباد خەوێندراون و لە ژێر چاوەدێریی دوکتور دان.

## خالید عەزیزی:

# ئێستا لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن زیاتر لە جاران هەست بە بەرپرسیارەتی خۆیان دەکەن

**دیمانە: مادێح ئەحمەدی**

**ئاماژە:** خوێنەرانی بەڕێز! لە ڕۆژانی ٢٩و ٣٠ی مانگی پووشپەڕدا لە بنکەی دەفتەری سیاسی، پلێنۆمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو. لەم پلینۆمە دا کۆمەڵێک باس و لێکدانەوەی پێوەندیدار بە کوردستان و ئێران بە گشتی هاتنە گۆڕێ و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش خوێندنەوەی خۆی لە سەریان هەبوو و هەڵوێستی پێویستی لە بارەیانەوە گرت. بە مەبەستی ئاگاداربوون و تاوتوێ کردنی ئەم بابەتانە بە گشتی و خستنە رووی چەند پرسیارێکی تایبەت لەم بوارەدا، «کوردکاناڵ» وتووێژێکی لەگەڵ خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەنجام دا، لێرەدا دەقی ئەو وتووێژە بڵاو دەکەینەوە.

**پرسیار: بە لە بەرچاو گرتنی بارودۆخی ئێران لە چەند مانگی رابردووداو بە سەرنجدان بەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەو ماوەیە دا هاتوونەتە گۆڕێ پەرەسەندنی گەمارۆکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ سەر ئێران، گوشاری حکوومەتی تاران بۆ سەر خەڵک و چالاکانی سیاسی و مەدەنی و هەروەها ئەو قەیرانە جۆراوجۆرانەی کە کۆماری ئیسلامی بەرەو روویان بۆتەوە، بە گشتی حەز دەکەین لە بۆچوون و لێکدانەوەی جەنابتان ئاگادار بین.**

**خالید عەزیزی:** لە راستی دا ئێمە لەو ماوەیەی رابردوو دا زۆرجاران باسمان لەوە کردوە کە رووداوەکانی یەکساڵی رابردوو لە ئێران بە بەراورد لەگەڵ هەموو سی ساڵی رابردوودا زۆر سەرنج راکێشتر بووە. ئەگەر بچینە نێو نێوەرۆکی ئەو رووداوانەوە و هەڵیان سەنگێنین و لە روانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاساییشەوە لێکیان دەینەوە دەکرێ بڵێین ساڵێکی دەوڵەمەند و پڕ بایەخ بووە.

بەو مانایە کە دەرفەتێکی باش هەڵکەوت بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکان کە بەشداری جموجۆڵ و چالاکی دژی کۆماری ئیسلامین. لەلایەن حیزب و ڕێکخراوەو کەسایەتی و چین وتوێژە جیاوازە سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و غەیرە نەتەوەیی و تەنانەت مەزهەبییەکانیشەوە. بە گشتی لای هەموو لایەنەکان ئەم پرسیارە دروست بوو کە ئێران بۆ ئاوای لێهات و هەروەها ئێرانی داهاتوو چۆن دەبێ و چی بە سەر دێ. بە بڕوای من لە روانگەیەکەوە دەتوانین بڵێین کە جۆرێک لە دایکبوونی سیاسییە، یان شتێکی نوێیە کە زۆر بۆچوون و گوتارو چەمکی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ ئەگەرەکانی فەزای سیاسیی ئێران و بابەتی سیاسی و مەزهەبی و دێموکراسیی دەبێ چۆن بێ. یان جۆری دەوڵەتداری و خەڵک سالاری و یاساو بەڕێوەبردنی وڵات چۆنەو لە راستیدا حکوومەتی قانوون چیە و مافی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بەم فرە چەشنییەی کە لە ئێران دا هەیە چۆن پێناسە دەکرێ. هەمووی ئەوانەش لە چوارچێوەی میدیاکانی کوردی و ئێرانی و جیهانی دا تا رادەیەکی بەرچاو باسیان لێوە دەکرێ. لە یەکساڵی رابردوودا وێڕای ئەوەی خەباتێکی بەرینی هەمە لایەنە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە لە دژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەچوو، لە هەمان کاتیشدا خەباتێکی بەرینی سیاسییش بۆ پێداچوونەوە بەسەر بیرو بۆچوونی جۆراوجۆر سەری هەڵدا. هەموو ئەوانە یارمەتی دەدەن بەوەی کە ئاستی شعووری سیاسیی خەڵکی ئێران کە فرە چەشنی و ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆری تێدایە، بچێتە سەرێ. یەکێک لە هۆیەکانی ئەوەیە کە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران مەجال و دەرفەتێک نەهاتە گۆڕێ کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە شێوەیەکی ئازاد و راستەوخۆ لە نێو کۆمەڵگەو کۆمەڵانی خەڵک دابن و تەمرینی دێموکراسی بکەن، یان تەمرینی ئەوە بکرێ کە ئەو بابەت و بۆچوونانەی ئەم لایەنانە باسی دەکەن کۆمەڵگە چۆنی دەقۆزێتەوە و دژکردەوەکانی خەڵک چۆن دەبێ.

لە راستیدا لە دوای شۆڕش لە ئێران دا بارودۆخەکە بە جۆرێک بووە کە حیزبایەتی کەمتر تێکەڵی خەڵکی بووە. دابڕانێکی وا هەبووە کە بڕیار و سیاسەتەکانی حیزبەکان زیاتر مەحدود بۆتەوە بە ئەندامەکانی خۆیان. هەڵبەت جگە لە کورستان کە بە هۆی بەرینتر بوونی خەباتەکەی، کەمو زۆر، ڕێگەی پێوەندی لەگەڵ خەڵکی تێدا بووە. هەر بۆیەشە من پێموایە ئەم قۆناغە لە هەلومەرجی سیاسیی ئێران دا پێویست بوو کە هەمووی ئەم بابەتانە بۆ جارێکی دیکە باسیان لێ بکرێتەوە.

**پرسیار: کاک خالید ئەی خۆ ئێستاش فەزای سیاسیی ئێران هەر داخراوەو مەجالێکی ئەوتۆ بۆ هاتنە ئارای بۆچوونی جیاواز بەدی ناکرێ؟**

**خالید عەزیزی:** ئەگەر ئەو مەجال و فەزایە بە شێوەیەکی یاسایی نییە بەو مانایە نییە کە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی و حیزب و لایەنە سیاسییەکان و خودی کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی ئەو باسەیان لەنێودا نییە.

ئەمڕۆ لە سەردەمێکدا دەژین کە مەجالێکی بەرینی پێوەندی و ئاگاداربوون لە زانیاری و بابەتەکان لە هەموو جیهان دا پێک هاتوە. جا بۆیە هەموو ئەوانە یارمەتی دەکەن بۆ ئەوەی خەڵک لە زۆر بوارەوە پێداچوونەوەیان هەبێ لەسەر چۆنیەتیی بەرەوروو بوونەوەیان لەگەڵ رابردوو و دەسەڵات وسیاسەتیش. کەوایە لام وایە لە کۆتایی دا کۆمەڵگەی ئێران لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیە دا رۆژ بە رۆژ لەم بەستێنەدا دەوڵەمەندتر دەبێ و بەرەو پێش دەچێ.

**پرسیار: کاک خالید دەکرێ بۆمان روون بکەیەوە کە مەبەستتان لەو لەدایکبوونەی سیاسیە چییە و چ پەیامێکی تێدایە؟**

**خالید عەزیزی:** لەدایکبوونی سیاسی یان ئەوەی کە کۆمەڵگەی ئێران دەیەوێ تێبینییەکی نوێی لەسەر چەند و چۆنی سیاسیی داهاتووی وڵات هەبێ لە چەند رەهەندەوە ئاماژەی پێ دەکەم. لە رابردوودا زۆر بەکەمی باسی ئەوە دەکرا کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیەو بە زەحمەت ئاماژە بە فیدراڵیزم دەکرا کەچی ئێستا وانییە تەناتەت خەڵکێک لە نێوخۆی وڵات دا کە دژی کۆماری ئیسلامین و ئەگەر بۆ رووخانی ڕێژیم کار ناکەن و دەیانەوێ بە شێوەی ریفۆرم ئاڵوگۆڕێک پێک بێنن باس لە فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و بەشداریی هەمووان لە بەڕێوەبەریی وڵات دا دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە لەسەر بابەتێکی وەکوو مەزهەب و کەڵکوەرگرتنی نادروست و نابەجێی حکوومەت لە ئایین بۆ سەرکوتی خەڵک ئێستا دەبینین کە لە نێو کۆمەڵگە دا خوێندنەوەو بۆچوونی جیاواز لە دەسەڵات پێک هاتوەو باسی لێوە دەکرێ. مەسەلەی ماف




لە بابەتە گرینگەکانی دیکەیە کە لە نێو کۆمەڵگەی ئێرانی بە تایبەت پاش هەڵبژاردن، بە راشکاوی بەرجەستەتر بۆتەوەو خوێندنەوەی جیاوازتری لە پێشوو بۆ دەکرێ. ئایا دەوڵەت هەڵبژاردەی راستەقینەی کۆمەڵگەیە و ڕێز لەو بنەماو یاسا نامەشروعانەی کە تەنانەت خۆی بە زۆرەملێ دایسەپاندوون دەگرێ و بەرپرسانەو یاسایی لەگەڵ کۆمەڵاتی خەڵک دا هەڵسوکەوت دەکات.

لە بابەتە پێوەندیدارەکانی دیکە دەتوانم ئاماژە بە شانازییەکان بکەم واتە شانازییەکانی خەبات. ئێستا دۆخی وا هاتۆتە گۆڕێ کە بەشێکی زۆر لەو حیزب و لایەنانەی کە بە جۆرێک لە دژی کۆماری ئیسلامی خەباتیان کردوە، هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایەی کە شانازییەکانیان لە جێی خۆیدا بەکار بێنن و پتر ئەرک و بەرپرسایەتییە سیاسی و مێژووییەکانی خۆیان بناسن و هەر ئەوەش رۆحێکی تەعەهوودی تێدا دروست کردوون کە باشتر لە جاران هەلومەرجەکە بقۆزنەوە و بەرپرسانەتر بجووڵێنەوە. با ئەوەش باس بکەین کە شانازی لە بیر ناکرێ و نافەوتێ و دەکرێ لە جێی خۆیدا باسیشی بکرێ بەڵام مەسئولییەت و بەرپرسایەتی جێی دەگرێتەوەو بەرجەستە دەبێتەوە. من پێم وایە هەمووی ئەوانە وایان کردوە کە فەزایەکی وا پێک بێ کە حیزب و جەریانە سیاسییەکان لە نێو کۆمەڵگەی ئێران دا بەرەو ئاقارێکی نوێ دەبات کە لە ئاکام دا بارودۆخێکی جیاوازتر لە پێشوو بخووڵقێنێ.

**پرسیار: کاک خالید بۆچوونی ئێوە لە سەر مەسەلەی گەمارۆکان بە تایبەت هی ئەم دواییانە بۆ سەر ئێران چییەو چۆنی دەبینن؟**

**خالید عەزیزی:** ئەم بابەتە دەکرێ لە چەند روانگەی جیاوازەوە هەڵسەنگێنین. تا ئێستا چەندین بڕیارنامەی نێونەتەوەیی بە مەبەستی گوشار هێنانی زیاتر بۆ سەر ئێران دەرکراوە کە دەتوانین لەم بەستێنەش دا خوێندنەوەی جۆراوجۆرمان هەبێ. ئەگەر وا سەیری بکەین کە ئەم گەمارۆیانە لە بواری ئابووری و سیاسی و تکنیکی و وزەوە چەند کاریگەریان لەسەر کۆماری ئیسلامی داناوە یا ئەوەی کە چەند توانیویانە مافیای سپای پاسداران و ئەو دام و دەزگایانەی پێوەندیان بەم ئۆرگانەوە هەیە سنوردارتر بکەنەوە و پێش بە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی بگرن. بەڵام ئەگەر مەبەستی گەمارۆکان ئابووری بێ و و تێبینی دیکەیان تێدا نەبێ، دەتوانێ رەنگدانەوەیەکی جیاوازی لەنێو دەسەڵات و کۆمەڵگەدا هەبێ و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی هەرکام لەوانە گرینگیی تایبەتی خۆی دەبێ. لەم بەستێنەدا تەجروبەی پێشووتر هەیە بۆ وێنە لە یۆگۆسلاوی دا کە ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست گەمارۆکانی دنیای دەرەوە بۆسەر ئەو وڵاتە پێشبینی و لێکدانەوەیەکی گونجاو و دروستیان لە پشت نەبوو، هەر بۆیەش خەڵکی ئاسایی زیانێکی زۆریان پێ گەیشت. کەچی لە بارەی ئێران دا وەک دیارە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئاراستەی رووداوەکان بەرەو ئاقارێک بەرن کە زیاترین زیانەکان بەلای کێشەی ناوەکی و لایەنە پێوەندیدارەکان بەم مەسەلەیەوە بشکێتەوە. راستە تا ئێستا ئەنجامی ئەم گەمارۆیانە نەیتوانیوە گوشارێکی وەها لەسەر ئێران دانێ کە بەچۆکی دابێنێ بەڵام ئەگەر سەیری رووداوەکان بکەین لە ئێستادا کۆی ئەم وڵات و لایەنانەی ڕووبەڕووی ئێران بوونەتەوە زیاترن لە پێشوو. بەلەبەر چاوگرتنی پەرەسەندنی رۆژ لەگەڵ رۆژی ئەم کۆدەنگییە جیهانییە بە دژی ئێران و بەراوردکردنی لەگەڵ چەندساڵ لەمەوبەر دەردەکەوێ کە ئەگەری ئەوەی ئەم گەمارۆیانە لە درێژەی خۆیاندا ئێران تووشی گرفتی جیدی و ئەساسی بکەن زیاترە و هۆیەکەشی ئەوەیە کە بەرەبەرە ڕێژەی ئەم وڵاتانەی لە سەپاندنی چۆنی گەمارۆکان بۆسەر ئێران بەشدار دەبن رووی لەزیادبوونە. تا ئێستا رەوتی گەمارۆکان نەیتوانیوە هێندە کاریگەر بن کە ئێران ملکەچی داخوازییە نێونەتەوەیەکان بکا، بەڵام توانیویانە پێگە و جێگەی ئەم وڵاتە چ لە نێوخۆ و چ لە ئاستی نێونەتەوەییشدا لاواز بکەن و تەنانەت ئەو مەترسی یە لە نێو باڵەکانی دەسەڵاتداریش دا درووست بووە کە رەنگە ئاکامی گەمارۆکان گرفتی زۆر گەورەی بۆ کۆماری ئیسلامی لێ بکەوێتەوە.

**پرسیار: کاک خالید لەم بڕیارنامەیەی دوایی دا هاوکات لەگەڵ مەسەلەی ناوکی باسی مافی مرۆڤ و پێشێلکارییەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامییش کرابوو. ئەم بابەتە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**خالید عەزیزی:** لە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو ئەوەی کە دنیای دەرەوە لەمساڵدا مەسەلەکانی مافی مرۆڤ و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ڕێژیمی ئێرانی لەگەڵ خەڵک بەم چەشنە هێناوەتە بەرباس و مەرجی بۆ داناوە بە بڕوای من یەکجار مەسەلەیەکی بایەخدار و نوێیە و پێویستە ئێمەش لەسەر ئەم بابەتە سەرمایەگوزارییەکی باش و گونجاومان هەبێ. لەراستی دا ئەم

**لە رابردوودا زۆر بەکەمی باسی ئەوە دەکرا کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیەو بە زەحمەت ئاماژە بە فیدراڵیزم دەکرا کەچی ئێستا وانییە تەناتەت خەڵکێک لە نێوخۆی وڵات دا کە دژی کۆماری ئیسلامین و ئەگەر بۆ رووخانی ڕێژیم کار ناکەن و دەیانەوێ بە شێوەی ریفۆرم ئاڵوگۆڕێک پێک بێنن باس لە فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و بەشداریی هەمووان لە بەڕێوەبەریی وڵات دا دەکەن**

**لە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو ئەوەی کە دنیای دەرەوە لەمساڵدا مەسەلەکانی مافی مرۆڤ و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ڕێژیمی ئێرانی لەگەڵ خەڵک بەم چەشنە هێناوەتە بەرباس و مەرجی بۆ داناوە بە بڕوای من یەکجار مەسەلەیەکی بایەخدار و نوێیە و پێویستە ئێمەش لەسەر ئەم بابەتە سەرمایەگوزارییەکی باش و گونجاومان هەبێ**

٤

درێژەی

## خالید عەزیزی:

# ئێستا لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن زیاتر له جاران هەست به بەرپرسیارەتی دەکەن

دیاردەیەش خۆی بەرهەمی چەند شتێکە، یەکەم نەتیجەی نارەزایەتیی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە لەم یەکساڵەی رابردوو دا کە ئەم سیگناڵەی بە دنیای دەرەوە دا کە کۆماری ئیسلامی شەرعیەت و بەهای خۆی لە نێوخۆی وڵاتدا نەماوە. دوویەم ئەوەی کە تا ئێستا لە خودی واشینگتۆن و لە نێو دێموکراتەکان دا زیاتر گرینگی دەدرێ بەم جۆرە بابەتانەی وەکوو ئازادی و مافی مرۆڤ و دێموکراسی بە گشتی. سێیەم خودی ئەورووپاییەکان لە بەراورد لەگەڵ رابردوو دا کە بابەتگەلێکی وەک مافی مرۆڤ و دێموکراسی لە ئێران دا زیاتر دەخەنە بەر باس و لە چۆنییەتی سیاسەتەکانیان دا پتر دەیگونجێنن. کەوایە کە ئەو چرایەی کۆمەڵگەی ئێران بە دنیای دەرەوەی داوە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هیوادار کردوە بەوەی کە دەتوانێ گوشارێکی زۆرتر بخاتە سەر رێژیمی ئێران بۆوەی پێش بە سەرەرۆییەکانی بگرێ. ئەوەندەی پێوەندی بە مەسەلەی کوردەوە هەیە لەم چوارچێوەیەدا ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵمان داوە لە بواری دیپلۆماسی دا لەهەر شوێنێک لە پێوەندی و دیدارەکانمان لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی خاوەن بریار لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دا ئەوەیان پێ بسەلمێنین کە ئەگەر ئەوان بە گوێرەی پێویست لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوەکان و ئازادیی رادەربرین و دێموکراسی و... داخوازییەکانی خەڵکی ئێران بە گشتی لەبەر چاو نەگرن و لە بریارەکانی خۆیاندا گرینگی تایبەتیان پێ نەدەن، بە دڵنیایەوە خەڵکیش هەروا بە ئاسانی پێشوازی لە پەیامی ئەوان ناکەن. کۆماری ئیسلامی ئێتر ناتوانێ لە دنیاییەکی بەرینی جیهانیی دا وەک جەزیرەیەکی ئارام بمێنێتەوە و بە ویستی خۆی رەفتار لەگەڵ خەڵکەکەی و دنیای دەرەوەش بکا.

پرسیار: کاک خالید هەر وەک چۆن لە راگەیەندراوی دەفتەری سیاسییشدا بە بۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمەوە باس لە خەباتی نەتەوەکانی ئێران بە دژی کۆماری ئیسلامی دەکرێ پێتوایە ئەم بابەتە دەتوانێ کە لە ئاستێکی بەرین دا چ دەورێکی هەبێ بۆ ئەوەی ئاکامی هاوکێشە سیاسیەکانی ئێران لە کۆتایی قازانجی خەڵکی لێ بکەوێتەوە؟

**خالید عەزیزی:** ئەوەندەی پێوەندی بە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی یەوە هەیە دوو بۆچوون لە گۆڕێ دایە. بۆچوونێکیان ئێران وەک وڵاتێکی واحید دەبینێ و باس لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافی تاک و ژنان و هاووڵاتیبوون و دێموکراسی و... دەکا، ئێمەش هیچ کێشەیەکمان لەگەڵی نیە و پشتگیریشی لێ دەکەین. بەڵام ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران پێمان وایە کە ئێرانی داهاتوو دەبێ وڵاتێکی دێموکراتی و فیدراتیو بێ و کۆبوونەوەی هێز و دەسەڵات لە ناوەند دا نەمێنێتەوە و هەموو پێکهاتەکانی دانیشتووی ئێران بەشداریی لە بەرێوەبردنی داهاتووی وڵات دا بکەن و هەر هێز و لایەنێک و نەتەوەیەک بە پێی وەزن و توانای خۆی جێگەی دیار بێ و ئێرانی داهاتوو لەسەر بنەمای بەشداریی نەتەوەکان دابمەزرێ. خوێندنەوەیەکی نوێ و بەرین کە لە کۆمیتەی ناوەندی دا بوومان کە مادام ئێمە لە خانەی دوویەم دا چالاکی دەکەین دەمانهەوێ باسی جۆراوجۆریی نەتەوەکان و ئێرانێکی فیدراڵ لە داهاتوو دا بکەینە ئەمری واقیع و هەوڵ بدەین بۆوەی گشت لایەنەکان پەسندی بکەن. لەو حاڵەتەدا نەتەوەی فارسیش وەک نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەشێکە لە پێکهاتەی گشتیی ئێرانی فیدراڵ.

هەر بۆیەش پێویستە لە چۆنیەتی بەرخوردو پەیامەکانمان دا روو بە دەرەوە هەوڵ بدەین فارسەکانیش وەک کورد و ئازەری و بەلووچ عەرەب و تورکمان و... بێنینە نێو گۆڕەپانی بەرین و بەربەرەکانی و خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی وەدیهێنانی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵ و ئازاد لە داهاتووی وڵات دا.

تەنانەت باوەڕمان بەوەیە کە فارسەکان دەبێ بەو قەناعەتە بگەن پێویستە وەک پێشەنگی ئەو ویست و داخوازییە گشتییە هەڵسوکەوت بکەن و باوەڕ بەوە بینن کە لە هەر حاڵەتێکی جیا لەوە دا ناکرێ چاوەڕوانی وڵاتێکی دێموکرات و ئازاد بین.

پێم وایە ناتوانین باس لە ئێرانێکی ئازاد و فیدراڵی یەکگرتوو بکەین بەڵام دوو نەتەوەی پڕ حەشیمەت و سەرەکی وەک فارس و ئازەری تێیدا بەشداری ئەکتیڤ و چالاکانەیان نەبێ. رۆژ بەرۆژیش ئاسۆی گونجاوتری ئەم بۆچوونە دیارتر دەبینم. هەر لەم یەک ساڵەی رابردوو دا کەسانێکی وەک مووسەوی و کەڕووبی بە بەراورد لەگەڵ پێشووتر دا لە باس و گوتارەکانی خۆیان بە ئاشکرا ئاوڕدانەوەی بەر چاویان هەیە بە نیسبەت کێشەی نەتەوەکان لە ئێران و باس لە پێویستی چارەسەر کردنی گرفتەکانیان لە رێگەی یاساییەوە دەکەن و ئەوە خاڵێکی موسبەت و سەرنج راکێشە.

**پرسیار: جەنابت وەک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان باس لەوە دەکەی کە هێشتا زوویە بۆ ئەوەی پلاتفۆرمێکی هاوبەش و گشتگیر سەبارەت بە داهاتووی ئێران پێک بێ، بۆ؟**

**خالید عەزیزی:** بە لەبەر چاو گرتنی پێکهاتەی گشتیی ئێران لە بوارە جیاوازەکانی جۆراوجۆریی نەتەوەیی، ئایینی، رێکخراوەیی و سیاسی، من پێم وایە ئەگەرچی یەکساڵی رابردوو دەسپێکێکی باش و لە بار بوو بۆ دەرکەوتنی زیاتری داخوازییە تایبەت و گشتییەکان، بەڵام کافی نیە و هێشتا ئەوەندە لێک نزیک نەبووینەتەوە و لە یەکتر تێنەگەیشتووین کە بکرێ لەسەر چەند و چۆنی پلاتفۆرمێکی هاوبەش و گشتگیر کە رەنگدانەوەی هەموو ئاراستە جۆراوجۆرەکانی وڵات بێ، رێک بکەوین و بە دڵنیایەوە بە هەست کردن بەم گرینگایەتییە دەبێ زیاتر کاری بۆ بکەین و هەوڵی بۆ بدەین. لە یەک ساڵی رابردوودا بەر لە هەموو شتێک فەزاکە زیاتر رەخنە و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بە خۆیەوە بینی، ئینجا پاش ئەم قۆناغە پێویستە بیر لە چارەسەری گونجاو بکرێتەوە و لە ئاکام دا ئەم پلاتفۆرمە گشتگیرە دروست بکرێ. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێی توانا هەم لە دەرەوە و هەم نێوخۆی ئێرانیش دا هەوڵمان داوە زنجیرەیەکی باشی پێوەندییەکان لەگەڵ حیزب و رێکخراوەکانی نەتەوەکانی ئێران و ئێرانی و کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دامەزرێنین و خۆمانیان لێ نزیکتر بکەینەوە. رەنگە بۆچوونەکان لە زۆر بوارەوە جیاوازیشیان هەبێ بەڵام دیسان هەر پێمانوانە بە دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی گونجاو دەکرێ لەسەر خاڵە هاوبەشەکانمان زیاتر رێک بکەوین و بەو پلاتفۆرمە هاوبەش و گشتگیرە بگەین کە دەوری ئاڵترناتیڤێکی ئوسوولیی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی دا هەبێ و لە نێو مەیدانی سیاسی و خەباتی گەلی ئێران دا بە دژی رێژیم بەرزی بکەینەوە. کەوایە پێویستە پردێکی پێوەندیی باشیش لە نێوان نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دا ساز بکەین و هەمووان بەیەکەوە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی هاوبەشمان دا تێبکۆشین.

**پرسیار: لە راگەیەنراوی دەفتەری سیاسی بۆ کۆتایی پلینۆم دا باس لە پێداچوونەوەی سیاسی لە حیزب دا کراوە. مەبەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم باسە چییە و چ بابەتگەلێک لە خۆیدا دەگرێتەوە؟**

**خالید عەزیزی:** مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە ئەگەر تا ئێستا زۆرایەتیی خەباتی جەماوەری لە دژی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دا بووە، لەمەودواوە هەوڵێکی پتر بدرێ بۆوەی چەندوچۆنی خەباتەکە بەرینتر بێتەوەو لایەنەکانی دیکەش زیاتر لە جاران بێنە نێو مەیدانی خەباتەکەوە. لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵ بدەین زیاتر لە پێشوو تەئسیر لە بابەتەکانی نێوخۆ وەربگیرێ و رێبازی گشتیی خەباتەکەمان بەگشتی لێک نزیکبوونەوەیەکی پتر بەخۆیەوە ببینێ. هەروەها پێمانوایە پێویستە لەمەودواوە بە چاوێکی مەسئولانەترەوە سەیری گرفتەکان بکەین و ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و لایەنەکانی دیکەش هەوڵی جیدی بدەین بۆوەی بە گیانێکی گەورەتر و گشتگیرانەتر و نیشتمانیانەتر هەڵوێست بگرین و سیاسەت بکەین و بجووڵێینەوە. بابەتێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەم و لە پلینۆمی کومیتەی ناوەندی دا تەئکیدی زیاتری لەسەر کرایەوە ئەوە بوو کە هەرچی زیاتر لە نێوخۆی وڵات نزیکتر بینەوە و سەرنجێکی قووڵتر لە پێشوو بە بابەت و ئاڵوگۆڕەکانی نێو کۆمەڵگەکەی خۆمان بدەین هەرچی زیاتر خۆمانی لەگەڵ رێکتر و هاوتەریبتر بکەینەوە. پێویستە ئەو سیگناڵ و پەیامانەی کە هەڵقوڵاوی واقعییەتەکانی نێوکۆمەڵگەن پتر دەرک بکەین و لە چەندوچۆنی چالاکی و سیاسەتەکانیشمان دا بە کاریان بێنین و لەبەرچاویان بگرین.




**پرسیار: لە راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی دا باس لە بەکارهێنانی سیستمێکی نوێ بۆ بوژاندنەوەی کارو چالاکیی کۆمیتەکانی تەشکیلاتیی حیزب لە دەرەوە دەکرێ. تکایە لەسەر ئەو بابەتە روونکردنەوەیەکی زیاتر بدەن. ئەو سیستمە نوێیە چییە؟**

**خالید عەزیزی:** هەروەک کە دەزانن ئێمەی کۆمیتەی کارو باری دەرەوەمان هەیە کە بەرپرسایەتییەکەی بە ئەندامێکی دەفتەری سیاسی و چەند کەسێکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبە. هەموو کۆمیتەکانی تەشکیلاتیمان لە دەرەوە پێوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵ ئەم کۆمیتەیەدا هەیەو بە هەماهەنگیەکی باشەوە کار دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەروەک چۆن پلینۆم بریاری دا، هەوڵمان داوە و دەیدەین کە بە بەکارهێنانی سیستمێکی نوێ و گونجاوی تەشکیلاتییەوە چەندوچۆنی چالاکی و کارەکانی کۆمیتەی وڵاتانی دەرەوە بەهێزتر بکەینەوەو بە گیانێکی مەسئولانەترەوە لە پێناوی رەنگدانەوەی داخوازییەکانی خەڵکی خۆمان بەرامبەر بە دنیای دەرەوەدا تێبکۆشن. لە راستیدا دەکرێ بڵێم بەم تێروانینە گونجاوەمانەوە تا رادەیەکی بەرچاو هەوڵە دیپلۆماسییەکانمان پتر لە جاران پەرە پێدەین و لە ئەنترناسیۆناڵ، کۆبوونەوەی حیزبە لیبراڵ و ئازادیخوازەکان، UN،NGO جۆراوجۆرەکان، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، پەرلەمانی ئورووپا و... لە هەمووی ئەوانە و پێوەندی گرتن لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی وڵاتان دا پێشکەوتنی بەرچاومان هەبێ و پێمان وایە دەبێ زیاتریشی بۆ تێبکۆشین.

**پرسیار: کاک خالید جەنابت لە کۆڕێکدا چەند ساڵ لەمەوبەردا لە ستۆکهۆڵم باستان لە گرینگی رەخنەو رەخنەگرتن لە نێو حیزبە سیاسیەکان و حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کرد. ئایا ئێستا ئەم شەفافییەت و فەزای رەخنەگرتنە دەبینن و کارتان بۆی کردووە؟**

**خالید عەزیزی:** ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ رابردوو دا باسی ئەو مەسەلەیە بکەین پێم وایە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوارێکی زیاتری لە نێوخۆی دا پێک هێناوە. ئەو فەرهەنگە لە نێو حیزب دا دروست بووە کە زۆرتر رێز لە بۆچوون و کەسایەتی و گرووپی بگیرێ و فەزای ئەمنییەتی ئەندێشە و رەهەندە جیاوازەکان زۆر زیاتر پارێزراوە. لە راستیدا ئێمە حەز دەکەین نەتەنیا ئەو فەزایە لە نێو حیزب و ئەندامەکانی دا بێ بەڵکوو پێمان خۆشە لە نێو هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکان و خودی نێوکۆمەڵگەشدا ئەم شتە وا جێ بکەوێ کە بە دڵێکی کراوەترەوە قسەکانی یەکتری وەربگرین و لەیەکتر نزیک بینەوە. هەر لەم پێوەندییەدا چەند مانگێکی پێشوو سەبارەت بە وتووێژێکی من و هەڵوێستی حیزب لە زۆر شوێن و لایەنەوە تەنانەت لە نێو خودی حیزبیش دا رەخنەمان لێ گیراو لێکدانەوەی جۆراوجۆر هاتە گۆڕێ و ئێمە نەتەنیا پێی دڵگران نەبووین بەڵکوو بەشتێکی باشمان زانی و هەر ئەوەیکە بەمجۆرە باس و خواسی هەڵایساند نیشانەی گەورەیی و موسبەتبوونی مەسەلەکە بوو. ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە تا کار نەکرێ و بابەتی نوێ لە کایەدا نەبێ رەخنەیەکیش دروست نابێ، کەوایە بە کردەوە و باوەڕیشەوە پێشوازی لە ئەندێشە و بۆچوونە جیاوازەکان و رەخنە لە نێوخۆو دەرەوەی حیزب بە نیسبەتی خۆمانەوە دەکەین. هەروەک باسم کرد ئێمە بەتەواوی وجودەوە باوەڕی کردەوەییمان بەو فەزاو فەرهەنگی رەخنەییە هەیە بەڵام تەنیا ویستی ئێمە کافی نییە و پێویستە حیزب و لایەنەکانی دیکەو کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانیش بە جیددی کاری بۆ بکەن رەنگە ئەوەش لە گەشەی خۆی دا پێویستی بە زەمانێکی زیاتر هەبێ.

**پرسیار: ئایا لە کۆتایی پلینۆمی ئەم دواییانەی حیزبی دیموکرات دا بە بەراورد لەگەڵ چەند مانگی رابردوو ئاڵوگۆڕی و گۆڕانکارییەکی تایبەت وەدی هات کە زەروورەتی وجودیی گرتنی پلینۆمەکە لەم کاتەدا بسەلمێنێ؟**

**خالید عەزیزی:** رەنگە لە ماوەی چەند مانگێکی کەم دا جیاوازی و گۆڕانێکی بەرچاو نەیەتە گۆڕێ بەڵام خودی نەفسی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی ئەم دواییانە و هەوڵ بۆ باشتر کردن و دۆزینەوەی چارەسەرییە گونجاوەکان و ئاڵوگۆڕی بیرورای جۆراوجۆر بە مەبەستی خۆئامادەکردنی دروست بۆ پێشهاتە سیاسییەکانی داهاتوو و... وایکرد کە پێویستی و شەرعییەتی پلینۆمەکە دستەبەر بکاو لە ئاکام دا بەرەوپێشچوون و پێشکەوتنێکی پۆزەتیڤانەی لێ بکەوێتەوە. لەو بابەتە گرینگانەی کە دیدی جیاواز و نوێی ئێمەی بە نیسبەت لێکدانەوەو سیاسەت بە لەبەرچاوگرتنی فەزای سیاسیی یەکساڵی رابردووی ئێرانی نیشان دا ئەوەبوو کە بە گوزارو تێپەرکردنی خوێندنەوە کلێشەیەکانی رابردوو بەرەو قۆناخێکی نوێی دۆزینەوەی چارەسەریی گونجاو و ئوسوولی لە مەیدانی ئەگەرە سیاسییەکانی ئێستاو داهاتووی وڵات هەنگاو هەڵێنینەوە و ئێتر هێندە خۆمان نەبەستینەوە بەوەیکە دروشمی توندوتیژ لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی دا بەکار دێنێ و هەوڵ بدەین بۆوەی تواناکانمان زیاتر لە جاران لە دژی رێژیمی دەسەڵاتداری ئێران وەگەڕ بخەین و بچینە خانەی سیاسەتێکی گونجاوتر و بەرینتری کردەوەیی و گەیشتن بە هاودەنگی و هاوکاریی زیاتر لە نێوخۆمان دا و چارەسەر کردنی خاڵە لاوازەکان و بەهێزکردنی تواناییەکانمان.

**پرسیار: وەک دوایین پرسیار، حەز دەکەم دوایین لێکدانەوەکانی جەنابت سەبارەت بە داهاتووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بزانین.**

**خالید عەزیزی:** راستییەکەی من زیاتر لە هەمیشە گەشبینم بەو داهاتوویە و پێم وایە لە دنیایەکدا کە رۆژبەرۆژ لە تەمەنی حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان کەم دەبێتەوە و دێموکراسی و چەمکە جۆراوجۆرەکانی ئازادی و مافی مرۆڤ بەگشتی تێیدا پەرە دەستێنێ، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی گەشەی شعووری سیاسیی بەرەوپێشی خەڵکی کوردستان و ئێران ئێتر کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بەمجۆرە درێژە بە دەسەڵاتە داخراو و سەرکوتکەرانەکەی بدا و بەردەوام رووی لە کزییە. لەگەڵ ئەوەشدا نارەزایەتیەکی بەرینی خەڵکی و تەنانەت لە نێوخۆی لایەنی دەسەڵاتداریش لە گۆڕێ دایە و مافیای سەرکوتی سپای پاسداران نەتەنیا لە دنیای دەرەوە بەڵکوو لە نێوخۆشدا بێ ئیعتبارە و نفوزی پێشووی نەماوە. بە نیسبەت خەڵکی کوردەوە پێشکەوتنێکی سیاسیی زۆر باش درووست بووە و ئێستا کوردی رۆژهەڵات لەگەڵ هەموو جۆراوجۆرییەکانی زاراوەیی و مەزهەبییەوە کە هەیەتی و لە هەموو کات یەکگرتووترە و زۆر زیاتر لە جاران پەی بە بنەما نەتەوەییەکانی خۆی بردوە و وەک گشتێکی یەکگرتوو هەڵسوکەوت دەکا. وێڕای ئەوانە ئەو تێگەیشتنە سیاسییە لە پێکهاتەی گشتیی ئێران دا پێک هاتوە کە ئێتر نابێ و ناکرێ کە کورد لە مەیدانی سیاسی و چارەنووسیی وڵات دا لەبەرچاو نەگیرێ و بخرێتە پەراوێزەوە و کورد وەک نەتەوەیەکی بەشدار لە پێکهاتەی گشتیی ئێران دا سەنگی خۆی هەیە و پێگەی دیاری هەیە. هەمووی ئەوانە و زۆر بابەتی بەنرخ و جێی سەرنجی دیکەش ئەوەی دەرخستوە کە کورد سەبارەت بە دەستەبەرکردنی مافە رەواکانی خۆی بستێکیش پاشگەز نابێتەوە و لە هەمان کات دا رۆژبەرۆژیش بارودۆخی گشتیی ئێران فەزایەکی لەبارتر و روونتر لەم پێوەندیانەدا بە خۆیەوە دەبینێ. هەر بۆیەش ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان دوا رۆژی خەباتەکە روونتر دەبینین و پێی گەشبینین.

ئامادەکردن بۆ چاپ: وریا رەحمانی

> **ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە تا کار نەکرێ و بابەتی نوێ لە کایەدا نەبێ رەخنەیەکیش دروست نابێ، کەوایە بە کردەوە و باوەڕیشەوە پێشوازی لە ئەندێشە و بۆچوونە جیاوازەکان و رەخنە لە نێوخۆو دەرەوەی حیزب بە نیسبەتی خۆمانەوە دەکەین**

# وردەکارییەکانی بڕیاری دادگای لاهە لەبارەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆوە

د. ئاسۆ حەسەن زادە

ڕۆژی ٢٢ی ژوئیەی ٢٠١٠، دیوانی نێونەتەوەیی عەدل لە بڕیارێکی مێژوویی‌دا ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی سەربەخۆیی لەلایەن کۆسۆڤۆوەی بە تەبا لەگەڵ مافی نێونەتەوەیی لە قەڵەم دا و بەم چەشنە ڕێگای قبووڵ کرانی یەکجاریی گەلی کۆسۆڤۆ لە کۆنسێرتی نەتەوە سەربەستەکانی جیهانی‌دا خۆشتر کرد.

**"دەڤەری ڕەشۆڵان"**

کۆسۆڤۆ کە لە ڕیشەدا بە مانای دەڤەری ڕەشۆڵە (سێروو) یە، ناوی ئەو دەشتە پان و بەرینە بووە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کۆسۆڤۆی ئێستا. ئەوە کە کۆسۆڤۆ تا ڕادەی قەڵاچۆی بەکۆمەڵ و ناکۆکیی نێونەتەوەیی بۆتە سووژەی کێشەی نێوان دوو ناسیۆنالیزمی سێربەکان و ئالبانی زمانەکان دەگەڕێتەوە سەر مێژووی ئاڵۆزی ئەم سەرزەمینە. یەکەم جار لە ساڵی ١١٧٠ ی زایینی دا سێربەکان کۆسۆڤۆ لە ئیمپراتۆری بیزانس دەستێنن. لە ١٤٥٩ ئیمپراتۆریی عوسمانی کۆسۆڤۆ داگیر دەکا، بەڵام لە ١٩١٣ بەپێی پەیمانی بوخارست کۆسۆڤۆ جارێکی دیکە دەکەوێتەوە دەست سێربەکان. پاش پێکهاتنی فیدراسیۆنی سۆسیالیستیی یووگۆسلاڤی، لە ١٩٧٤ کۆسۆڤۆ بە ڕەسمی دەبێ بە یەکێک لە هەرێمە فیدراڵەکانی ئەو وڵاتە. بەڵام لە ١٩٨٩ سلۆبۆدان میلۆزێڤیچ ستاتووی کۆسۆڤۆ وەک کۆمارێکی یەکسان لەگەڵ کۆمارەکانی دیکەی یووگۆسلاڤی هەڵدەوەشێنێتەوە، خودموختارییەکی بەرتەسکی لە شوێن دادەنێ و سیاسەتی دژایەتی لەگەڵ ئالبانی زمانەکانی کۆسۆڤۆ دەکاتە هەوێنی خرۆشاندنی هەستی ناسیۆنالیستیی توندڕەوانەی سێربەکان. شتێک کە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئالبانی زمانەکان لە هەموو مەیدانەکانی سیاسی، فەرهەنگی، مەدەنی و ئیداری دا خۆڕاگرییەکی ڕێکخراو و قایم دەست پێ بکەن.

کاتێک کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە چارەسەری ئاکامەکانی شەڕی یووگۆسلاڤی‌دا هیچ ئاوڕێک لە مەسەلەی کۆسۆڤۆ ناداتەوە، "سووپای ڕزگاریدەری کۆسۆڤۆ" خەباتی چەکداری دەگرێتە پێش. مەترسیی تەقینەوە و پەرەچوونی زیاتری کێشەی کۆسۆڤۆ ئورووپاییەکان و ئەمریکا دێنێتە سەر ئەوە کە هەردووک لایەنی کێشە بۆ وتوویژ بانگ بکەنە دارستانی "ڕامبوویە"ی فەڕانسە. سەرەڕای دارێژرانی ڕێککەوتنی ڕامبوویە بۆ دانەوەی خودموختارییەکی واقعی بە کۆسۆڤۆ لە چوارچێوەی ئەوەدا کە هێشتا لە یووگۆسلاڤی مابوو (سێربستان + مۆنتێنێگرۆ)، دەوڵەتی بێلگراد مل بۆ داوای خەڵکی کۆسۆڤۆ و چاوەڕوانییەکانی ڕۆژئاوا ڕاناکێشێ. هەربۆیە بەهاری ١٩٩٩، پاش کەمپەینی بەربڵاوی قەڵاچۆی خەڵکی کۆسۆڤۆ لەلایەن سێربەکانەوە، ڕێکخراوی ناتۆ ( لە بێ‌توانایی شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا بەهۆی هەڕەشەی ڤیتۆی ڕووسیە)، دەخالەتێکی بەربڵاو و کاریگەری نیزامی لەو وڵاتەدا بەڕێوە دەبا و بەم چەشنە کۆسۆڤۆ لەژێر چەپۆکی بێلگراد دێتە دەر.

**ئیدارەی نێونەتەوەیی بۆ دابین کردنی خودموختاریی گەلێک**

بڕیارنامەی (١٩٩٩) ١٢٤٤ی شووڕای ئەمنییەت بەشێوەیەکی بێوێنە ئیدارەیەکی بەربڵاوی نێونەتەوەیی بە بەشداریی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتیی ئورووپا، ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئورووپا و ڕێکخراوی پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور و بە مەبەستی بنیاتنانەوەی حکوومەت لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی و یاسایی، نیزامی و ئەمنییەتی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و بە گشتی هەرچی بوارێک کە بۆ بنیاتنانەوە و ئیدارەی وڵاتێک پێویستە لە کۆسۆڤۆ دادەمەزرێنێ. ئامانجی سەرەکیی ئەو بەڕێوەبەرایەتی‌یە نێونەتەوەیی‌یە بریتی‌یە لە یارمەتیدانی گەلی کۆسۆڤۆ بۆ دامەزراندنی نیهادەکانی خودموختاری‌یەکی واقعی هەتا ئەو کاتەی ستاتووی یەکجاریی کۆسۆڤۆ لە چوارچێوەی چارەسەرێکی سیاسی‌دا ڕوون دەبێتەوە (پاراگرافی ١١ی بڕیارنامەی ١٢٤٤). بۆ ئەمەش نوێنەری بەرزی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (کە لە سەرەتادا بێرنارد کووشنێر بۆ ئەو پۆستە دیاری دەکرێ)، ڕادەسپێردرێ کە قۆناغ بە قۆناغ و هەتا دێ زیاتر بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی کۆسۆڤۆ بە خۆیان و نیهادەکانیان بسپێرێ و ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا پێی وابوو کە بڕیار و هەڵسوکەوتی ئەو نیهادانە بەپێچەوانەی بڕیارنامەکەی شووڕای ئەمنییەت و ئەو ڕێوشوێنە نیهادی و دەستوورییانەیە کە ئیدارەی نێونەتەوەیی بۆ بەڕێوەبردنی کۆسۆڤۆ دەری کردووە (بەتایبەت پەسندکراوی ژمارە ٩ ی ٢٠٠١)، هەقی ڤیتۆ و هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیار و پەسندکراوانەی هەبێ.

**لەسەر شێپانەی سەربەخۆیی**

لەگەڵ ئەوەدا کە بەپێی پەسندکراوە نێونەتەوەیی‌یەکانی پێوەندیدار بە کۆسۆڤۆ، لە ڕووی حقووقییەوە کۆسۆڤۆ هێشتا بە ڕوونی لە چوارچێوەی سێربستان نەچووبووە دەر، بەڵام هەم پێشڕەوانی گەلی کۆسۆڤۆ ژیرانە و یەکگرتووانە توانا و ئارەزووی خۆیان بۆ خۆبەڕێوەبردنی سەربەستانە بە کۆمەڵگای جیهانی نیشان دا و هەم کۆمەڵێک بڕیار و ئاسانکاریی ئیدارەی نێونەتەوەیی (بۆ نموونە دروست کردنی فەزایەکی سیاسیی خۆجێیی پڕ لە هێما و مەرامی سەروەرانە، لابردنی یاساکانی پێشووی بێلگراد و چاکسازیی یاسایی، گۆڕینی دراو، دروست کردنی ناسنامە، دانانی سیستەمی گومرگی و بەستنەوەی ڕاستەوخۆی نەقلی و پۆست و تەلەفونی بە دەرەوە، دامەزرانی پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێکخراوە ئورووپایی‌یەکان، ڕێگەدان بە کرانەوە دەفتەری نوێنەرایەتیی دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان، ... هتد) بوونە هۆی وەگەڕ کەوتنی ڕەوتێکی بێگەڕانەوەی هەنگاونانی گەلی کۆسۆڤۆ بەرەو سەربەخۆیی.

لە نوامبری ٢٠٠٥، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، "مارتی ئاهتیساری" سەرکۆماری پێشووی فینلاند ڕادەسپێرێ هەتا بە هاوبەشی لەگەڵ گرووپی وڵاتانی نێوبژیوان (کە بۆ قۆناغەکانی پێشووتری قەیرانی یووگۆسلاڤی و لە دیارترین دەوڵەتانی ئورووپا + ڕووسیە پێک هاتبوو) مەسەلەی ستاتووی یەکجاریی کۆسۆڤۆ ڕوون بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش ئاهتیساری چەندین دەور وتوویژ لەنێوان نوێنەرانی کۆسۆڤۆ و سێربستان بە بەشداریی لایەنە بیانییەکانی دیکە بەڕێوە دەبا، بەڵام ئەو دانیشتنانە بە هیچ ئاکامێک ناگەن. دواتر ئاهتیساری لە مەتنێکدا لەژێر ناوی "پێشنیاری گشتی" ئاکامگیرییەکانی خۆی لەو پرۆسەیە دەخاتەڕوو و وێڕای دانانی بە بونبەستی یەکجاریی دانیشتنەکان، ڕادەگەیەنێ کە تەنیا ڕێگاچارەی پایەدار بۆ کۆسۆڤۆ سەربەخۆیی‌یە. سەربەخۆیی‌یەک کە بەپێی پێشنیاری ناوبراو لەژێر چاوەدێریی نێونەتەوەیی‌دا وەدی دێ، بەو مانایە کە کۆمسیۆنێکی نێونەتەوەیی بۆ نووسینەوەی گەڵاڵەی دەستوورێک کە دەبێ دواتر لەلایەن پارلمانی کۆسۆڤۆوە بەپەسند بگا پێک دێ، و نوێنەرێکی مەدەنیی نێونەتەوەیی بە هاوکاریی گرووپێکی ڕێنمایی نێودەوڵەتیی پێکهاتوو لە دەوڵەتە دەخیلەکان چاوەدێریی جێبەجێبوونی مەرجەکان و تێپەڕاندنی قۆناغەکانی گەیشتنی کۆسۆڤۆ بە سەربەخۆیی دەکەن.

لەگەڵ ئەوەدا کە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتی ٢٦ ی مارسی ٢٠٠٧ ی خۆی‌دا بۆ شووڕای ئەمنییەت پشتیوانی لە گەڵاڵەکەی ئاهتیساری دەکا، بەڵام شووڕای ئەمنییەتیش بە هیچ ڕێککەوتنێک لە بارەی دوارۆژی کۆسۆڤۆ ناگا و تەنیا بڕیاری ناردنی مەئموورییەتێکی بەدواداچوونی پێ پەسند دەکرێ.



ئاکامگیرییەکانی ئاهتیساری متمانەی ئێلیتی گەلی کۆسۆڤۆ بە خۆیان ئەویش لە موحیتێکی نێونەتەوەیی ئەوەندە هانابەخش‌دا زیاتر دەکا و سەرەنجام لە ١٧ ی فێوریەی ٢٠٠٨ کۆسۆڤۆ یەکلایەنە سەربەخۆیی و جیابوونەوەی خۆی لە سێربستان ڕادەگەیەنێ. هەنگاوێک کە شەپۆلێکی خێرا و کەموێنە لە پشتیوانیی نێونەتەوەیی وەڕێ دەخا چونکە ٦٩ دەوڵەتی جیهان و لەنێوان واندا زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەوڵەتی تازەی کۆسۆڤۆ بە ڕەسمی دەناسن.

**دادگای لاهە لە بەرامبەر دیلەمایەکی سەخت‌دا**

دژکردەوەی سێربستان و ڕوسیە لە بەرامبەر هەنگاونانی شێلگیرانەی کۆسۆڤۆ بەرەو سەربەخۆیی ئەوانی هان‌دا هەتا لە ڕێگای کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (بڕیارنامەی ٦٣.٣ی ٨ ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٨) کێشەکە بەرنە پێش دادگای لاهە. بەپێی ماددەی ٦٥ ی پێڕەوی دیوانی نێونەتەوەیی عەدل، ئۆرگانە سیاسییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (ئەنجومەنی ئاسایش و کۆڕی گشتی) هەروەها هێندێک نیهادی دیکەی ئەو ڕێکخراوە دەتوانن لە بواری کاروباری خۆیاندا پرسیار لە دادگای لاهە بکەن و ئەگەر دادگای لاهە پێی وابوو کە پرسیارەکە پرسیارێکی حقووقییە و دژایەتیی لەگەڵ ڕیسالەتی قەزاییی دیوان‌دا نیە، دەتوانێ بۆچوونێکی ڕاوێژکاری (نەزەری مەشوەرەتی) بداتەوە بە ئۆرگانی ناوبراو.

بە قبووڵ کردنی سەڵاحییەتی خۆی بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارەی کۆڕی گشتی کە "ئایا ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی سەربەخۆیی لەلایەن کۆسۆڤۆوە لەگەڵ مافی نێونەتەوەیی تەبایە؟"، دادگای لاهە خۆی بەرەوڕووی سەختترین دیلەمای مێژووی کاری خۆی کردەوە. مەسەلەکە بە ڕادەیەک هەستیار و نادیار بوو کە لە تەواوی ئەو دوو ساڵەدا کە دادگا خەریکی ڕاگەیشتن بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بوو هیچ کەسی جیددی نەیدەتوانی لەسەر ئاکامی پرۆسەکە گرەو بکا و لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیارەکەشدا زوومی تەواوی میدیا و دەبیرخانە ڕەسمییەکانی جیهان لە لاهە چەقیبوون.

سەرچاوەی سەختیی دیلەمایەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە بەپێی دۆخی پێشووی مافی نێونەتەوەیی لەپێوەندی لەگەڵ هەقی جیابوونەوە و سەربەخۆیی‌دا، ئەو مافە تەنیا بۆ موستەعمەرەکان و سەرزەمینەکانی ژێر ئیشغالی بێگانە بە ڕەسمی ناسرابوو. ئەگەر گەلانێکیش لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە بە سەربەخۆیی گەیشتبن، ئەوا یان بە دوای گۆڕانی واقعی مەیدانی و بەرەسمی ناسینی نێودەوڵەتی‌دا بوو یان لە دەرفەتی ڕەوتێکی هەمەلایەنەی لەبەریەکهەڵوەشان‌دا (وەک لە یووگۆسلاڤی و سۆڤییەت). لە یووگۆسلاڤییش تەنیا سەربەخۆییی ئەو سەرزەمینانە قبووڵ کرابوو کە لە چوارچێوەی قەوارەی پێشوودا خاوەنی هەرێمی فیدراڵ بوون و هەرێمە خودموختارەکان کە کۆسۆڤۆ یەک لەوان بوو لەو مافە بێبەش کرابوون. کەوابوو بەپێی دۆخی پێشووی داچۆڕاو لە هەڵوێستی نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکان بەتایبەتی کۆمیسیۆنی داوەری بۆ ئاشتی لە یووگۆسلاڤی (کۆمیسیۆنی "بەدانتێر") گەلی کۆسۆڤۆ لە مافەکانی کەمایەتی زیاتری وەدەست نەدێنا.

ئەگەر لەلایەک تەئییدی سەربەخۆییی کۆسۆڤۆ لەلایەن دادگای لاهەوە ئەو ڕیسکەی هەبوو کە بڕیارێکی لەم چەشنە بە مانای ڕێگەدان بە هەموو گەلانی بێ دەوڵەتی جیهان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و بە قەولی باو کردنەوەی "جەعبەی پاندۆر" لێک بدرێتەوە، لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەو گەشەسەندنانەی چەند ساڵی ڕابردوو کە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆیان کردبوو بە ئەمری واقیع بوونە هۆی ئەوە کە دادگای لاهە – تەنانەت ئەگەر بە قیمەتی دابەشبوونی قازییەکانی خۆی و دەوڵەتانی جیهانیش لەسەر ئەو مەسەلەیە بێ- لەو فورسەتە کەڵک وەرگرێ هەتا ڕۆڵی خۆی لە جیهانی تازەدا و لەپێوەندی لەگەڵ شێوەی جێبەجێ کردنی کۆمەڵێک نۆڕمی نێونەتەوەیی‌دا پێناسە بکاتەوە. بۆ ئەوەش کە وەڵامێکی ڕوون بەڵام حەکیمانەی بە پرسیارەکەی کۆڕی گشتی دابێتەوە، دادگای لاهە بە دەقی ئەو پرسیارەوە چەسپا کە لێی کرابوو. بە بڕوای دادگا لەو کەیسەدا نە لێی پرسرابوو و نە پێویستیش بوو بڵێ داخوا کۆسۆڤۆ یا گەلانی دیکەی بێ دەوڵەت هەقی جیابوونەوەیان هەیە یا نا. هەر بەو چەشنە دادگای لاهە خۆی لەوەش بوارد کە سەبارەت بەوە کە داخوا کۆسۆڤۆ بووە بە دەوڵەت یا نا و ئەوە کە ئایا بەڕەسمی ناسینەکان چ ئاکامێکیان هەیە قسە بکا (بڕگەی ٥١ و ٥٦ ی بۆچوونی ڕاوێژکاری).

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە کە ڕاگەیاندنی سەربەخۆییی کۆسۆڤۆ بەپێچەوانەی مافی نێونەتەوەیی‌یە یا نا، دادگا ئەو ڕاگەیاندنەی لەگەڵ مافی نێونەتەوەیی گشتی و بڕیارنامەی ١٢٤٤ پێکەوە گرت. لەپێوەندی لەگەڵ مافی نێونەتەوەیی گشتی‌دا پێش هەموو شتێک دادگا ڕایگەیاند کە هیچ ئەسڵێکی مافی نێونەتەوەیی، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی وەک خۆی قەدەغە ناکا (بڕگەی ٧٩). دەوڵەتی سێربستان و بەشێکی بەرچاو لە دەوڵەتانی دیکە لە بەردەم دادگا گوتبوویان کە ئەو کارەی کۆسۆڤۆ بەپێچەوانەی ئەسڵی تەواوەتیی ئەرزیی دەوڵەتانە. دادگای لاهە لە وەڵامدا ڕایگەیاند کە ئەو پارێزگارییە کە مافی نێونەتەوەیی لە تەواوەتیی ئەرزیی دەوڵەتانی دەکا تەنیا لایەنی نێودەوڵەتیی هەیە نەک لایەنی نێوخۆیی (برگەی٨٠). بەو مانایە کە مافی نێونەتەوەیی لە دەوڵەتان قەدەغە دەکا کە تەواوەتیی ئەرزیی دەوڵەتانی دیکە لەژێر پێ نێن، بەڵام کاری بەوە نیە کە بەشێک لە خەڵکی وڵات ئەو ئەسڵە ڕەعایەت دەکەن یا نا. ئەگەریش لە ڕابردوودا هەڵکەوتبێ کە دادگای لاهە یا نیهادە نێونەتەوەیی‌یەکانی دیکە ڕێزگرتن لە تەواوەتیی ئەرزیی دەوڵەتێکی دیاریکراویان وەبیر ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتی‌یەکانی نێوخۆی وڵاتێک هێنابێتەوە ئەوە بە پشت بەستن بە بنەمایەکی ڕوونی نێونەتەوەیی و بەتایبەتی لەو حاڵەتانەدا بووە کە توند و تیژی و پێشێلکردنی قانوونی بەشەردۆستییش هەبووە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر تەبایی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لەگەڵ بڕیارنامەی ١٢٤٤ ی شووڕای ئەمنییەت، دیوانی نێونەتەوەیی عەدل پێی وایە کە بە چەندین هۆ ئەو ڕاگەیاندنە دژایەتیی لەگەڵ ئەو بڕیارنامەیەش نیە. یەکەم، ئەگەرچی پارلمانی کۆسۆڤۆ بۆخۆی نیهادێکی کاتی لە چوارچێوەی ئەو ئیدارە نێونەتەوەیی‌یە کاتی‌یەدایە کە بۆ دابین کردنی خودموختاریی کۆسۆڤۆ دانراوە، بەڵام ڕاگەیاندنی کۆسۆڤۆ بە ناوی ئەو پارلمانەوە دەرنەچووە (برگەی ١٠٩). دووهەم، وەک پێشتر گوترا نوێنەری بەرزی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەقی ڤیتۆ کردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانەی نیهادەکانی کۆسۆڤۆی هەبوو کە بەپێچەوانەی پەسندکراوە نێونەتەوەیی‌یەکانن، کەچی لەو کەیسەدا ناوبراو لەو هەقی ڤیتۆیە کەڵکی وەرنەگرت (برگەی ١٠٨). سێیهەم، و لە هەمووی گرینگتر، بەپێچەوانەی زۆر کەیسی دیکەی وەک قیبرس کە لەواندا شووڕای ئەمنییەت بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە چارەسەری کۆتایی دەبێ لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی هاوبەش بەبێ جیابوونەوەی هیچ لایەنێک بێ، لە بڕیارنامەی ١٢٤٤ دا شووڕای ئەمنییەت ئاقارێکی ئەوتۆی لەپێوەندی لەگەڵ ستاتووی یەکجاریی کۆسۆڤۆدا دەستنیشان نەکردووە (برگەی ١٤١).

**کۆماری ئیسلامی لە کەیسی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆدا**

لە کەیسی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆدا ٢٩ دەوڵەتی جیهان و یەک لەوان کۆماری ئیسلامیی ئێران ( کە لە کاتی شەڕی بۆسنی‌دا وەک دەمڕاست و داکۆکیکاری بێئەملاو ئەولای موسڵمانەکانی باڵکان دەجووڵایەوە) لە بەردەم دادگای لاهەدا داکۆکییان لە ڕوانینەکانی خۆیان لەپێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا کرد. دەکرێ هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی کە بە ڕێکەوتی ١٧ ی ئاوریلی ٢٠١٠ لە دۆکومێنتەکانی دادگای لاهەدا تۆمار کراوە لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە:

١. ئەسڵی تەواوەتیی ئەرزی بایەخی "یووس کۆگێنس"ی هەیە، واتە لە سەرەوەی هەموو نۆڕمەکانی دیکەی مافی نێونەتەوەیی‌یە. (دادگای لاهە ئەو بۆچوونەی ڕەد کردۆتەوە، چونکە دادگا لە بڕیارەکەیدا تەواوەتیی ئەرزی تەنیا وەک ئەسڵێکی گرینگ ناو دەبا).

٢. تەواوەتیی ئەرزی تەنیا لە پێوەندی‌یەکانی نێوان دەوڵەتان‌دا ئیعتباری نییە، بەڵکوو لە نێوخۆی هەمان دەوڵەتیشدا لەلایەن مافی نێونەتەوەیی‌یەوە پارێزراوە. (وەک

درێژە ل ٧

**هەموو ئەو گەشەسەندنانەی چەند ساڵی ڕابردوو کە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆیان کردبوو بە ئەمری واقیع بوونە هۆی ئەوە کە دادگای لاهە - تەنانەت ئەگەر بە قیمەتی دابەشبوونی قازییەکانی خۆی و دەوڵەتانی جیهانیش لەسەر ئەو مەسەلەیە بێ- لەو فورسەتە کەڵک وەرگرێ هەتا ڕۆڵی خۆی لە جیهانی تازەدا و لە پێوەندی لەگەڵ شێوەی جێبەجێ کردنی کۆمەڵێک نۆڕمی نێونەتەوەیی‌دا پێناسە بکاتەوە**

کوێستان فتوحی

# ٢٢ ساڵەی فتوای خومەینی و خوڵقاندنی جینایەتێک

بیست و دوو ساڵ لەمەوبەر لە ٦ی گەلاوێژی ١٣٦٧ی هەتاویدا خومەینی رێبەر و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی، فەرمانی قەتڵی هەزاران کەس لە زیندانیانی سیاسیی ئێرانی دەرکرد و فتوای دەرکردکە «ئەو کەسانەی کە لە زیندانەکاندان و لەسەر بیر وباوەری خۆیان سوورن کافرن و دەبێ لە ناو بچن». ئەوان بە تاوانی ئەوەی سیاسەت و بیروباوەری خومەینی و رێژیمەکەیان قبووڵ نەبوو کەوتنە بەر رق و قینی جەللادەکانی خومەینی و لە بە ناو دادگاییەکی چەند چرکەییدا بە هەزاران ئینسانی ئازادیخواز و جیابیر گیانیان لێ سەندرا. فەرمانی کوشتاری بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکان بە رواڵەت بە بەهانەی هێرشی رێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران کە لە خاکی عێراقەوە کرابووە سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، دەرکرا.

زۆربەی ئەو زیندانییانە لە سەرەتاکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوییەوە و تەنیا بە تاوانی بەشداری لە خۆپیشاندان یان بەشداری لە کۆبوونەوەی سیاسی یان نووسینی دروشمی سیاسێ لە سەردیوار، زیندانی کرابوون. تەنانەت هێندێکیان ماوەی زیندانییەکەشیان تەواو ببوو. ئەوان نەیاندەزانی مەرگ یان درێژەی ژیانیان پێوەندی بەو وڵامەوە دەبێ کە دەیدەنەوە بە پرسیاری هەیئەتی هەڵبژێردراوی خومەینی (هەیئەتی مەرگ)!.

**هۆکاری ئەو کوشتارە :**

کوشتارەکە بە فتوای خومەینی لە ٦ی گەلاوێژەوە لە زیندانی ئێوین را دەستی پێکرد. دیارە هێرشی رێکخراوی موجاهیدین لە عێراقەوە بۆ سەر هێزەکانی رێژیم لە ٣ی گەلاوێژ رووی دا. زۆر لە سەرانی رێژیم و هێندێک کەسیش لە دەرەوەی ئەو رێژیمە هۆکاری ئەو کوشتارە سامناکە دەگەڕێننەوە بۆ عەمەلیاتی مجاهیدین بە ناوی «فروغ جاودان» کە بە دروشمی «امروز مهران فردا تهران» دەستی پێکرد. بەڵام بە بروای زۆر لە چاوەدێرانی سیاسیی ئێران، هەم لە روانگەی مێژووییەوە ئەم بۆچوونە نادروستە هەم لە روانگەی ئەخلاقی و مافی مرۆڤەوە نارەوایە کە تاوانەکە بخرێتە سەر رووداني هێرشی موجاهیدین بۆ سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی.

بە پێی نێوەرۆکی نووسراوە و بیرەوەریی زۆر لە زیندانیانی پێشوو کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە مەرگ رزگاریان بووە، زۆر زووتر لەو رێکەوتە کوشتار و فشار دژی زیندانییە سیاسییەکان دەستی پێ کردبوو. لە راستیدا بە پێی هێندێک بەڵگە و دیکیۆمێنت بە هۆی فشاری ئایەتوڵڵا مونتەزیری لە ساڵەکانی ٦٤ و٦٥دا، ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیانی سیاسی ئازاد دەبن، بەڵام دیسانیش بە هەزاران زیندانیی سیاسیی دیکە لە زیندان‌دا دەمێننەوە. خومەینی لە موخالیفەتی مونتەزیری لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی لەناوبردنی زیندانییانی سیاسیدا دڵگران دەبێ و هەوڵ دەدا دەستی مونتەزیری کە موخالیفی ئەم شێوە هەڵسوکەوتە لە گەڵ زیندانییە سیاسییەکانە کورت بکاتەوە. دوای ئەوە خومەینی کە هەر لە سەرەتاوە بۆ لەناو بردنی موخالیفانی خۆی لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە شەرمی نەدەکرد، دەکەوێتە بیری چارەیەکی دیکە تا ئامانجەکەی کە سرینەوەی تەواوی موخالیفانی نیزامەکەی بوو، وەدی بێنێ.

لە بەهاری ١٣٦٧ەوە چەندین جار لێکۆڵینەوە و لێک جیاکردنەوە و راگواستنی زیندانییەکان و راگرتنی چاوپێکەوتنی کەسوکاری زیندانیانی سیاسی روو دەدا. کاتێک کە خومەینی لە ٢٥ی پووشپەری ٦٨ بڕیارنامەی ئاگر بەس لەگەڵ عێراق قبووڵ دەکا و خۆی گوتەنی جامی ژار دەنۆشێ،ئەم بڕیارە لە روانگەی لایەنگرانییەوە، بە پاشەکشەیەکی گەورە دەژمێردرێ. ئەوان پێیان وابوو موخالیفانی کۆماری ئیسلامی بە ئاسانی دەتوانن بە قازانجی خۆیان لەم رووداوە کەڵک وەربگرن. بۆیە بە خەیاڵی خۆیان بەم شێوەیە ویستیان بۆ هەمیشە حیسابی خۆیان لەگەڵ نەیاران تەواو بکەن. هەر لەو سەروبەندەشدا بوو رێکخراوی موجاهدینی گەلی ئێران لە خاکی عێراقەوە هێرشی کردە سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەم هێرشە کرا بە بەهانەیەک بۆ ئەوەی ئەو کوشتارە سامناکە کە زۆر پێشترلە لایەن خومەینییەوە، بەرنامەی بۆ دارێژرابوو و هەموو شتێک بۆ بەڕێوە بردنی ئامادە کرابوو، بەرێوە بەرن.!

زیندانییەکانیان قەڵاچۆ کرد. لە سەرەوە دەستوور درابوو کە وریا بن خوێن نەرژێتە سەر زەوی!! هەر بۆیە ئێعدامە بەکۆمەڵەکان لە رێگای لەداردان (هەڵواسین)ەوە بەڕیوە چوو. دەستە دەستە لاوان‌و جیابیرانیان لە بەندەکانیان دێنایەدەرێ‌و لە دادگاییەکی سێ چوار خولەکی‌دا مەحکووم بە مەرگ دەکران‌و چەند خولەکێک دوایی حوکمەکە بەڕێوەدەچوو. ئەو کۆمەڵ کۆمەڵ ئێعدامییانە جگە لە چەند کەسێکیان کە پێشتر حوکمی ئێعدامیان هەبوو، زۆربەیان ماوەی مەحکوومەتەکەیان تێپەڕ کردبوو، قەرار بوو هێندێکیشیان هەر ئەو رۆژانە ئازاد بکرێن. بەڵێ رێژیمی جەهل‌و جینایەت بۆ چاوترسێن کردنی موخالیفانی خۆی هەزاران کەسی لە ژن و پیاوی لاوی ئێرانی ئێعدام کردن بۆ ئەوەی دەنگی ئازادیخوازی‌و جیابیری بێدەنگ بکاو ببێتە دەرسی عیبرەت بۆ خەڵکانی‌تریش. پاشان بە شەو بە کۆمەڵ تەرمەکانیان لە گۆڕە بێ‌ناوونیشانەکاندا دەخستنە بن گڵەوە بۆ ئەوەی ئاسەواری ئەو جینایەتە سامناکە بشاردرێتەوە.



**بنەماڵەی قوربانیان و کۆمەڵگە چون لەم جینایەتە ئاگادار بوونەوە؟**

هەر لە بەهاری ١٣٦٧ەوە چاوپێکەتنی بنەماڵەکان لەگەڵ رۆڵەکانیان راگیرابوو. لە مانگی خەرمانانداا بنەماڵەی زیندانییەکان دەنگۆی زۆریان لە بارەی کارەساتێکەوە بیستبوو، ئەوان نەیان دەزانی چ بکەن، باوەڕ بکەن یان نا؟ لە ناباوەڕی و دڵە خورپە و نیگەرانی‌دا مابوونەوە، ئاخر زۆربەیان هاوسەر و رۆڵەکانیان پێشتر محاکمە کرابوون و هۆکارێک نەبوو بۆ ئەوەی کە ئەوانە ئێعدام بکرێن، بۆیان روون نەبوو، بەتایبەت کە نە تەرمەکانیان دەدراوە بە بنەماڵە، نە شوێنی ناشتنیان دیار بوو، پاشان هەر لە ئاخری مانگی خەزەڵوەردا چاوپێکەوتنی بنەماڵەی زیندانیان کە لە بەهارەوە راوەستابوو دەستی پێ کردەوە. هەر بنەماڵەیەک کە دەچوو بۆ چاوپێکەوتن و ئیتر زیندانییەکەیان نەدەدیتەوە، بۆی دەردەکەوت کە رۆڵەکەی نەماوە. بەتایبەت کە بنەماڵەکان سوور بوون لەسەر سۆراغێکی رۆڵەکانیان رێژیم رێگەیەکی دیکەی نەبوو بۆئەوەی لێی راکات و ناچار بوو نیشانەیەک بداتەوە پێیان، ئەوە بوو هێندێکیان ساکێک کە چەند وردە کەلوپەلێکی تێدا بوو پێیان دەدرایەوە. بەم جۆرە بوو دەرکەوت چ کارەساتێک رووی داوە. بەشێکی زۆر لەو بنەماڵانە پێکەوە کەوتنە خۆ بۆدیتنەوەی شوێنی ناشتنەکەیان. گۆرستانی خاوەران و هەڵدانەوەی گۆرەکان لەلایەن سەگە برسییەکان و شتنەوەی زەوی بە ئاوی باران و دەرکەوتنی ئێسک و پرووسکی ئەو ئێعدامکراوانە، رووداو وبەسەرهاتێکی زۆر تاڵ و بەئازارە.....

**چەند کەس ئێعدام کران؟**

تا ئێستاش ژمارەی ئەو ئێعدامکراوانە روون نییە. بەڵام بۆ گەورەیی کارەساتەکە وا باشە دێرێک لە قسەکانی مونتەزیری کە بۆ خومەینی نووسیوە وەبیربێنینەوە: لە ٩ی گەلاوێژدا کە ٤ رۆژ دوای فتواکەی خومەینی و ٣ رۆژ دوای دەستپێکردنی ئێعدامەکانە مونتەزیری بۆ خومەینیی نووسیوە: «بەهەر حاڵ ئێعدامی چەند هەزار کەس لە ماوەی چەند رۆژدا کاردانەوەیەکی باشی نابێ و بەدوور لە هەڵە نابێ». ئەو دێرە ئەوە نیشان دەدا کە مونتەزیری هەم ئاگای لە حوکمەکەی خومەینی هەیە، هەمیش لە گەورەیی کارەساتەکە. بۆیە مونتەزیری دەیەوێ خومەینی لەو هەڵەیە ئاگادار بکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەی رێکخراوی مجاهیدین باس لە ٣٠٠٠٠ ئێعدام لە کوشتاری ساڵی ١٣٦٧ دەکا، بەڵام رەنگە ئەمەیان دوور لە راستی بێ، چونکە تا ئێستا زیاتر لە ٤٠٠٠ ناوی ئێعدامکراوی ئەو ساڵە لە دەرەوەی وڵات لە لایەن رێکخراو و کەسایەتییەکانی لایەنگرانی مافی مرۆڤەوە بڵاو بۆتەوە. ئەو رێژەیە لەگەڵ قسەکانی مونتەزیرییش دێتەوە ولەراستی نزیکترە. نامەکانی مونتەزیری کە لە مانگی گەلاوێژی ٦٧دا و لە هەلومەرجێکی خەفەقاناویدا نووسرابوون، بە هۆی کەسانێکی خەمخۆرەوە لە بەهاری ١٣٦٨دا گەیشتۆتە دەرەوەی وڵات و بیروڕای گشتی لێ ئاگادار کراوەتەوە. هەر لە بەهاری ئەو ساڵەدا لەلایەن خومەینییەوە مونتەزیری لە جێنشینی ناوبراو وەلادەنرێ و بە یەکجاری هەموو پۆست و دەسەڵاتێکی لێ دەسەنرێتەوە.

**بنەماڵەی قوربانییانی ئەو کارەساتە و خواستەکانیان**

١٠ ساڵ دوای رووداني ئەو جینایەتە بنەماڵەی قوربانییەکان بۆ یەکەم جار نامەیەکی سەرئاوەڵەیان بۆ خامەنەیی و سەرانی حکوومەت نارد کە ئەم داوایانەیان هەبوو:

١- ناو، کات و شوێنی ئێعدامکردنی ئازیزانمان پێ بگوترێ،

٢- لە بەخاکسپاردنی تەرمی مردووی دیکە لە سەر خاکی گیانبەختکردوانی ئێمە پێشگیری بکرێ،

٣- رێگەمان لێ نەگیرێ لە نیشانەدانان و گوڵ چەندن لە شوێنی ئازیزانمان و هێندێک داوای سادەی دیکە.

بەڵام تا ئەمرۆشی لەگەڵ بێ هیچکات ئەو داوا سادە و ئینسانییانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە وڵام نەدراوەتەوە. هەرچەند خۆراگری و هەوڵ و تێکۆشانی ئەو بنەماڵانە تا ئێستاش بۆتە هۆی ئەوە گەڵاڵەی رێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی بۆ لەناو بردنی گۆرستانی خاوەران و سرینەوەی ئاسەواری ئەو کارەساتە نامرۆڤانەیە بێ ئاکام بمێنێتەوە، بەڵام بنەماڵەی قوربانییەکان هەموو ساڵێ لەو سەروبەندەدا لە خاوەران سەرەڕای رێ لێگیران لەلایەن هێزەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، بە یادی ئازیزانیان لە گۆرستانی خاوەران کۆدەبنەوە و چەپک چەپکگوڵ دادەنێن و ئەو دەشتە چۆڵە گوڵباران دەکەن. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەم کارەساتە گەورەیە نابێ تەنیا و تەنیا لە لایەن بنەماڵەی قوربانیانەکانەوە یادی بکرێتەوە. دەبێ بە هەموو لایەک هەوڵ بدرێ ئەو جینایەتەی خومەینی و رێژیمەکەی کە ئێستاش بە جورێکی دیکە هەر بەردەوامە، لە زەینی ئەو خەڵکەی کە لە ئێراندا دەژین نەسڕێتەوە و لەبیر نەکرێ،. مەودای ئەو کوشتارە گەورەیە لەگەڵ ئەمڕۆ کەم نیەو زۆر لەوانەی شاهیدی کارەساتەکە یان خوڵقێنەری کارەساتەکە بوون خەریکە ژیان بەجێدێڵن و لەجێیان نەوەیەکی نوێ کە کەمتر ئاگایان لە رووداني ئەو کارەساتەیە هاتوونەتە ژیانەوە، بە تایبەتی ئەو رێژیمەی کە خوڵقێنەری ئەو کارەساتە نامرۆڤانەیە بوو هەر لە دەسەڵات دایە و بۆ سرینەوەی جینایەتەکە هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە رووداوی کوشتاری ٦٧ بسرێتەوە یان هەر نەبێ بچووک بکاتەوە. بۆیە لە هەر کات و ساتێکدا ئۆپۆزیسیۆنی دیموکرات وەکوو ئەرکێکی گرنگ لە سەریەتی ئەو مەسەلەیە پشت گوێ نەخا و لە ئەولەوییەتی ئەرکەکانی خۆیدا دابنێ بۆ بەدواداچوون و لێپرسینەوە و زیندوو راگرتنی ئەو مەسەلەیە. گرنگ نیە ئەو قوربانییانە سەر بە چ ئیدئۆلۆژی و فکرێک بوون، هەموو ئەوانە پێش ئەوەی ئەندامی رێکخراوێک بن ئینسان بوون و بە ناحەق گیانیان لێ سەندراوە، ئەوان وەک ئینسان کە مافی ژیانی هەیە، دەبێ دیفاعیان لێ بکرێ. هەموو لایەک بۆ دیتنەوەی راستییەکان و ریسوایی خوڵقێنەرانی ئەو جینایەتە درندانەیە لە هەر کات و ساتێکدا پێویستە هاوکار و یاریدەدەری یەکتر بن، تاکوو جارێکی دیکە کارەساتی لەم شێوەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دووبارە نەبێتەوە.

> **گرنگ نیە**
> **ئەو قوربانییانە سەر بە چ ئیدئۆلۆژی و فکرێک بوون، هەموو ئەوانە پێش ئەوەی ئەندامی رێکخراوێک بن ئینسان بوون و بە ناحەق گیانیان لێ سەندراوە، ئەوان وەک ئینسان کە مافی ژیانی هەیە، دەبێ دیفاعیان لێ بکرێ.**
> **هەموو لایەک بۆ دیتنەوەی راستییەکان و ریسوایی خوڵقێنەرانی ئەو جینایەتە درندانەیە لە هەر کات و ساتێکدا پێویستە**
> **هاوکار و یاریدەدەری یەکتر بن، تاکوو جارێکی دیکە کارەساتی لەم شێوەیە**
> **لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دووبارە نەبێتەوە**

# کشانەوەی هێزکانی ئامریکا لە عێراق وچەند سەرنجێک

لوقمان زەهرایی

رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢،٨،٢٠١٠ باراک ئۆباما، سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە کۆبوونەوەی سەربازانی خانەنشینی ئامریکا لە ئاتلانتا، کشانەوەی سەربازانی وڵاتەکەی لە عێراق ڕاگەیاند و قەرار وایە تاکۆتایی مانگی ئاگۆستی ئەم ساڵ ٩٠ هەزار سەرباز لە هێزەکانی ئامریکایی بگەڕێنەوە ئامریکا و٥٠ هەزارسەربازیش بۆ فێرکردن وبارهێنانی هێزەکاانی عێراقی وعەمەلیاتی دژی تێرۆریستی لەو وڵاتە دەمێننەوە.

بە پێی ئەو رێککەوتننامەیەی لە ساڵی ٢٠٠٨ لە نێوان ئامریکا وعێراق دا واژۆ کرابوو هێزەکانی ئامریکا دەبێ تاکۆتایی ساڵی ٢٠١١ بە تەواوی عێراق چۆل بکەن و بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان. باراک ئۆباما لە کاتی پروپاگەندەی بۆ گەیشتن بە کۆشکی سپی قەولی ئەوەی دابوو کە ئەگەر ببێ بە سەرۆک کۆمار، هێزەکانی ئامریکا لە عێراق دەکشێنێتەوە. ئۆباما لە قسەکانی رۆژی دووشەممەی رابردووی خۆیدا کوتی " ئەو بەلێنەم جێبەجێ کرد".

بەڵام ئایا جێبەجێکردنی ئەو بەلێنە زۆرتر باری ئەخلاقی هەیە بۆ ئۆباماو حیزبەکەی (حیزبی دێموکرات) و سەرۆکایەتیی ئامریکا، یان هەنگاوێکی سیاسییە کە ئامریکای ناچارکرد کە بە نابەدڵی بڕیارێکی لەو چەشنە بدا؟ لێرەدا دوو پرسیاری گرینگ دێتە پێش:

یەکەم، ئایا بەراستی ئامریکا دوای ٧ ساڵ بە سەر تێپەڕبوونی شەڕی عێراق و رووخاندنی رێژیمی سەددام حوسێندا توانیوێتی بە ئامانجەکانی بگا و عێراق بەرەو سیستمێکی دێموکرات بەرێ و ئایا لە تەفروتونا کردنی گرووپە تێرۆریستییەکان و لە پێشەوەی هەمووان گرووپی " القاعده" دا سەرکەوتوو بووە؟

دووهەم، یان نەخێر ئامریکا نەیتوانیوە دوای ٧ ساڵ مانەوەی لە عێراق و کوژرانی چەند هەزار کەس لە سەربازەکانی، ئەو وڵاتە لە " تێرۆریستان" پاک بکاتەوە وپرۆژەکەی لە عێراق شکستی هێناوە وبە ناچار وازی لە بە دێموکراسی کردنی عێراق هێناوە وهەموو هەوڵی ئەوەیە کە بە هەر جۆرێک بێ حکوومەتێک لە عێراق لە سەر کار بێ و بۆ ئەوەی خۆی لە ژێر باری قورسی زەرەرو زیانەکانی ئینسانی و ئابووری وسەربازیی ئەو شەڕە ڕزگار بکا وعێراق بە کۆلێک کێشەی ئابووری وسیاسی وئایینی و نەتەوەیی بۆ عێراقییەکان بە جێ بهێلێ؟

لە دوای رووخانی رێژیمی سەددام و بەدەسەڵات گەیشتنی شیعەکان وکورتبوونەوەی دەستی عەرەبە سوننییەکان لە دەسەڵات، کێشەی مەزهەبیی ئەو وڵاتەی کردۆتە مەیدانی شەڕێکی نەخوازراو و بە هەزاران کەس بوونە بە قوربانیی شەڕی مەزهەبیی نێوان عەرەبی شیعە وسوننییەکان و لە هەر دووک لایەن خوێنێکی زۆر ڕژاوەو لە راستیدا کێشەی مەزهەبیی نێوان عەرەبە شیعە وسوننییەکان زۆر لە جاران قووڵتر بۆتەوە و تاکوو ئێستاشی لە گەڵدا بێ رۆژ نییە کوشتن وڕفاندن و خۆتەقاندنەوە لە ناوچەکانی هەردووک لایەن روو نەدا . وڵاتانی دراوسێی عێراق و یەک لە وان کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوای رووخانی دەسەڵاتی بەعسەوە بەردەوام هەوڵیان داوە جێگاپێی خۆییان لە عێراق لە رێگای گرووپ و کەسایەتییە جیاوازەکانی شیعەی سەربەخۆ قایم بکەن و هەموو هەوڵیان ئەوە بووە کە بەرنامە و پلانەکانی ئامریکا تووشی شکست بکەن. ئێران شەڕی خۆی لە دژی ئامریکا لە عێراق دا دەکا و بە دانی چەک و چۆڵ و پارە بە گرووپگەلی جیاجیای عێراقی ئەو وڵاتەی زۆر نائارام کردوە و تەنانەت لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی کاندیداکانی لیستە جیاجیاکانی عیراقی دا دەورو رۆلی خۆی گێڕاوە.

دوای تێپەڕبوونی چەندین مانگ بە سەر دوایین هەڵبژاردنی پارلمانیی عیراق، ئەو وڵاتە هێشتا هەر بێ حکوومەتە و حیزبە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە دوای چەندین مانگ هێشتا نەیانتوانیوە دەسەڵاتی سیاسی یەک لا بکەنەوە و لە نێوان دوو گرووپی مالکی و عەللاوی دا ناتەبایی زۆر لە مەڕ بەدەستەوە گرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران کە گرینگترین و پڕ دەسەلاتترین دەسەڵاتی سیاسیی عێراقە، لە ئارادایە.

جگە لەو مەسەلانە، کێشەی سەرەکیی کورد لە سەر یەکلاکردنەوە ماددەی ١٤٠ و جێبەجێ نەکردنی لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە هەروا بە هەڵاوەسراوی ماوەتەوە و ئێستاشی لە گەڵ بێ هیچ کام لە لایەنەکانی شیعە و سوننە ئامادە نین کە دان بە کوردستانی بوونی کەرکوک دا بنێن ومل بدەن بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ کە بەشێکی زۆر لە خۆشیان وەکوو ماددەیەکی دەستوری لە پارلمانی عێراق دا دەنگیان لە سەر داوە.

کەڵەکە بوونی کۆمەلێک کێشەی سیاسی ونەتەوەیی ومەزهەبی لە نێوان عەرەبە شیعە و سوننەکان لە لایەک وکێشەی نێوان کوردەکان وعەربەکان لە لایەکی دیکەوە و بوونی دەوڵەتێکی ناسەقامگیر، رێگا خۆشکەرن بۆ ئەوەی کە دوای کشانەوەی بە تەواویی هێزەکانی ئامریکا لە عیراق ئەو وڵاتە تووشی کارەساتی شەڕێکی ئایینی و نەتەوەیی زۆر لە یوگوسلاوی خراپتر بکا. بەڵام تۆ بڵێی دوای تەواو بوونی ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئامریکا لە عێراق سەرۆکایەتیی ئامریکا هەروا سووک و سادە عێراق جێ بهێڵێ و ئەو وڵاتە تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێران وتێرۆریستانی " القاعده" بدا؟

# بزووتنەوەی نوێی ئیران و کێشەی نەتەوەکان

سمایل شەرەفی

تایبەتمەندیی پێکهاتەی خەڵک و دانیشتووانی جوغرافیای "ئێران" بە هۆی یەکدەست نەبوون و فرەجۆرییەوە بە درێژایی_ لانی کەم _ مێژووی هاوچەرخی "ئێران" لە خانەی "شێوەی ئیدارەی سیاسیی وڵات و ڕوانینی پێکهاتە نەتەوەییەکان ی ئەم یەکە سیاسییە ڕەسمییە و لە هەمووی گرینگتر لە خانەی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی چەوساوەی ئەم یەکە جوغرافییایە (ئێران) دا، تا ڕادەیەک ئاراستەیەکی تایبەتی بە گوتاری سیاسیی لە ئێران دا بەخشیوە.

شێوەی ئیدارەو بەڕێوەبەریی وڵات لە ئێران نە لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتووان (هاووڵاتی) یەوەو نە لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە تا ئێستا نەیتوانیوە تەعبیرێکی ڕاستەقینە لە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتە بدات بە دەستەوە. هەر بۆیە بە درێژایی مێژووی – لانیکەم چەرخی سەرهەڵدانی ناسیونالیزم و خۆ پێناسەکردنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی نێو ئەم سەرزەمینە وەک نەتەوە – ئێران نەیتوانیوە هی هەموو دانیشتووانی بێت.

سەرهەڵدانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەر بە بەشێک لە پێکهاتەکانی ئێران لە دژکردەوە بە نەخوێندنەوەیان و بەشدارنەکردنیان لە خاوەنداریی ئەم خاک و سەرزەمینە دا، بە تەواوەتی دەریخست کە نەهێشتراوەرێگەنەدراوە کە ئەم وڵاتە هی هەموو دانیشتووانی بێت.

هەوڵدان و خەبات بۆ وەک یەک بەشداری کردن لە بەڕێوەبردنی وڵاتو خاوەنداریەتیی گشت پێکهاتەکانی وەک یەک لە لایەک و، حاشاکردن لە جۆراوجۆریی پێکهاتەی سیاسیی_کۆمەڵایەتی وڵات و هەڵدان بۆ سڕینەوەی سیستەماتیکی بەشێکی بەرچاو لە خاوەنانی ئەم سەرزەمینە لە لایەن بەشێکی دیکە لە پێکهاتەی باڵادەست لە لایەکی دیکەوە، بە کردەوە مۆری لە بوونی جیاوازیی پێکهاتەکانی ئێراندا و دوو چەمکی باڵادەست و ژێردەست خۆی خزاندە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی گەلانی ئێرانەوە.

***

ئەم چیرۆکە تا ئێستاش هەروا بەردەوامە. تا ئێستاش ئێران نەیتوانیوە هی گشت دانیشتووانی بێت. هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بەشێکی بەرچاو لە خاوەندارانی ڕاستەقینەی ئەم سەرزەمینە هەروا بە شێوەی سیستماتیک بەردەوامە و، لەو لاشەوە خەبات بۆ خۆ سەلماندن و خۆ بەشداردان لە




بەڕێوەبەریی وڵات هەروا چالاکە. بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە فەزای سیاسیی ئەمڕۆی ئەم وڵاتە پڕ لە جیاوازییە و بەرنامەی ئەو لایەنەیە جیاوازەیە کە پێی وایە _ تا ئێستا بە قسە _ کە پێویستە جیاوازییەکان وەک خۆیان ببیندرێن و گوێیان بدرێتێ.

دوای کودەتا کردن لە دەنگی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی و لە دایک بوونی فەزایەکی نوێی سیاسیی جیاواز لە ئێراندا، باسی جیاوازییەکانی پێکهاتەی سیاسی_نەتەوەیی ئێران لە لایەن نوێنەرانی بەشێک لەم پێکهاتانە و یەک لەوان کوردەوە هاتەوە گۆڕێ.

ئێستا کە پێمان وایە دەورانێکی نوێ بەسەر فەزای سیاسیی ئێران دا هاتوە، پرسیارەکە ئەوەیە کە کورد وەک پێکهاتەیەکی دیاری نێو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و نەتەوەکانی دیکە چ خوێندنەوەیەکیان بۆ دەکرێ و بزووتنەوەی نوێی ئێران بە چ ڕوانینێک قەزییەی ئەم جۆراوجۆریانە دەکاتەوە؟

لە گەڵ ئەوەی لە چەند مەجالێک دا ڕوخسارە دیارەکانی ئەم بزووتنەوە نوێیە ڕاشکاوانە باسیان لە بوونی پێکهاتەی جۆراوجۆری سیاسی _ نەتەوەیی لە ئێران دا کردوە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە پێوەندی لە گەڵ کێشەکانی تایبەت بەم پێکهاتانەدا قسەیان کردوە و تەنانەت بە جۆرێک هەر لە پێوەندی لە گەڵ کێشەکانی تایبەت بە پێکهاتەی سیاسی_ نەتەوەیی گەلانی ئێران دا قامکی تاوانیان بەرەو دەسەڵات ڕاکێشاوە، بەڵام لە ڕاستی دا ئەمە نەبۆتە پرۆتۆکۆلێکی ڕەسمی کە کوردو پێکهاتە ژێر دەستەکانی دیکە، حیسابی لە سەر بکەنەوە.

ئەگەر بزووتنەوەی نوێی ئێران، بە پێی ئیددیعای کەسایەتییەکانی دەیەوێ بە خوێندنەوەیەکی نوێوەو لە فازێکی دیکەدا دژ بە سەرەڕۆیی و دیکتاتۆریی زاڵ بە سەر وڵات دا خەبات بکا و هەر بە پێی ئیدیعای خۆیان گوێ بۆ داوای نەتەوەکان ڕابگرن ،پێش هەموو هەنگاوێک پێویستە:

١- بە شێوەی ڕەسمی و بەنووسراو دان بە فرەجۆریی پێکهاتەی سیاسی – نەتەوەیی ئێران دا بنێن.

٢- دان بەوەدا بنێن کە جیاوازی و هەڵاواردن لە بارەی ئەم پێکهاتانەوە ڕەچاو کراوەو هەوڵ بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان دەدەن.

٣- بۆ چارەسەریی ئەو کێشانەی کە هێندێک جار باسیان لێوە کردوەو پێوەندییان بە پێکهاتەی سیاسی_ نەتەوەیی ئێرانەوە هەیە، ئیدەو بەرنامەکانی خۆیان بخەنە ڕوو.

٤- بۆ دۆزینەوەی ڕێچارەکانی کێشەکان لە گەڵ نوێنەرانی ڕاسەقینەی ئەم پێکهاتانە بکەونە دانوستانەوە.

**شێوەی ئیدارەو بەڕێوەبەریی وڵات لە ئێران نە لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتووان (هاووڵاتی)یەوەو نە لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە تا ئێستا نەیتوانییوە تەعبیرێکی ڕاستەقینە لە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتە بدات بە دەستەوە**

# ئەحمەدی نژاد دەبێتەوە بە گاڵتەجاڕی میدیاکان

عەبدوڵڵا بەهرامی

ڕۆژی دووشەممە ١١ی گەلاوێژ مەحموود ئەحمەدی نژاد لە کۆبوونەوەی ئێرانیانی دەرەوەی وڵات دا بە ئاماژە کردن بە دانیشتنی خەرمانانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک گوتی: لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هەموو ساڵێک ڕامانگەیاندوە ئامادەین کاتێک بۆ بەشداری لە دانیشتنی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دێینە نیویۆرک، لەگەڵ جۆرج بوش لە بەردەم ڕاگەیەنەکان دا وتوویژ بکەین. دواتر گوتیان جۆرج بوش لە وتوویژ دەترسێ. ئەحمەدی نژاد لە درێژە دا بە سەرنجدان بەوە کە قسەکردنی ساڵانەی ئەو لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان دا بەردەوام هەواڵساز بووە، ئەمجارەیان بانگهێشتی ئۆبامای کرد بۆ ئەوەی لە وتوویژێکی ڕاستەوخۆدا بەشداری بکاو گوتی: لەم وتوویژەدا ئامادەین تاوەکوو ڕێگاچارەی پرسەکانی جیهان بخەینە سەرمێز بۆ ئەوەی بزانین شێوازی کێ باشترە.

هەر چەند ڕابێرت گیبز وتەبێژی کۆشکی سپی وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازەی ئەحمەدی نژاد، ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە لە بارەی وتوویژ کردن لەسەر بەرنامە ناوکییەکەی جیددی نییە، بەڵام بەو حاڵەش پێشنیاری ئەم جارەی بۆتە جێگای سەرنجی چاوەدێرانی سیاسی. بە بۆچوونی ژمارەیەک لە چاوەدێرانی سیاسی، ئەم پێشنیارەی ئەحمەدی نژاد زۆرتر لە پێناوی خۆ دەرخستن دایە و ئەگەر ناوبراو نەریتەکانی دیپلۆماسی بزانیبایە، لە کاناڵە دیپلۆماتیکەکانەوە ئەو بابەتەی دەهێنایە گۆڕێ و بەڕوونی دیاریی دەکرد کە دەیەوێ لەگەڵ ئۆباما لە سەرچی وتوویژ بکا.

یەکێک لە ئامانجەکانی دیکەی ئەحمەدی نژاد لە هێنانە گۆڕی ئەم پێشنیارە دەگمەنە ئەوەیە کە بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە ئێران لە لایەن ئەنجومەنی تەناهی و تەنانەت ئەمریکاوە خراوەتە ژێر گەمارۆوە، سەنگی ئێران و خۆی لەگەڵ سەنگی ئەمریکا و ئۆباما بەراورد بکاو بەم پێیەش داوا بکا لەگەڵ سەرکۆماری ئەمریکا لەبەرچاوی جیهانیان لەسەر پرسە جیهانییەکان وتوویژ بکەن. سەیر لەوە دایە ئەحمەدی نژاد تەنانەت دەیەوێ



خۆی لەوەش گێل بکا کە لەگەڵ ئەوەدا بەشداری کردنی ئەو لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دا بۆتە مایەی سەرقاڵیی ڕاگەیەنەکان، لە کاتی وتار خوێندنەوەی ئەودا نوێنەرانی زۆری لە وڵاتانی جیهان شوێنی کۆبوونەوەکە چۆڵ دەکەن، کەچی ئەو باس لەوە دەکا دەیەوێ چارەسەر بۆ پرسە جیهانییەکان بدۆزێتەوە. ئەم جۆرە ئاخاوتنەی ئەحمەدی نژاد لە باری دەروونناسییەوە نیشانەی ئەوپەڕی دارمانی دەروونییە. ئەحمەدی نژاد و ڕێژیمەکەی بەم چەشنە دەیانەوێ بە خەیاڵی خۆیان وانیشان بدەن کە ئەوان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دا تەریک نەکەوتوونەتەوە، گەمارۆکان کاریگەرییان لەسەر ئابووریی ئێران دانەناوە و بەگشتی نە بای هاتوە نە باران.

دیارە بۆ کەسێک کە لە کاتی ئاخاوتن لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دا جەغزی تیشک لە سەر سەری دەبینێ!! ڕەنگە سەیر نەبێ کە ئیلهامی بۆ هاتبێ کێشەکانی جیهان چارەسەر بکا، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەم پیاوە دەگمەنەی جیهان بۆ ناتوانێ خەمێک لە نانی سەر سفرەی ئێرانییەکان بخوا؟ ڕەنگە وڵام ئەوە بێ وا تەقدیر کراوە، کە خەڵکی ئێران سەربازە فیداییەکانی ئەم ڕزگارکەرەی جیهان بن!

لەوە دەچێ سەرکۆماری داسەپاوی ئێران، ئەمساڵیش لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆڕی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا جارێکی دیکە خۆی بکاتەوە بە مایەی تەنز و سەرقاڵیی میدیاکان. دیارە ئەوەش خراپ نییە چونکە ئەحمەدی نژاد دەیەوێ ناوی لەسەر زارو زمانان بێ!!

درێژەی

# وردەکارییەکانی بڕیاری دادگای لاهە لەبارەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆوە

دیتمان دادگای لاهە ئەمەی هەر زۆر بە ڕوونی ڕەد کردۆتەوە).

٣. تەواوەتیی ئەرزی تەنانەت ئەو کاتە لە جێی خۆیەتی کە گەلێک سەرکوت بکرێ و قانوونی مرۆڤدۆستی پێشێل بکرێ (دادگای لاهە ئەوەشی تەئید نەکردوە، چونکە لەو شوێنەدا کە باسی جیابوونەوە وەک تەنیا ڕێگاچارەی ئەو حاڵەتە کراوە کە لەودا گەلێک دەچەوسێندرێتەوە، دادگای لاهە لە ڕادەربڕین خۆ دەبوێرێ).

٤. کۆماری ئیسلامی لەپێش دادگای لاهە ڕادەگەیەنێ کە کەمایەتی‌یەکان مافی جیابوونەوەیان نییە، بەڵکوو مافی دیاریکردنی چارەنووس لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە و خاوەنی مافی مرۆڤ و مافە دێموکراتییەکانن (بێ شرۆڤە !)

٥. کۆماری ئیسلامی لە هەڵوێستەکەیدا لە بەردەم دادگا بە نووسراو هەڕەشەی کردوە کە ئەگەر دادگای لاهە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ تەئید بکا، ئەم کارە دەبێتە هۆی هاندانی تەجزیە تەڵەب و جودایی‌خوازەکانی وڵاتانی دیکە جیهان بۆ گرتنەبەری خەباتی چەکداری لەپێناوی گەیشتن بە سەربەخۆیی دا. هەربۆیە کۆماری ئیسلامی ڕادەگەیەنێ کە ئەگەر بێت و دادگا تەئییدی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ بکات، چیدیکە لە ڕەفتار لەگەڵ کەمایەتی‌یەکاندا قانوونی بەشەردۆستی ڕەعایەت ناکا و لە هەموو ڕێگایەکەوە و بە سەختترین شێوە سەرکوتیان دەکەن (هەر وا بزانە ئەو ڕێژیمە تا ئێستا شتێکی جیاواز لەمەی کردووە!).

**پاییزێکی گەرم**

ئاغای "ژێرێمیک" وەزیری دەرەوەی سێربستان پاش هاتنە دەر لە ساڵۆنی دادگای لاهە بە مێدیاکانی ڕاگەیاند کە حکوومەتی وڵاتەکەی بڕیارەکەی دادگای لاهە قبووڵ ناکا و لە دانیشتنی پاییزی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا سێربستان و وڵاتانی پشتیوانی، باسەکە دێننەوە نێو دەستووری کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی مشت و مڕە نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی ڕاگرتنی ڕەوتی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی دیکە دەست پێ بکەنەوە. مامۆستای نووسەری ئەم دێرانە، پرۆفیسۆر "مارسێلۆ گۆستاڤۆ کۆهێن" کە لە کەیسی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لەبەردەم دادگای لاهەدا پارێزەر و ڕاوێژکاری دەوڵەتی سێربستان بووە لەو باوەڕەدایە کە جارێ بڕیارەکەی دادگای لاهە هیچ لە واقعییەتی حقووقیی تا ئێستای کۆسۆڤۆ ناگۆڕێ و ئیدارەی نێونەتەوەیی و نەزمی حقووقیی حاکم لە کۆسۆڤۆ هەروا درێژەی دەبێ.

ئارگومێنتەکانی لایەنگرانی هێشتنەوەی مافی نێونەتەوەیی لە دۆخی پێشوویدا سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان هەر چەندێک بەهێز بن، گومانی تێدا نیە کە ئەو بڕیارەی دادگای لاهە شوێنەواری لەسەر ستاتووی یەکجاریی کۆسۆڤۆ و بەگشتی لەسەر نێوەرۆکی مافی گەلان دەبێ. ئەگەر کۆمەڵێک دەوڵەتی وەک ئیسپانیا، یوونان، ڕووسیە، گۆرجستان و بەشێک لە دەوڵەتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات بە هۆی بوونی کێشەی هاوشێوە لە وڵاتی خۆیاندا حازر نین سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ بە ڕەسمی بناسن، لەولاوە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەعوەتی لە دەوڵەتان کردوە کە بە پشت بەستن بەو مۆری سیحەتەی بەرزترین سەرچاوەی قەزاییی جیهانی لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆی داوە، دەوڵەتی ئەو وڵاتە بەڕەسمی بناسن و وێ دەچێ بڕیارەکەی دادگای لاهە شەپۆلێکی نوێ لە بەڕەسمی ناسینی کۆسۆڤۆ بە دوای خۆیدا بێنێ. لە نێوەندیشدا، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کردووە هەموو لایەنەکان خۆ لە قەڵسە لە یەکتر گێڕان و بەهرەبەرداریی ئەو بڕیارە ببوێرن، و وتەبێژی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپاش هەوڵ دەدا کە بە دەعوەت کردنی هەموو لایەک بۆ دیتنی داهاتووی هاوبەشی سێربستان و کۆسۆڤۆ لەنێو ئەو یەکیەتییەدا لە گرژی و ناکۆکییەکانی پێوەندیدار بەو مەسەلەیە کەم بکرێتەوە.

هەرچۆنێک بێ ئاشکرایە کە ئەو بڕیارەی دادگای لاهە کۆمەڵێک فاکتی حقووقیی نوێ بەو گەشەسەندنانەوە زیاد دەکا کە بە قازانجی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی جیهانن و هەق وایە نوخبەکانی ئەو بزووتنەوانە و یەک لەوان هی بزوتنەوەی کورد بە هێندیان بگرن و لە خەبات و لۆبیگەریی ڕەوای خۆیاندا پشتی پێ ببەستن. هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگیری لە دەرچوونی بڕیارێکی لەم چەشنە باشترین نیشانەیە.

مەرج نیە هەموو گەلێک کە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی خەبات دەکا داوای جیابوونەوە و سەربەخۆیی بکا. بەڵام هەروەک لە کەیسی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لەبەردەم دادگای لاهەدا دانی پێدا نرا، مافی نێونەتەوەیی هەتا سەر زەمانەتی دۆخێکی سیاسی و حقووقیی تەبعیزگەرا و چەقبەستوو لەو بوارەدا ناکا. هەر ئەندازە دەوڵەتان بەپێچەوانەی ئەرک و ئیجباراتی خۆیان لەبواری مافی گەلانی وڵات و کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان‌دا بجووڵێنەوە، بەو ئەندازەیەش ئەو دەوڵەتانە لە درێژخایەندا خۆیان بەرەوڕووی ڕەوتێکی قۆناغ بە قۆناغ دەکەنەوە کە شەرعییەت و واقعییەتی حاکمییەتی زاڵمانەی وان بەسەر ئەو گەل و کەمایەتی‌یانەدا، لەنێو دەبا.

# شەڕی چەکداری،
# کردەیەکی چالاک یان پەرچەکردارێکی پاسیف

حەسەن شێخانی

دوای(چەشنێک) بە بنبەست گەیشتنی پرۆسەی کرانەوەی دێموکراتیک و وەڵام نەدانەوەی دەوڵەتی تورک بە ئاگربڕی یەکلایەنەی pkk، لە ١ی حوزەیرانی ئەمساڵەوە شەڕو تێکهەڵچوونەکانی نێوان گەریلاکانی pkk و ئەرتەشی تورک دەستیان پێکردۆتەوە و پەرەیان سەندوەتەوە.

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدرێ کاریگەیی شەڕەکانی ئەم دواییانە لەسەر دۆزی کورد لە باکووری کوردستان شرۆڤە بکرێ.

ئایا ئەم شەڕانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر بەر فراوان کردنی بازنەی بزاڤی کورد هەیە؟ ئایا شەری لەم چەشنە دەبێتە هۆی پاشەکشەپێکردنی دەوڵەتی تورک و وڵامدانەوە بە داخوازییەکانی کورد؟ پێڕەوکردنی خەباتی چەکداری بە شێوەی هەنووکەیی، لە چوارچێوەی کردەیەکی چالاکی کاریگەر دا جێ دەگرێ یان لە خانەی پەرچەکردارێکی پاسیف دا؟ گەلۆ pkk هیچ رێگەیەکی دیکەی بۆ خۆبواردن لەم چەشنە شەڕانە نییە؟ تا چ رادەیەک ئەم شەڕانە زیان بە ئابووریی تورکیە دەگەیەنن؟ هەڕەشەی شەڕکردن و شەڕکردنێکی کاریگەر و پڕباندۆر دوو چەمکی لێک جیاوازن، ئەمڕۆکە کام یەک لەو دوو چەمکانە لە باکووری کوردستاندا بە دی دەکرێن؟ پێڕەوکردنی خەباتی چەکداری بە شێوەی هەنووکەیی کام لایەنی نێو دەسەڵاتی تورک بەهێز دەکاو لە خزمەتی کام بەرە دایە؟ وەڵامدانەوەیەکی کورت و تیژ تێپەڕ بەم پرسیارانە مژاری سەرەکیی ئەم نووسینە پێک دێنن.

١) تا هەنووکە دەیان جار رێبەرانیpkk رایانگەیاندوە کە ئەگەر تورکیە وەڵامی داخوازییەکانیان نەداتەوە و کۆتایی بە پێشێل کردنی مافەکانی کورد نەهێنێ، شەڕ پەرەپێدەدەن و تەنانەت شەڕەکە بۆ مێترۆپۆلەکانی تورکیە و ناوچەکانی تورک نشین دەگوازنەوە. pkk دوای چەندین هەڕەشەی لەم چەشنە، لە ١ی حوزەیرانەوە کۆتایی بە ئاگربڕی یەکلایەنە هێناو شەڕی سەر لە نوێ دەست پێکردەوە. بە سەرنجدان بە هەژمارو قەبارەی شەڕو تێکهەڵچوونەکانی نێوان گەریلاکانی pkk و سوپای تورکیە و رادەی تێچوو و زیانەکانی هەر دوو لایەن، بۆمان دەردەکەوێ کە pkk نەیتوانیوە لەو ئاستەی کە بانگەشەی دەکرد شەڕ پەرەپێبدا و بۆ مێترۆپۆلەکانی تورکیەش بیگوازێتەوە، تا لەم رێگەیەوە فشار بۆ دەوڵەتی تورک بێنن دان بە داخوازییەکانی گەلی کورددا بنێ. شەڕەکان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک و کەم کاریگەر و زیانمەند دا بەڕێوە دەچن. ئەوەی ئەمڕۆکە لە باکووری کوردستان لە گەڵی بەرەو رووین زیاتر هەڕەشەی شەڕکردن و باپیڤانە نەک شەڕکردنێکی کاریگەر و پڕباندۆر.

٢) تورکیە سەرەڕای نەبوونی سەرچاوەی سروشتیی نەوت و گاز توانیویەتی ئابووریی خۆی گەشە پێ بدا و لە ریزی بیست وڵاتی گەورەی پیشەسازیی دنیا دا جێ بگرێ. ئەم مەسەلەیە نیشاندەری ئەوەیە کە چالاکیی جار ناجاری گەریلاکانی pkk کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر رەوتی گەشەسەندنی ئابووریی تورکیە دانەناوە و تورکیە سەرەڕای هەبوونی ئەم چالاکییانەش توانیویەتی وەپێش زۆر وڵاتی خاوەن نەوت و گازی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکەوێ. بە دەربڕینێکی دیکە سەرەڕای بانگەشەی لایەنی کوردی، چالاکیی چەکداری نەیتوانیوە زیانێکی ئەوتۆ لە ئابووریی تورکیە بدا تا لەم رێگەیەوە دەوڵەتی تورک ناچار بێ دان بە داخوازییەکانی گەلی کورد دا بنێ.

٣) لەم دواییانەدا موراد قەرەیلان لە وتووێژێک لە گەڵ BBC دا رایگەیاند ئەگەر دەوڵەتی تورکیە هێندێک لە مەرجەکانیان قبووڵ بکا ئامادەن لە ژێر چاوەدێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەست لە چەک بەردەن و بە شێوەیەکی یەکجارەکی کۆتایی بە شەڕی چەکداریی بێنن. ئەم مەسەلەیە لەلایەک ئاشتیخواز بوونی کورد نیشان دەداو لە لایەکی دیکەش دەرخەری ئەم راستییەیە کە ئەم شەڕە زیاتر پەرچە کردارێکی پاسیڤە نەک مێتۆدێکی ئەکتیڤی کاریگەر. لەوانەیە موراد قەرەیلان و رێبەرانی دیکەی PKK ش بەم ئاکامە گەیشتبن کە توانای بەردەوام کردنی ئەم رەوشەیان (رەوشی مانەوە لە شاخ) بۆ هەتا هەتایێ نییە. لەلایەکی دیکەشەوە پێڕەوکردنی شەڕ و تێکهەڵچوونی چەکداری لە ئاستی هەنووکەیی دا نە تەنیا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دەوڵەتی تورک نابێ، بەڵکوو لایەنی موحافیزەکار و بەرەی شەڕخوازی نێو دەسەڵاتی تورک بەهێز دەکا و بەشی رەگەزپەرستی کۆمەڵگای تورکیش زیاتر دەورووژێنێ. هێرشی گرووپە رەگەزپەرستەکانی تورک بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی BDP و خەڵکی سڤیلی کورد سەلمێنەری ئەم ئیدعایەیە، کە لە ئاکام دا لەوانەیە شەڕی ئەتنیکیشی لێ بکەوێتەوە.

٤)تورکیە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئێران و سوریە، وڵاتێکی نیمچە دیموکراتیکە. دەرەتانی پێکهێنانی گرووپ و رێکخراوی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی مەدەنی، رێکخستنی جەماوەر و هینانە سەرشەقامەکان، ئازادیی رادەربڕین و بە کورتی دەرەتانی خەباتی مەدەنی، لێگاڵ و جەماوەری تا رادەیەک لەم وڵاتەدا بەدی دەکرێ. لایەنی کوردی دەتوانێ لەم فەزایە بۆ بەرەوپێش بردنی دۆزەکەی و ناچارکردنی دەوڵەتی تورک بۆ قبووڵی داواکانی کەڵک وەربگرێ. کوردەکان دەتوانن لەرێگەی داهێنان و فۆرمی نوێی خەباتی مەدەنییەوەبازنەی بزاڤی ئازادیخوازانەیان بەر فراوان بکەنەوە و لەم رێگەیەشەوە پشتیوانیی بەشێک لە کۆمەڵگەی تورک، رای گشتیی دونیا و وڵاتانی جیهان بۆ لای خۆیان رابکێشن. بۆ نموونە کوردەکان دەتوانن لە رێگەی مانگرتنی گشتی، نەچوونە سەرکار، نافەرمانیی مەدەنی و دەنگدان بە نوێنەرە کوردەکان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا وەزن و قورسایی خۆیان زیاتر بکەن و لەم رێگەیەوە دەوڵەتی تورک ناچار بە پاشەکشە بکەن.

لەم رۆژانەدا میتینگی بایکۆت کردنی رێفڕاندۆمی ماددە هەمووارکراوەکانی قانوونی بنەڕەتیی تورکیە بە بەشداریی هەزاران کەس لە شارەکانی باکووری کوردستان لە لایەن BDPوە بەڕێوە دەچێ. ئەم مەسەلەیە نیشاندەری ئەوەیە کە دەرەتانی خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژ لە باکووری کوردستان و تورکیە لەئارادایە و ئەرکی بزاڤی ئازادیخوازی کوردە کە بە باشترین شێوە لەم فەزایە کەڵک وەربگرێ. لە لایەکی دیکەشەوە پێشوازیی بێ وێنەی خەڵکی باکووری کوردستان لە گرووپەکانی ئاشتی دەریخست کە ئەو خەڵکە ئاشتیخوازە و ئامادەییەکی زیاتری بۆ داواکردنی مافەکانی لە رێگەی ناتوندو تیژەوە هەیە.

٥) دێموکراتیزە کردنی بزاڤی باکوور و رێگەدان بەسەرهەڵدان و پەرەگرتنی بۆچوونی دەرەوەی pkkو نەسەپاندنی سیستمێکی فیکریی دیاریکراو بەسەر چالاکوانە کوردەکاندا دەتوانێ بازنەی بزاڤی ئازادیخوازی باکووری کوردستان بەرفراوان بکاتەوە و خەڵکێکی زیاتر راکێشی نێو پرۆسەی شوناسخوازیی بکا.

رادەی بەشداربووانی رێورەسمی ناشتنی تەرمی گەریلاکان و کۆبوونەوە و خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی کوردەکانی باکووری کوردستان دەرخەری ئەو راستییەن کە توانای مێتۆدی چەکداری لە پەرەپێدانی پێگەی جەماوەریی بزاڤ سنووردارەو لایەنی کوردی دەتوانێ بە گرتنەبەری رێکاری نوێ و داهێنان لە بیاڤی مەدەنی دا بازنەی بزاڤ بەرفراوان بکاتەوە.

بێگومان pkk توانیویەتی لە ریگەی خەباتی چەکدارییەوە بووژانەوەیەکی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان دا دروست بکا، بەڵام بەردەوام کردنی شەڕ لەئاستی هەنووکەیی دا زیاتر بۆ لایەنی کوردی شەکەتکەرەو دەبێتە هۆی میلیتاریزە کردنی زیاتری کوردستان و پەرەسەندنی رق و قینی ئەتنیکی لە نێوان گەلانی تورک و کورد دا، بێ ئەوەیکە دەرەنجامێکی ئەوتۆی لێبکەوێتەوە.

ئەزموونی ٢٦ساڵ خەباتی چەکداری لەدژی تورکیە سەلمێنەری ئەوەیە کە نە دەوڵەتی تورک دەتوانێ گەریلاکانی کورد لە شاخ بێنێتە خوارێ و نە گەریلاکانیش دەتوانن لە رێگەی پێڕەو کردنی ئەو مێتۆدە و ئەم ئاستە لە خەباتی چەکدارییەوە دەوڵەتی تورک بە چۆک دابێنن. بۆ دەرباز بوون لەم سیکلە "معیوب"ە پێویستە رێگەیەکی دیکە لەلایەن هەر دوو لایەنی کێشەکەوە بگیردرێتە بەر.



**ئەزموونی ٢٦ساڵ خەباتی چەکداری لەدژی تورکیە سەلمێنەری ئەوەیە کە نە دەوڵەتی تورک دەتوانێ گەریلاکانی کورد لە شاخ بێنێتە خوارێ و نە گەریلاکانیش دەتوانن لە رێگەی پێڕەو کردنی ئەو مێتۆدە و ئەم ئاستە لە خەباتی چەکدارییەوە دەوڵەتی تورک بە چۆک دابێنن**

# هەواڵە کوردستانییەکان

## کرانەوەی یەکەم کەناڵی کوردیی کەرتی تایبەت لە باکووری کوردستان




کەناڵێکی کوردی سەر بە کەرتی تایبەت بە ناوی "دونیا TV" لە باکووری کوردستان کرایەوە.

بە پێی هەواڵی "کوردستان ئێمروز"ی ئێران، یەکەم کەناڵی کوردی سەر بە کەرتی تایبەت بە ناوی "دنیا TV" لە باکووری کوردستان پەخشی تاقیکاریی خۆی دەست پێکرد.

"رەمزی کەتێنچی" بەڕێوبەری "دونیا TV" گوتی:" بڕیارە لە مانگی پیرۆزی رەمەزاندا ئەم کەناڵە پەخشی ئاسایی دەستپێبکات."

"دونیا TV" بە بەشداریی "هیدایەت کاراجا" بەڕێوبەری رێکخراوی پەخشی تەلەڤزیۆنی و بەڕێوبەری بەرنامەی تەلەڤزیۆنی " سامان یولو" دەستی بە پەخشی خۆی کرد.

بەرنامەکانی ئەم کەناڵە بریتین لە موزیک، ژن وکۆمەڵگا، هەواڵ، ئابووری و چەند بەرنامەیەکی تر کە تەواو بە زمانی کوردی دەبن.

سەرچاوە: پەیامنێر

## سەرۆکی هەرێم:
## کورد یەکڕیزە و بەشێکە لە چارەسەری کێشەکان




سەرۆکی هەرێم رایگەیاند، بارودۆخی سیاسیی وڵات لە چەقبەستندایە و ئێمەی کورد یەکڕیزیی خۆمان پاراستوە و سوورین لەسەر بەدەستهێنانی مافەکانی خۆمان.

لەمیانی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا، سەرۆکی هەرێم رایگەیاند، ئێمەی کورد یەکڕیز و یەک دەستەین و بەشێکین لە چارەسەری کێشەکانی ناو عێراق.

هەروەها رایگەیاند، ئێمە لەگەڵ پێکهێنانی حکوومەتێکی شەراکەتی نیشتمانیداین و لەگەڵ ئەوە دایین هیچ لایەنێک پێشتگوێ نەخرێت لە پێکهێنانی حکوومەتدا.

مەسعود بارزانی ئەوەشی دووپات کردەوە کە کورد سوورە لە سەر مافەکانی خۆی لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و پێشمەرگە و یاسای نەوت و گاز و ئەنجامدانی سەرژمێریدا .

سەرچاوە: پەیامنێر

## لە سلۆپییەوە تا دەربەندیخان عەمباری نەوتە



بەرپرسی بەشی دۆزینەوەی نەوت لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی ئوسترالیا، خاکی کوردستان بە"حەوزێکی گەورەی نەوتی نیشتوو" وەسفدەکات، دەشڵێ "هەرێمی کوردستان ٩٠ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی هەیە، نەک ٤٠ ملیار بەرمیل، وەک حکوومەتی کوردستان دەڵێ". هەروەها پێشبینی دەکات کە کوردستان لە داهاتوودا ببێتە یەکێک لە گەورەترین وڵاتە بەرهەمهێنەکانی نەوت.

سەرچاوە: رووداو

## کوردەکانی تورکیەش داوای فیدارڵی دەکەن



عوسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر لە لێداوانێکی چاوەڕواننەکراودا وتی: «چی دەبێت ئەگەر هاتوو لە پاڵ ئاڵای تورکیەدا، ئاڵای کوردستانیش بەرز بکرێتەوە». ناوبراو لە میانی فستیڤاڵێکی جەماوەری – رۆشنبیری دا لە شاری دێرسیم باسی ئەوەی هێنا ئاراوە کە «پەرلمانی تورکیە هەیە و کوردستانیش پێویستە پەرلمانی هەبێت».

پسپۆڕانی دەستووری لە سەر ئەو باوەڕەن کە هەرجەرندە سەرۆکی شارەوانیی دیاربەکر لە داواکەیدا وشەی ئۆتۆنۆمی بەکار هێناوە، بەڵام داوای بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە پاڵ ئاڵای تورکیە و بوونی پەرلمانی کوردستان ئەوە دەگەیەنێت کە کوردی باکووری کوردستانیش خواستی فیدراڵییان هەیە.

# ئەو قەیرانانەی تەنگیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵ چنیوە!

عەلی بداغی

کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەگەرچی یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە دنیا دا بە سەرەڕۆ و پێشێلکەری مافی مرۆڤ و نەگونجاو لە گەڵ دنیای رۆژئاوا ناسراون، بەڵام بەو حاڵەش قورسایی ئێران لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و کایەکردن لە پێکناکۆکیی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێزدا پڕدیار و بەرچاوە.

لە پێوەندی لە گەڵ شێوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دا کارناسانی سیاسی پێیان وایە کە کۆماری ئیسلامی خۆی بەرهەمی قەیران بووە و هەر بۆیەش لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ساڵی رابردووش دا بەردەوام لە قەیران دا ژیاوە و قەیرانی بۆ تێپەڕین لە قەیران خوڵقاندوە.

دەسپێکی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی هاوکات بووە لە گەڵ خوڵقاندنی یەکەم قەیران، ئەویش ئەو کاتە بوو کە ئایەتوڵڵا خومەینی بە رەسمی رایگەیاند کە شۆڕشی گەلانی ئێران کۆتایی نەهاتوە و ئەوان دەیانەوێ ئەو شۆڕشە و ئامانجەکانی ئەو شۆڕشە لە سنوورەکانی ئەو وڵاتە بترازێنن و لە دنیا دا بڵاویان بکەنەوە.

گوتارێکی سیاسیی ئەوتۆ ئەویش لە سەردەمی شەڕی سارد دا زۆر یەک لە هاوکێشە و باڵبەندییەکانی گۆڕی.

پەلاماردرانی ئێران لە لایەن عێراقەوە و شەڕێکی قورسی ٨ ساڵە قەیرانێکی دیکە بوو کە لە ساڵەکانی سەرەتای ئەو شۆڕشەدا بەربینگی بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی گرت. رێبەرانی کۆماری ئیسلامی شەڕی ٨ ساڵە لە گەڵ عێراقیان وەک هەلێکی زێڕین قۆستەوە تا لە ژێر دروشمی" هەموو شتێک لە پێناوی سەرکەوتن لە بەرەکانی شەڕ دا" بە سەر هەموو ئەو قەیرانانەدا باز بدەن کە بە هۆی سیاسەتی ناسەردەمیانە و دەسەڵاتدارەتیی دوگماتیزمی ئایینییەوە لە ئێراندا وەک کارگ هەڵ تۆقیبوون.

گرینگترین قەیرانی ئەو سەردەمە گرانی بە هۆی دەرەنجامەکانی شەڕ و گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران و، نەبوونی ئازادیی سیاسی بوو. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لە بەرەکانی شەڕی عێراق دا زیانی یەکجار زۆریان بەرکەوتبوو و ماشێنی نیزامیی ئێران لەو شەڕەدا بە تەواوی پەکی کەوتبوو، بۆ زاڵکردنی کەشی بێدەنگی و سەرکوت و بە مەبەستی شاردنەوەی شکستەکانیان لە بەرەکانی شەڕ دا قەڵت و بڕ و رەشەکوژییەکی کەم وێنەیان لە گرتووخانەکان دا وەڕێ خست.

بە پێی ئاماری رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا لە ساڵی ١٣٦٧ ی هەتاوی دا زیاتر لە ١٢٠٠٠ بەندیی سیاسیی لە گرتووخانەکاندا گوللەباران کرد کە تەرمی ژمارەیەکی زۆر لەوانی لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی " خاوەران" ی تاراندا چاڵ کرد.

کۆتایی شەڕی ٨ ساڵە بواری بۆ سەرهەڵدانی ئەو قەیرانانە خۆش کرد کە تا ئەو کات لە سۆنگەی شەڕەوە شاردرابوونەوە، لە خۆڕا نەبوو کە هاشمی رەفسەنجانی، سەرۆکی پارلمانی سەردەمی شەڕی ٨ ساڵە لە گەڵ عێراق، شەڕ لە گەڵ ئەو وڵاتەی بە " بەرەکەت " و " نیعمەت" ی خودا زانیبوو.

قەیرانەکانی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتدا بریتی بوون لە بێکاری و تەقینەوەی حەشیمەتی لە کۆمەڵگا دا. ئەو کات لە گەڵ ئەوەی ئێران زیاتر لە ١ میلیۆن کەسی قوربانی لەو شەڕەدا دابوو، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری کارخانە و کارگە و یەکە بەرهەمهێنەرەکانی ئێران وێران ببون. سیاسەتی کونترۆڵ نەکردنی زاوزێ بە مەبەستی تایبەتی سیاسی و کۆچی بێسەرەوبەرەی گوندنشینان بۆ شارەکان و پەلەقاژەیان بۆ دەسخستنی هەلی کارکردن، بەڕێوەبەرانی وڵاتیان تووشی سەرلێشێواوی کردبوو. بەرەورووبوونەوە لە گەڵ گوشاری چالاکانی مەدەنی و سیاسی بۆ کرانەوەی کەشی سیاسی و لابردنی فەزای سەرکوت وخەفەقان یەکێکی دیکە لەو قەیرانانە بوون کە رێبەرانی کۆماری ئیسلامی خۆیان لە گەڵ بەرەو روو دەدی.

لە دەرەوەی وڵاتیش کۆماری ئیسلامی بە هۆی پێداگری لە سەر سیاسەتی ناردنە دەرەوەی شۆرش و پشتیوانیکردنی ئاشکرا و بە کردەیی لە گرووپە بناژۆخوازەکانی حیزبوڵلای لوبنان و گرووپەکانی فەلەستینی لە سیاسەتی نێونەتەوەیی دا لە پەراوێز خرابوو.

کۆماری ئیسلامی لەو کاتەوە سیاسەتی خوڵقاندنی قەیران بۆ تێپەڕین لە قەیرانی گرتە بەر. لە نێوخۆی وڵات دا دیسان سیاسەتی سەرکوت و یەکدەست و یەکدەنگ کردنی گرتە بەر. دەستی سپای پاسدارانی لە سیاسەت و گرتنە دەستی ئابوریی وڵات دا ئاوەڵا کرد لە دەرەوەی سنوورەکانیش و بە تایبەت لە دڵی ئوروپا دا کەوتە لە نێوبردنی نەیارانی سیاسیی خۆی.

لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٦٥ تا ساڵی ١٣٧٦ ی هەتاوی دا زیاتر لە ١٤٠ چالاکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتەکانی ئوروپایی وەک فەڕانسە، ئاڵمان، قیبریس، سویس، و ئوتریش تیرۆر کران کە لەو نێوەدا تیرۆری دوکتور شاپووری بەختیار، دوایین سەرۆک وەزیری نیزامی پاشایەتیی ئێران، دوکتور کازم رەجەوی، برای مەسعوود رەجەوی رێبەری مجاهیدینی خەڵقی ئێران لە فەڕانسە، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی لە ئوتریش، دوکتور سیروس ئیلاهی، چالاکی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ، غولام کشاوەرز، ئەندامی رێبەریی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، دوکتورعەبدوڕەحمان برومەند، پارێزەر و چالاکی مافی مرۆڤ، دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بێرلینی ئاڵمان وێرای ٣ هاوڕێی لە دیارترینی ئەو تێرۆرە سیاسییانە بوون کە کۆماری ئیسلامی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کردنی لە نیوخۆی وڵاتیش دا دیارە دەستی بۆ لە نێوبردنی نەیارانی سیاسی بە هەموو شێوەیەک ئاوەڵا بوو.

بەڵام دوای ئەوەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٣٧٦ دا و بە بڕیاری دادگای سەربەخۆی تاوانەکانی ئاڵمان و لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندەی "مێکونوس" دا بە بڕیاردان و بەڕێوەبردن و دەست تێداهەبوون لە تێرۆرەکانی دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لە رۆژئاوا تاوانبار کران و حوکمی گیران و دەسبەسەر کران بۆ وەزیری ئیتلاعات و وەزیری دەرەوەی ئێران دەرکرا، قەیرانی مەشرووعییەت و رەوایی ئێران بە یەکجاریی چووە ژێر پرسیار.

لە تەنیشت قەیرانی سیاسیی ئێران یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی ئێرانی لە هاوکێشە نەتەوەییەکان دا پەراوێز و لە ژێر گوشار خستبوو، بابەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە لە لایەن دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامییەوە بوو.




کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٣١ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا تا ئێستا ٢٦ جار لە لایەن کۆمیسیۆن و شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤەوە مەحکووم کراوە و لەو ماوەیەش دا ساڵ نەبووە کە لە لایەن رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و هەواڵنێرانی بێسنوورەوە لەمەڕ پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و سەرکوتی ئازادییەکانی خەڵک ، بە تایبەت ئازادیی رادەربڕینەوە مەحکووم نەکرابێ.

ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی چەخماغەی قەیرانێکی دیکەی ئێرانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لێ درا. لەو ساڵەدا ئاشکرا کرا کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٢٠ ساڵە بە شێوەی نهێنی و دوور لەچاوی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سەرقاڵی پیتاندنی ئورانیۆم و دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمییە. هەوڵە شاراوەکانی ئێران بۆ دەستراگەیشتن بە چەکی ناوکی بۆ جارێکی دیکە ئێرانی کردەوە بە چەقی قەیرانەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. کۆماری ئیسلامیی ئێران کە تا ئێستاشی لە گەڵ بێ نەیتوانیوە متمانەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ ئاشتیخوازانە بوونی بەرنامە ئەتومییەکەی وەدەست بێنێ، لە گەڵ چوار بڕیارنامەی سزادان و گەمارۆی ئابووریی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەروە روو بۆتەوە و جیا لەوەش ئامریکا، یەکیەتیی ئوروپا، ئوستڕالیا و ژاپۆنیش بە شێوەی یەکلایەنە قورسترین گەمارۆ ئابورییەکانی خۆیان بە سەر ئێران دا سەپاندوە.

بەڵام لە نیوخۆی وڵاتیش دا کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی کۆمەلیک قەیران بۆتەوە کە لە ژێر سێبەری کێشە ئەتومییەکەی ئەو وڵاتەدا کەمتر باسیان لی دەکرێ و وەک بۆمبێکی سەعاتی چاوەڕوانی تەقینەوەن.

هەڵبژاردنەکانی ساڵی رابردووی سەرۆک کۆماریی ئێران و نارەزایەتیی بە میلیۆنان کەس لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان، کە لە دژی ساختەکاریی باڵی ئەحمەدی نژاد رژابوونە سەر شەقامەکان، رەوایی ئەو حکوومەتەی بە تەواوی بردە ژێر پرسیار.

دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد کە بە گرتنی هەزاران کەس لە خۆپیشاندەران و کوشتنی دەیان کەس لە کاتی خۆپیشاندانەکان و لە سێدارەدانی سەدان کەس و بە زاڵکردنی کەشی سەرکوت توانیویەتی پاشەکشەی کاتی بە هەڵچوون و بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵک بکا، بۆ خۆی زۆر باش دەزانێ کە ئەو بێدەنگییەی ئێستا پشکۆی ژێر خۆڵەمێشە و هەر دەم و ساتێک توانای گەشانەوەی هەیە.

جیا لەوانەش قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران شتێک نین کە بە سانایی لە تەنیشتی تێ بپەڕین.

بڵاڤۆکی "مێهری نوێ" سەر بە رێکخراوی بێهزیستیی ئێران لە ژمارە ٥ ی خۆی دا کۆمەڵە ئامارو زانیارییەکی جێی سەرنجی بڵاو کردۆتەوە.

ئەوەی کە تەمەنی تووشبوون بە ئێعتیاد بۆ خوار ١٤ ساڵ دابەزیوەو ئەو دیاردەیە خەریکە لە قوتابخانە سەرەتاییەکانیشدا پەرەدەستێنێ، ئەوەی کە زیاتر لە ٤ میلیۆن کەس لە ئێراندا مادەی هۆشبەر بەکار دێنن، ئەوەی کە لە سۆنگەی پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیادو بێکارییەوە ئاماری تەڵاق ٣٠٪ لە چاو ساڵی رابردوو زیادی کردوە. هەر بە پێی ئەو راپۆرتە تەمەنی لەشفرۆشی لە ئێران بۆ خوار ١٦ ساڵ دابەزیوەو ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری ژنانی لەشفرۆش ی ئێران نەخوێندەوار نین و خاوەن مێردو منداڵن.

ئێران لە رووی راکردنی مێشکەکان و کەسانی بژاردەی کۆمەڵگەی دا لە دنیا دا لە پلەی یەکەم دایە و ساڵانە زیاتر ١٢٠ هەزار کەس لە ئێران را بەرەوە وڵاتانی دیکە رادەکەن کە بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانە دەرچووانی زانکۆ و خاوەن پلەی بەرزی ئاکادێمین.

لە ئێراندا رێژەی بێکاری ١٨٪ راگەیەندراوە بەڵام کارناسە ئابوورییە سەربەخۆکان ئەو ئامارە حکوومەتییانە رەت دەکەنەوە و لە سەر ئەو باوەڕەن کە نرخی بێکاری لە ئێران سەرووی ٣٠ لە سەدە.

بە پێی راپۆرتی سازمانی میللیی لاوانی پارێزگای تاران لە ماوەی ٦ مانگی یەکەمی ئەوساڵدا ئاماری زەماوەند و پێکەوە نانی ژیان ٦٪ لە چاو ساڵی رابردوو دابەزیوەو لە بەرامبەردا ئاماری تەلاق ٢١٪ زیادی کردوە.

مورتەزا بەختیاری وەزیری دادگوستەریی ئێرانیش رایگەیاندوە کە لە ماوەی ١٠ مانگی رابردووی ئەوساڵدا ٥ میلیۆن و ٩٠٠ هەزار دۆسییەی حقووقی و سزادان لە دادگاکان‌دا کراونەتەوە. وەزیری دادگوستەریی ئێران ئاشکرای کردوە کە لەوساڵدا ٣ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار دۆسییەی تاوانکاری ، ٢ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار پەروەندەی حقووقی لە دادگاکانی وڵاتدا کاریان لە سەر کراوە و زیاتر لە ٣ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆسیەش لە "شووڕاکانی چارەسەریی کێشەکان"دا بەدواداچوونیان بۆ دەکرێ.

عەلیڕەزا جەمشیدی وتەبێژی پێشووی دەزگای قەزایی ئاشکرای کردوە کە بارستایی پەروەندە قەزاییەکانی ئێران زیاتر لە وڵاتی چین بە ١ میلیاردو ٣٠٠ میلیۆن حەشیمەتەوەیە.

ساڵی رابردووش قوربانعەلی دوڕی نەجەف ئابادی، دادستانی پێشووی وڵات رایگەیاندبوو کە لە هەر ١٠٠ هەزار کەسی ئێران، ٢٠٠ کەسیان لە زیندان دان. ناوبراو گوتبووی کە لە دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتییەوە حەشیمەتی ئێران ٢ بەرامبەر بووە، بەڵام ئەژماری زیندانییەکانی ئێران بۆتە ١٠ بەرامبەر.

ئەوەی گوترا دوورە دیمەنێک لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێرانی کۆماری ئیسلامی بوو.

> **کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٣١ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا تا ئێستا ٢٦ جار لە لایەن کۆمیسیۆن و شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤەوە مەحکووم کراوە و لەو ماوەیەش دا ساڵ نەبووە کە لە لایەن رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و هەواڵنێرانی بێسنوورەوە لەمەڕ پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و سەرکوتی ئازادییەکانی خەڵک ، بە تایبەت ئازادیی رادەربڕینەوە مەحکووم نەکرابێ**

> **ئێران لە رووی راکردنی مێشکەکان و کەسانی بژاردەی کۆمەڵگەی دا لە دنیا دا لە پلەی یەکەم دایە و ساڵانە زیاتر لە ١٢٠ هەزار کەس لە ئێران را بەرەوە وڵاتانی دیکە رادەکەن کە بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانە دەرچووانی زانکۆ و خاوەن پلەی بەرزی ئاکادێمین**

# بنەما تئۆرییە ، فەلسەفییەکانی دێموکراسی

زانیار ئەحمەدی

(بەشی شەشەم)

و. تەها رەحیمی




ئازادی لە بواری سیاسی دا کاتێک بە لووتکە دەگا کە حکوومەتگەلی دیموکراتی مودێرن پێک بێن و لە سەر بنەمای یەکسانیی گشتی و بەرابەری مافە گشتییەکان هەموو کەس لە رێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرانەوە حکوومەتی خۆیان بکەن. چاوەڕوانی لە هەموو لایەک دەکرێ کە وێڕای لەبەرچاو گرتنی قازانجەکانی خۆیان بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆشیان لەبەرچاو بێ. بە کورتی بە بڕوای فرۆم، سەرمایەداری نەک هەر مرۆڤی لە ... کۆن رزگار کرد، بەڵکوو کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر بەرز بوونەوەی ئاستی ئازادیی ئەرێنی و گەشەی ژیانێکی چالاک و رەخنەگرانە و بەرپرسیارانە دانا. لە روانگەی فرۆمەوە ئەوە یەکێک لە کاریگەرییەکانی سەرمایەداری بوو لە سەر گەشەی ئازادی. (فروم، ١٣٧٠: ١٢٣) ئەسڵی ئازادی، پێوەندییەکی واتایی لەگەڵ دیموکراسی و چۆنیەتیی گەشە سەندنی هەیە.

ئازادی مەرجە بۆ جێبەجێ بوونی دیموکراسی یەکسانی بۆ سەلماندنی بەرحەق بوونی دیموکراسی لایەنی بنەڕەتی هەیە و برایەتی بەرتئوری بوونی هەر جۆرە دیموکراسییەکە. نێوەرۆکی کۆمەڵگە چ دەبێ ببێ، تا ئەو رادەیە دەکرێ دیموکراسی تێیدا پاساو بدرێ کە لەودا یەکسانییەکی گونجاو لە نێو ئەندامەکانی دا هەبێ یان ملی بۆ راکێشرابێ. تەنیا لە رێگەی ئازادییەوە دەتوانین بە دیموکراسی بگەین، بەڵام لەو لایەشەوە دەبێ بڵێین ئەوە بوونی یەکسانییە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بە دیموکراسی گەیشتووین، کە رێگەیەکی شیاو و راستە بۆ رێکوپێک کردنی کاروباری گشتیی کۆمەڵگە. (کوهن، ١٣٧٣: ٣٩٧-٣٩٨)

لە روانگەی سیاسییەوە، لیبرالیزم بەرگری لە جۆرە ئازادییەک دەکا کە تێیدا تاک و گرووپ وەک بەرزترین نۆرمەکان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و رێکخراوە سیاسییەکانی دا بێنە بەرباس. ماکە مەعنەوییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ «مرۆڤ تەوەری»، «عەقڵ گەرایی» و «رۆشنەگەری»ی سەدەکانی هەڤدە و هەژدە. (صلاحی، ١٣٨٣: ٩-١٠)

بە بڕوای مەک فرسون، بۆنەو باوەکانی کۆمەڵگەی لیبراڵ پێویستیی دیموکراسیی دەرخست و دیموکراسی لە ئاراستەی ئەم بۆنەو باوانەدا بوو خۆی گرت و بە جۆرێک بوو بە پاڵپشت (نەک دژایەتیکەر). (مک فرسون، ١٣٨٢: ٥)

بە کورتی دەتوانین بڵێین دابین کردنی بەستێنی پەسندی یاساو رێساو هەروەها گرەنتیی جێبەجێ بوونی بە دەوڵەت ئەسپێردراوە، لەم رووەوە مامەڵەی دەوڵەت لەگەڵ بنەما و پێوەندییەکانی لیبراڵیزم قۆناخێکی نوێ بەخۆوە دەبینێ. بۆیە ئەو دەوڵەتە باشە کە بتوانێ بێ ئەوەی ئازادی و ئیرادەی تاکەکەسی پێشێل بکا، خواست و داخوازییەکانیان دابین بکا. کە ئەمەش راست دیموکراسییە. ئازادی لە سروشتی دیموکراسی دا بوونی هەیە.

(بشیریە، ١٣٨٤: ٢٤٤) ئەندێشە لیبراڵییەکان بە بنەمای فەلسەفی و تئۆریکی سیستەمە دیموکراتیکەکانی رۆژئاوا دەژمێردرێن. بەو واتایە کە دیموکراسی بەرهەمی بەرهەست (عینی) و هەموار کراوی تئوری لیبرالیزمە. (بشیریە، ١٣٨٦: ١١)

گەورەترین نوێنەری فەلسەفی دیموکراسیی سەدەی نۆزدە جان ستیوارت میلە. بە بڕوای وی ئاکامی ژیرانەی لیبرالیزم، دیموکراسییە (واتا ئەگەر لیبراڵیزم راست و دروست پراکتیزە بکرێ لە ئاکام دا دیموکراسیی لێ دەکەوێتەوە).

میل بە پێچەوانەی بێنتهام دەیوت: ئامانجی مرۆڤ تەنیا وەدەستهێنانی خۆشی و چێژ نییە، بەڵکوو ئازادی، شەرافەت و ئابڕووی مرۆڤ گەورەتر لەوانەن. کەواتە ئازادی تەنیا پێویستی گەیشتن بە خۆشی و بەختەوەری نییە، بەڵکوو ئازادی بۆ گەشەی رێزو شەرافەتی مرۆڤیش پێویستە.

لیبرالیزمی لایەنگری بازاری ئازاد هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی تئۆریکی بەدوای جیاکردنەوەی بیاڤی تایبەتی (تاکەکەسی، بنەماڵەیی، ئابووری) لە ئۆتۆریتەی دەوڵەت بووە. بە بڕوای زۆربەی بیرمەندانی سیاسی، ئازادی بە جەوهەری دیموکراسی و پرۆسەی گەشە سەندنی دیموکراسی دەژمێردرێ. لەم رووەوە یەکێک لە سەرەکیترین بنەما فەلسەفییەکانی دیموکراسی، لیبرالیزمە. (بشیریە، ١٣٨٤: ٢٤٤) بەو واتایە دیموکراسیی سەدەی بیستەم زیاتر بەرهەمی لیبرالیزمی سەدەی نۆزدەیەمە، ئەگەرچی ئەم بیروبۆچوونانە دەچنەوە سەر روانگەی جێرمی بێنتهام، جان ستیوارت میل و ژان ژاک رۆسۆ. (صلاحی، ١٣٧٣: ٤٧) جان ستیوارت میل رۆڵێکی گرینگی لە پێشخستنی رەوتی ئەندێشەی لیبراڵ دیموکراتیکی نوێ دا هەبوو. ناوبراو زیاتر پشتیوانی لەو چەشنە ژیانە سیاسییە دەکرد کە تایبەتمەندیی دیاریی گەشەی ئازادیی تاکەکەسی و وەڵامدەر بوونی حکوومەت بێ. میل راشکاوانە بەرگریی لە دیموکراسی دەکرد و داوای دەکرد ئازادییە تاکەکەسییەکان لە هەموو بوارەکانی ژیان دا پەرەیان پێ بدرێ. ناوبراو لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی دا «لەبارەی ئازادی یەوە» ئامانجی روونکردنەوەو بەرگری لەو بنەمایانە دەردەبڕێ کە بتوانن چییەتی و سنوورەکانی ئەو دەسەڵاتەی کە کۆمەڵگە بە شێوەیەکی رەوا بەسەر تاکەکەسی دا دەسەپێنێ، دەربخا. (هلد، ١٣٦٩: ١٣٨)

مارکس جیاوازی لە نێوان ئازادیی فۆرمالی و ئازادیی ماددی دادەنێ. لە لای مارکس ئازادیی فۆرماڵیتە یان قانوونی بە تەواوی بێ بایەخ نییە بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئازادییەی کە بە بڕوای وی ئامانجی گووڕانی مێژووییە، بەس نیە. گرینگ ئازادیی راستەقینە واتا ئازادیی ئابوورییە و ئەو ئازادییەش تا هەموو کەس یەکسان نەبن وەدەست نایە. بۆ رزگار بوون لەو نایەکسانییەش «مەرجی سەرەکی و بنەڕەتی کەم کردنەوەی سەعاتی کاری رۆژانەیە». (پوپر، ١٣٨٠- الف: ٩١٦-٩١٧) لە روانگەی لیبراڵەکانەوە تەنیا حکوومەت دەتوانێ ئازادیی (تاکەکەسی) دابین بکا. کەواتە بە جێی حکوومەتی تاکەکەسی، حکوومەتی قانوونی بێتە ئارا. ستیوارت میل دەڵێ: «ژیان ئەو کاتە بایەخی هەیە کە کۆت و بەندی بۆ دیتران تێدا نەبێ». (لنکستر، ١٣٧٦: ١٥٤) لە لایەکیشەوە میل ترسی لە سەرەڕۆیی زۆرینە هەیە. ئەسڵی دەنگی زۆرینە و حکوومەتی زۆرینەی خەڵک، کە هەموو دەنگدەران بە یەکسان دادەنێ، ئەگەرچی جەوهەری دیموکراسییە، هەمیشە ترسی دیکتاتۆرییەتی زۆرینەو چەوساندنەوەی کەمینەی لێ هەبووە. ئینجا بۆیە هەم تۆکڤیل و هەمیش جان ستیوارت میل ترسی ئەو ئەگەرەیان هەبووە. (مکنزی و دیگران، ١٣٥٧: ١٨٤) لەبەرئەوە قانوونێک کە خەڵک دایدەنێن، باشترین لەمپەڕە. لە بەشەکانی دواتر دا بە وردی چۆنیەتی و پێویستی لیبراڵیزم و دیموکراسی و شێوازی گەشەسەندن دامەزرانی دیموکراسی لیبراڵی دەخەینە بەرباس.

**١-٣- بنەما کۆمەڵایەتییەکانی دیموکراسی**

بێ گومان هەر جۆرە تئۆرییەک لەسەر زانستە مرۆییەکان بەرهەمی شیرازەو ژینگەی دەوروبەرێتی کە هەم کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەی خۆی دەبێ و هەمیش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ژینگەکەی. هەروەها چونکی تئۆری نووسین لەبارەی زانستە مرۆییەکان پێوەندییەکی نزیک و واتاداری لەگەڵ کۆمەڵگەو بەتایبەت بوارە کۆمەڵایەتییەکان دا هەیە، هۆکارو فاکتەرو توخمە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا بەرچاون. بابەتی دیموکراسییش کە لە بنەڕەتدا پێوەندیی لەگەڵ گۆڕانکاریی بوارە کۆمەڵایەتییەکان دا هەیە لەم تایبەتمەندییە بێ بەری نییە.

هەر بۆیە ئەم تئۆرییانەی لەبارەی هەلومەرجی دەرکەوتن و پێگەیشتنی دیموکراسییەوە هەن بوونەتە کەڵکەڵەی باوی زانا سیاسییەکان و لەم تئۆرییانەدا جەخت لەسەر رۆڵ و کاریگەریی هۆکارە جۆراوجۆرەکانی ژینگە لەسەر سیستەمە سیاسییەکان کراوەتەوە.

بوارە ئابووریی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە هۆکارەکانی دیکە وەک بەڕایی پێویست بۆ دەرکەوتنی دیموکراسی باسیان لێ کراوە. (بشیریە، ١٣٨٤: ٣٢) بە بڕوای کوهن بنەڕەتیترین بواری دیموکراسی «بوونی کۆمەڵگەیەکە، کە شیمانە دەکرێ دیموکراسی تێیدا جێبەجێ کرێ». (کوهن، ١٣٧٣: ٧٤)

لەم بوارەدا تئۆریی سیستمی تالکوت پارسونز جەخت لەسەر پێوەندیی سیستمی سیاسی لەگەڵ سیستمی کۆمەڵگە دەکاتەوە. بە پێی ئەم روانگەیە، گووران و سەقامگیری و پەرەگرتنی دیموکراسی، پێویستی بە گۆڕان لە بیاڤەکانی دیکەدا هەیە. مارتین لیپست لەسەر ئەم بڕوایەیە کە پێوەندییەکی نزیک لە نێوان گۆڕانکارییەکانی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەرکەوتنی نیشانەکانی دیموکراسی دا هەیە. (لیپست و دیگران، دایرەالمعارف: ١٢) دانیل لورنێر یەکێک لە کۆمەڵناسە کلاسیکەکان پێی وایە بەشداریی سیاسی وەک نیشانەیەکی سەرەکیی دیموکراسی، پێویستی بە چەند قۆناخ گەشەی بەردەوام بەتایبەت پەرەپێدانی شارنشینی، گەشەی پەروەردەیی و پەرەدان بە ئامرازە پێوەندییەکانەوە هەیە.

بۆ پەرەسەندنی دیموکراسی پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسییەکان لە بەستێنی کۆمەڵگەیەکی کراوەو دینامیک دا یارمەتیدەرن. کوهن دەڵێ: چونکی دیموکراسی جۆرە حکوومەتێکی بەکۆمەڵە، کەواتە بۆ ناسینی چییەتیی دیموکراسی، زانینی واتاو چەمکی بەربڵاوی کۆمەڵ یان کۆمەڵگە پێویستە. راست لەبەر ئەوە، دیموکراتیک بوون بە بەشداریی ئەندامانی کۆمەڵگەوە دەناسرێتەوە. (کوهن، ١٣٧٣: ٢٥) دیموکراسی بە واتا مودێرنەکەی، هەم چەشنە حکوومەت کردنێک و هەمیش چەشنە کۆمەڵگەیەکە. بێ هەبوونی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک یان بنەما کۆمەڵایەتییەکانی دیموکراسی، حکوومەتێکی دیموکرات دانامەزرێ. (بشیریە، ١٣٨٦: ٢٣) لە زۆربەی ئەو باسانەی کە پێوەندییان بە دیموکراسییەوە هەیە پێوەندیی نێوان حکوومەتی دیموکراتیک و کۆمەڵگەی دیموکراتیک لە ئارادایە. دەوترێ سەرکەوتنی حکوومەتە دیموکراتیکەکان بە بوونی هێندێک دامەزراوی کۆمەڵایەتیی وەک ئابووریی ئازاد، تیڤی و راگەیەنە سەربەخۆکانەوە بەستراوەتەوە. لە راستیدا «کۆمەڵگەی دیموکراتیک بەو تیپە دامەزراوە کۆمەڵایەتییە دەوترێ کە پێشمەرجی حکوومەتێکی دیموکراتیکن. خاڵی گرینگیش ئەوەیە کە دیموکراسی تەنیا دامەزراوە سیاسییەکان ناگرێتەوە بەڵکوو لە هەمان کاتدا شێوەژیارو شارستانییەتێکی تایبەتە کە هێندێک جار بە شارستانییەتی دیموکراتیک ناوی دەبەن». (جیکوبز، ١٣٨٦: ٣٠)بە بێگومان لە کۆمەڵگەیەکی کراوەدا کە گرووپ و ئەنجومەنەکانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گرووپی پێک دێن دەتوانێ تۆکمەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی لێ بکەوێتەوەو ئەویش بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی گەشەی دیموکراسی. تئۆرییە ماریفەتناسی و مێتۆدناسییەکانی پوپێرو هابرماس زیاتر لە رۆڵ و کاریگەریی بوارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دیموکراسی و سەقامگیری و پەرەسەندنی دەدوێن.

**١-٣-١ ئەسلی یەکسانی**

لە روانگەی دیموکراسییەوە ئامانجی یەکسانیی سیاسی سەرەکیترین بابەتە. رۆسۆو مارکس، کە دوو بیرمەندی بەرجەستەو شۆڕشگێری بیرو هزری نوێن، بە دامەزرێنەرانی رەسەنی یەکسانیخوازی لە جیهان دەژمێردرێن. زۆر دژوار نیە وەک ئەوان بیر بکەینەوە، بەڵام ئاخۆ مرۆڤەکان لە جەوهەردا یەکسانن یان نا؟ ئەگەریش یەکسانن چۆن دەکرێ بەم یەکسانییە بگەین. لە راستیدا بڕواکردن بە یەکسانی و یان نایەکسانیی مرۆڤەکان، ئاکامی گرنگی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەیە. ئیدەی یەکسانیی جەوهەری مرۆڤەکان خاوەن رابردوویەکی هەزار ساڵەیە. لە بواری فەلسەفییەوە دەتوانین بڵێین ئەوە (رواقیون) بوون گەڕای یەکسانییان لە مێشکی رۆژئاواییەکان دا داناوە. ئەوان لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە «هەموو مرۆڤەکان لە بواری دەرک کردنی ئەرکە گشتییەکانی قانوونی رەوشتی شاراوە لە جیهان دا یەکسانن، کەواتە لەم رووەوە هەموو وەکیەک دەتوانن بە (الوهیت) خودا بگەن. (تیندر، ١٣٧٤: ٥٧) فیلسوفەکانی یۆنانی کۆن پێیان وابوو بە هۆی ئەسڵی سروشت و چییەتیی سروشتی شتەکان مرۆڤەکان لەبنەڕەتدا یەکسان نین. ئەوان ئەسلی یەکسانیی بووناسیانەی هەموو مرۆڤەکانیان قبووڵ نەبوو. لە سەردەمی پریکلیسیشدا کە دیموکراسی خۆی گرتبوو، ئەو نایەکسانییە باوبوو. چونکی یەکسانیی سیاسیی ژنان و کۆیلەکان و بێگانەکانی نیشتەجێی ئاتێن و نزیک بە دوو لە سێی خەڵکی نەدەگرتەوە و ئەوانەی باس کران مافی دەنگدانیان نەبوو. بەڵکوو ئەوە تەنیا مافی هاووڵاتیانی پۆلیس بوو. بە پێی نووسراوەکانی ئەرەستوو (٣٨٤-٢٣٣ پ.ز) لە یۆنان هاووڵاتیی بە کەسێک دەوترێ کە لە «دادوەری و وەئەستۆ گرتنی پێگە دەوڵەتییەکان»دا بەشدار بێ. (هلد، ١٣٦٩:٦٣) کارل پوپێر لەسەر ئەم بڕوایەیە کە ئەفلاتوون و ئەرەستوو بەدیهێنەری نایەکسانیی مرۆڤەکان بوون. ئەوان بە پێی یاساو رێسا ژیوارناسی، مەعنەوی و رەوشتییەکان ئەو نایەکسانییەیان شی دەکردەوە. بەڵام لەم لایەشەوە سوفسەتائییەکانی وەک پروتاگۆس، ئانتیفۆن، ئورییپدس و.. یەکسانیخواز بوون. لە روانگەی سوفسەتائییەکانەوە «یەکسانی»، قانوونی سروشتی مرۆڤە. پوپێر ئەو تەڤگەرە مەزنەی مرۆدۆستییە بە نەوەی مەزن ناودێر دەکا. (پوپر، ١٣٨٠- الف: ١٢٠-١٢٨)

شرۆڤەو خستنە بەر رەخنەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دیموکراسی بایەخدارە.

هەر چەشنە باس و لێکدانەوەیەک لەسەر یەکسانیی راستەوخۆ لە کێشە سیاسییەکانمان وەردەدا، جگە لە یۆتوپیاچییانەی لایەنگری یەکسانی، زۆربەی رووما بەرجەستەکانی مێژووی هزری رۆژئاوا نایەکسانیی مرۆڤەکانیان بەڵگاندوە، ئەوان مرۆڤیان بە شێوەی نایەکسان پێ بە مرۆڤە. ئەفلاتوون یەکێک لە گەورەترین بەرگریکەرانی نایەکسانیی جەوهەری مرۆڤەکان بوو.

ئەفلاتوون بەمجۆرە وڵامی یەکسانیی سروشتی مرۆڤ دەداتەوە کە: «گرتنەبەری رەوشتی یەکسانی سەبارەت بە ئەوانەی یەکسان نین نادادپەروەری لێدەکەوێتەوە». هەروەها ئەرەستوو ئەو واتایە بە جۆرێکی دیکەش لێکدەداتەوە کە «یەکسانی بۆ یەکسانەکان، نایەکسانی بۆ نایەکسانەکان». (پوپر، ١٣٨٠- الف: ٢٦٩) ئەرەستوو لە پێکهاتەیەکی سروشتی دارێژراوی قوچەکی دا مرۆڤەکان بە پێی عەقڵ و چۆنییەتی و رادەی ئاوەز پێناسە دەکا.

ئەو بنەمای نایەکسانیی مرۆڤەکان دەباتەوە سەر عەقڵ و ئاوەز ئەفلاتوون هێژموونیی جەوهەریی فیلسوفەکانی راستەقینەی قبووڵە و سەرچاوەی ئەو مەزنایەتییەشیان لە گەیشتن بە «مثل» دەزانی. نیچە زۆرجار بە توندی هێرشی کردۆتە سەر یەکسانی، بە بڕوای وی یەکسانی یەکێکە لە ئامرازەکانی کەسە لاوازەکان کە بە سووک و چروکی و دوژمنایەتییان شکۆی مرۆڤایەتیی دەشکێنن. (تیندر، ١٣٧٤: ٥٥) سەرەڕای زاڵبوونی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بیرێکی دیکە لە مێژووی ئەندێشە فەلسەفییەکانی رۆژئاوا دا سەری هەڵدا کە لە ئاکام دا هەموو نایەکسانییەکان بە رەهەندێکی (عارفی) دەزانێ و هەموو مرۆڤەکان بە شێوەیەکی جەوهەری پێ بە یەکسانە.

١)ئەفلاتوونیە: بنەمای هزروبیری ئەفلاتوون لە رێچکە فەلسەفییەکەی خۆی دا.

# لە یادی ١٠ ساڵەی مەرگی "شاملوو"دا



**وریا رەحمانی**

رۆژی ٢ی گەلاوێژی ئەمساڵ دەیەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی شاعیر، نووسەر، لێکۆڵەر، رۆژنامەنووس، بیرمەندو کەسایەتیی بەرجەستەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی ئێران "ئەحمەد شاملوو" بوو کە هەروەک چۆن لە هەواڵەکانیشدا بیستمان ئەمساڵیش وەکوو ساڵانی رابردوو هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دیسانیش رێیان نەدا بە ئەندامانی بنەماڵە و کۆمەڵێک لە ئەویندارانی ئەم مرۆڤە هەڵکەوتەیەی مێژووی هاوچەرخی ئێران کە سەردانی گڵکۆی بکەن و رێوڕەسمێکی هەر چەند بچووکی شێعرخوێندنەوەش بە مەبەستی بەرز راگرتن رێزگرتن لە یادی پیرۆزی ئەو کەڵە پیاوە بەڕێوەبەرن. دیارە ئەوە نەریتی نەگۆڕی رێژیمێکی دیکتاتۆریی وەک کۆماری ئیسلامییە کە هەمیشە هەراسان بێ لە هەبوون و تەنانەت یادی کەسانێکی وەک شاملووی مەزن و لە سێبەری کێلی گۆڕەکانیشیان دەترسێ. ئەحمەد شاملوو کە سەردەمانێکی زۆر لە ژیانی فەرهەنگی و نووسینی خۆی دا لە نازناوی "الف.بامداد" کەڵکی وەرگرتوە، لە دایکبووی ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوییەو زیاتر لە هەر شتێکی دیکە وەک شاعیرێکی بەتوانا و داهێنەر ناسراوە. یەکەم ئەزموونی جیددیی شاملوو وەک شێعر دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە شێعری "هەوای تازە" کە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی دەریکردوە و ئیتر لەوێوە بە شێوەیەکی دیارو شوێندانەرانەوە سەرنجی کۆمەڵگەی ئەدەبیی ئێران و جیهانی بە لای خۆیەوە راکێشا. شاملوو لە ماوەی ٧٥ ساڵ تەمەنی خۆی دا زیاتر لە ١٤ کۆمەڵە شێعری وەک کتێب پێشکەش بە لایەنگرانی شێعر و ئەدەبی فارسی کرد. (آهنها و احساس، قطعنامه، هوای تازه، باغ آینه، لحظه‌هاو همیشه، آیدا در آینه، آیدا، درخت و خنجرو خاطره، ققنوس در باران، مرثیه‌های خاک، شکفتن در مه، ابراهیم در آتش، دشنه در دیس، ترانه‌های کوچک غربت، مدایح بی صله، حدیث بی قراری ماهان). شاملوو لە ساڵانی دەیەی ٤٠ی هەتاوی دا روو دەکاتە کاری رۆژنامەنووسی و چەند گۆڤارێکی وەکوو "کتاب جمعه، خوشه، ..." دەردەکا و لەم بەستێنەشدا جێپێیەکی هەمیشە دیار بۆ خۆی دەستەبەر دەکاو لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕەپانێکی بەرینتر بۆ گەشەی زیاتری شێعر و ئەدەبیاتی ئێرانی و ناسینی بەرهەم و قەڵەمە جیهانییەکان دەڕەخسێنێ. لە بواری وەرگێڕان دا بە راستی دەستێکی بە توانای هەبوو و بێدەریغانە کۆمەڵێک دەق و داستان و شێعری بە پێزی جیهانیی بەتایبەت لە زمانی فەرەنسەوییەوە وەرگێڕاوەتەوە. هێندێک لە وەرگێڕانە شێعرییەکانی لە کتێبێک دا بە ناوی "همچون کوچه‌ای بی انتها"دا چاپ کردوە. لە وەرگێڕانە داستانییەکانیشی دەتوانین ئاماژە بە داستانەکانی "شازده کوچولو، شاهزاده و گدا، هملت، ..." بکەین. شاملوو دەستێکی باڵای لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زمانەوانی و مێژوویی دا هەبووە و لەم بوارەش دا کۆمەڵێک ئاسەواری بە نرخ و باشی لێ بەجێماوە: (شرح و تصحیح دیوان حافظ، شرح خیام، خوانش غزلیات شمس، گذاری بر ادبیات مشروطه، تأملی در سبک و شعر نیما، تصحیح تاریخ بیهقی،...). لە بەرهەمە بایەخدارەکانی دیکەی شاملوو دەتوانین ئاماژە بە دانانی کتێبێکی "دایرەالمعارف"ی چەندین بەرگی بە ناوی "فرهنگ کوچه" بکەین کە ساڵانێکی زۆری ژیانی ئەو شاعیرو نووسەرە گەورەیەی بەخۆیەوە تەرخان کردووە کە هەوڵ دراوە کۆمەڵێکی بەرچاو لەو قسەو گێڕانەوە و دەستەواژەو نوکتەو نەستەق وێژی و ئەدەبیاتی ئاخاوتنی نێو کۆمەڵگەی کوچەو بازاڕی ئێرانی تێدا کۆ بکرێتەوەو نۆرمی فۆلکلۆریکی و مێژوویی رەهەندە بەیتییەکانی زمانی تێدا بپارێزرێ.

دیارە باسی کەسایەتی و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەندێشەو ژیانی شاملوو لە توێی چەند لاپەرەیەک دا ناگونجێ و لێک نادرێتەوە. بەڵام پێویستە ئەوەندە بڵێم کە شاملوو بەر لە هەموو شتێکی دیکە مرۆڤێکی بەواتای تایبەتی وشە مرۆڤ بوو و تەنانەت یادیشی وەبیرهێنەرەوەی بایەخە پیرۆزو ماندگارەکانی مرۆڤایەتییەو لە بەرهەمەکانی دا هەمیشە مرۆڤ و کەڵکەڵەکانی ئینسانی لە گرینگترین و بەرچاوترین چەمکەکانی پێکهاتەیی و خوڵقاندن بوون. دروستە کە شاملوو بە زمانی فارسی قسەی دەکردو دەینووسی، بەڵام مەبەستی بەرهەمەکانی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە بێجیاوازی دەگرێتەوە و بەم پێوەرە دەتوانین بڵێین شاملوو بەگشتی مرۆڤێکی بیرمەندو نووسەرێکی جیهانی و نێونەتەوەیی بوو. پاش ئەوەی "نیما یوشیج" وەک باوکی شێعری نوێی فارسی بەستێنەکانی ئەدەبیاتی بەرینتر کردەوە، شاملووش بە درێژەپێدانی رێگەکەی نیما و خوولقاندنەوەی نوێتری فەزای شێعر و کەڵکی جیاواز لە توخمە ئەدەبییەکان مۆدێلی شێعری "سپی"ی دامەزراند کە لە خاڵە دیارترەکانی شێعری سپی دەکرێ ئاماژە بە لابردن و نەهێشتنی کێش (وەزن)ی شێعری و کەچی کەڵک وەرگرتن لە سەروا (قافیه) بە گوێرەی پێویست بکەین.

شاملوو بۆخۆی دەڵێ کە لە دارشتنی شێعری سپی دا کەڵکێکی زۆرم لە شێوازی نووسینی مێژووی بەیهەقی وەرگرتوە. دەڵێ لە شاعیرو نووسەرو بیانییەکان حەزم لە "مارگۆت بیکێل، پابلۆنێرۆدا، لۆرکا، پۆل ئێلوار، گارسیا مارکێز، کافکا، هیوز، مایاکۆفسکی"یە و لە ئێرانییەکاندا حەزم لە "فروغ، نیما، دەوڵەت ئابادی، هیدایەت، خۆیی و..."یە. هەروەها "حافظ" بە شوێندانەرترین کەس بەسەر خۆیدا دەزانێ و "خەییام"و "مەولانا"شی زۆر خۆش دەوێ. شاملوو چەندین جار پاڵێوراوی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل بووە بەڵام لە بەر هەندێک تێبینیی سیاسییەوە پێی نەدراوە.

# لە هەر باخچەی گوڵێک




کتێبی شێعری 'لە هەر باخچەی گوڵێک' هی شاعیری ژن "سونبولی حەقیقی"یەو لە توێی ١٦٥ لاپەڕە دا، کۆمەڵێک شێعری عەرووزیی کوردی و فارسی لەخۆ دەگرێ. ئەم کتێبە شێعری یە کە بەرهەمی ژیانی شاعیرە، هەڵگری زۆربەی رووداو و بەسەرهاتەکانی خاوەنەکەیەتی و رەنگدانەوەی ساتەخۆشەکانی مرۆڤی ژنی کوردە کە لە چوارچێوەی شێعری عەرووزی کوردی و فارسی دا بە شێوازەکانی غەزەل و مەسنەوی و دووبەیتی و...دەربڕیوە. سونبول خانمی حەقیقی کە لەدایکبووی ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە شاری بۆکانە کچی مامۆستا عەبباسی حەقیقی، شاعیرو وەرگێڕی ناوداری کورد، لە ناوچەی موکریانە و ئێستا لە وڵاتی کانادا لە تاراوگە دەژی. لە توێی شێعرەکانی ئەم شاعیرە ژنەی وڵاتەکەماندا هەستی مرۆڤانەو خۆشەویستیی وڵات بە ڕوونی دەردەکەوێ و خوێنەری ئەم دێڕانە بە ڕاشکاوی لەگەڵ ژنیکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز و پێشکەوتوو و ئازای کورد ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە هیچکات و لە هیچ شوێنێکیش دا بنەما مرۆیی و نەتەوەیی و هزرییەکانی لە بیر ناباتەوە.

لە بابەتە پڕبایەخ و سەرنج ڕاکێشەکانی ئەم کۆمەڵە شێعری یە، بەرجەستە بوونی ئاویتە و تێکڕای هەستێکی غەریب و ئاگادارانەی نۆستالێژیکی شاعیرە بۆ ژیان و نیشتمان کە بە حەق وێنایەکی پڕ لە خۆشەویستی و جوانیان بە کۆی شێعرەکانی شاعیر بەخشیوە.

یادی ئازیزان و ساتە تایبەتەکانی تەمەنی ژیانی سونبول خانم لە لایەنە بەرچاوەکانی شێعرەکانیەتی و گرینگی دان بە پرەنسیپە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانیش بە زۆری لە نێوئاخنی شێعرەکان دا خۆ دەنوێنن.

نرخاندن و کەڵک وەرگرتنی بە پێز و ئەکتیڤ لە گشت ساتەوەختەکانی ژیان و بەهای جوانیناسانەی چەمکی پیرۆزی ئەوین لە هەموو کەنارو بەستێنەکانی دەریای شێعریی شاعیردا، شەپۆلان دەداو دەروازەکانی جوانی و ئەوین لە ژیان دا بەرەو رووی مرۆڤ ئاوەڵاتر دەکاتەوە.

**قافڵەی ژینێ بەکەس دەرفەتی ساز بوون نادا**
**چەن بە بێ هەست و سەبر تێدەپەڕێ کاروانی**
**گەر لەرێی عیشق و ئەوین"سونبول" ئەتۆ خۆلادەی**
**تاکوو دوارۆژی تەمەن لەم هەڵەیە حەیرانی**

# هەڵپەڕکێ نەریتێکی کوردەواری

**عەبدوڵڵا سادقی**

هەڵپەڕکێ ئاساییترین دیاردەی بوونە، بەر لە سەرهەڵدانی مرۆڤ، رازی پێوەندی نێوان کائینات بووە.

هەڵپەڕکێ یەکێکە لە هونەرە هەرە کۆن و رەسەنەکانی میللەتی کوردە و بە یەکێک لە هونەرە گرینگ و بایەخدارەکانی میللەتی کورد دەناسرێ و هونەرێکی کلاسیکی کۆن و فلکلۆرە کە نوێنگەی، ئازایەتی و لێهاتوویی وچالاکی گەلی کوردە.

هەڵپەڕکێ مێژوویەکی دروست، سەرچاوەیەکی روون و ئاشکرای نییە. واتە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ژیانی کورد تێکەڵ بووە و هێندێک کەس دەڵێن ٢٦١٠ ساڵ پێش ئێستا و لە کاتی هێرشی ئەسکەندەر بۆ سەر حاکمی ئیمپراتۆری هەخامنشیەکان" بووە. هەڵپەڕکێی کوردی بەزم نییە بەڵکوو "رەزمە" واتای نەزمەکەمان و جۆرەکانی هەڵپەڕکێی بە پێی ئاڵوگۆڕی ژیان و شێوەی شەڕ و کارو زەحمەتی بێوچانی خەڵکی کورد دانراون کە هەموو نێوەرۆکیان لە ناوچە شاخاوی و پڕ لە هەردو دەوەن و هونەرپەروەری کوردەواری دا هەڵقوڵاون لە بنەرەتدا زۆربەی نەزمەکان لە سروشت گیراون و زۆربەشیان حەماسین وەکوو: خانان، شەلان، فەتاح، و فەتاح خانان و سێ جار ئایشۆکێ و.....لە سەرەتادا خەڵکی کورد لە کاتی گێرە و هەڵگرتنی خەرمان و چاندنی گەنم و جۆدا هەڵپەڕیون.



لە هەڵپەڕکێی کوردی دا بۆ ژن رێز و بایەخێکی تایبەت و جیاواز دادەنێن وەک دەڵێن هەڵپەڕکێی بێ ژن وەکوو داری بێ بەر وایە.

دەتوانین بڵێین نەتەوەی کورد خاوەنی چوار تایبەتمەندی سەرەکییە

١. زمانی دەوڵەمەندی چەند زاراوەیی
٢. داب و نەریت و جلوبەرگی رازاوەی جۆراوجۆر
٣. ئازایەتی و بوێری
٤. شایی و هەڵپەڕکێیەکی جۆراوجۆر

زۆربەی گەلان بە هەڵە پێیان وایە هەڵپەڕکێی کوردی (رقص) و (سەما) یە، لە راستیدا حەرەکەت و جموجۆڵەکانی هەڵپەڕکێی کوردی هەموو هێرشبەرانەن و زۆرترین جوڵەکان لە لاق دان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەڵکەوتی جوگرافیای کوردستان زۆربەی شاخاوییە و زۆربەی کات خەڵکەکەی لە شەڕ دابوون و بۆ خۆ ئامادەکردن لە بەرامبەر دوژمن دا هەمیشە پێش لە شەڕەکان بەزمی شادی و خۆشیان گێڕاوە و هەڵپەڕیون. کەوایە کە لە هێندێک لە نەزمەکاندا لاقیان بۆ پێشەوە و پاشەوە فڕێ دەدەن وەکوو "سمکۆلان" یان هەڵدەخەنەوە وەکوو نەزمی"پشت پای فەتاح" بە ئاوڕدانەوەیەک لە شێوەی هەڵپەڕکێی نەتەوەکانی دیکە دەتوانین ئەم راستییە بسەلمێنین کە هەڵپەڕکێی کوردی بە هەموو جۆرەکانییەوە بە کۆمەڵ و هێرشبەرانییەوە لە کاتێک دا هەڵپەڕکێی میللەتانی دیکە "تاکی" و جوڵەکانیان " بە بەشەکانی دیکەی لەش ئەنجام دەدرێ و لە هەندێ کە شوێنیش بە دەست و بە ئامێری دارو شمشێر بەڕێوە دەچێ.

فەلسەفەی هەڵپەڕکێ باسێکی زۆر و لێکدانەوەیەکی قووڵی دەوێ و کارناسێکی لێهاتوو کە لێی بکۆڵێتەوە، لە نێو زۆربەی نەزمەکان دا دێنە پێش و دەچنە پاشەوە و دەقوولێنن، ئەوە مانای ورەدانە بە کۆمەڵگە و کۆڕی هەڵپەڕکێی و شەڕکەران و بانگ کردنی خەڵکی دیکە بۆ مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمن.

بە گشتی دەتوانین بڵێین "هەڵپەڕکێ" یەکێکە لە شادەمارەکانی هونەری کلاسیکی کوردییە. هەڵپەرکێ بەزمی دڵ و چاو نەزمی دەست و پێ یە.

هەڵپەڕکێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، زۆر دەوڵەمەندترە. هەر مرۆڤێک کە دڵی خۆش بی، شەپۆلی ئەو خۆشییە هانی دەدا بۆ دەربڕینی هەستی خۆی، لە نێو کوردەواری دا کوردیش لە هەموو شتێک خۆی تاو دەداتە نێو شایی و هەڵپەڕکێ.

جۆری ئەو هەڵپەڕکێیانە کە زۆربەیان لە بیر چوونەتەوە یان لە حاڵی فەوتان دان کە زۆریشن وەکوو:سێ پێیی،سوسکەیی، سەمای کۆچەری، سەنجان، سولەتەکی، شێخانی، شەنگاری و گۆل شێنێ، فەتاح پاشایی، منجۆڵی، تووسکی و ئایشۆکێ، کەیرۆکە، سێ جارو سەنگێن سەما و زۆر نەزمی دیکە کە لە ناوچەکانی کوردستان دا کاتێک باو بوون ئێستا زۆربەیان نەماون.

لە کوردستان دا لەگەڵ هەر جۆرە شایی و هەڵپەرکێیەکدا جۆرە نەزم و ئاوازێک دەگوترێ، کە لەگەڵ جۆری جوڵانەوەیان بگونجێ، کابرای گۆرانیبێژ لە نێوەڕاستی ئەو بازنەیە رادەوەستێ و ئاهەنگ و هەوای جۆراوجۆر دەچرێ و لەگەڵ زۆرناژەن دا هەر جار روو لەلایەکی شاییەکە دەکەن بۆ بزواندنی هەستی ئەوانەی هەڵدەپەڕن. هەر کات زۆرناژەن روو دەکاتە هەر لایەک، ئەو لایە گەرمتر و بە هەستێکی جیاوازترەوە هەڵدەپەڕن.

جێگەی ئاماژەیە کە دەهۆڵی نێو شاییەکە بە مانای گۆی زەوییە و سورناکەش بە مانای جەو یا هەوایە، داوەتەکەش کە پێک هاتووە لە رەشبەڵەکی ژن و پیاو بە مانای ئەستێرەکانی ئاسمانن و دەستیان وا لە نێو دەستی یەکدا هەڵدەپەڕن کە بە مانای یەکیەتی و ئیتیحادە.

**بەشی یەکەم**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 540 7 Aug 2010



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لە ماڵاوایی

# نابێ پشتی ئەم مرۆڤە بەرز و بەڕێزانە چۆڵ بکرێ

قادر وریا

لە نێو هەواڵەکانی ئەم چەند رۆژەی دوایی دا، دووانیان زیاتر لەوانی دیکە سەرنجیان راکێشام و کاریان تێ کردم. یەکەم، هەواڵی راکردنی پارێزەری ئێرانی محەمەد مستەفایی بۆ تورکیە و بە بارمتە گیرانی ژن و منداڵەکەی لەلایەن دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە. دووهەم، نامەی بنەماڵەی دوکتور محەمەد سەدیق کەبوودوەند بۆ خاتوو نوی پیلای، کۆمیسێری مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

چارەنووسی ئەم دوو کەسە مافناسە مرۆڤدۆستە، ئاوێنەیەکە کە دەتوانین چارەنووسی زۆر لەو مرۆڤە تێکۆشەرانەی تێدا ببینین کە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا، لە بواری مافی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ داپەروەری دا تێ دەکۆشن. محەمەد مستەفایی ئەو وەکیلە مرۆڤدۆست و خێرخوازەیە کە بە هاناوە چوونی مێرمنداڵانی تاوانباری بە ئەرکی خۆی زانیوە. ئەو، لە ئێرانێک دا، کە تەنانەت رەحم بە مێرمنداڵانی خوار ١٨ساڵیش ناکرێ وبە ئاسانی ئێعدام دەکرێن، خۆی بۆ رزگار کردنی مێر منداڵانی تاوانبار لە سزای ئێعدام تەرخان کرد. لە لایەکەوە هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی بە پشت بەستن بە یاسا و رێوشوێنە پەسند کراوە نێو نەتەوەیی یەکان، پێشی ئێعدامی ئەو مێر منداڵانە بگرێ کە بە ئەنقەست یا نەخوازراو تووشی قەتڵ و جینایەت بوون، لەلایەکی دیکەشەوە لە رێگای پێکهێنانی بنیاتێکی تایبەتییەوە، یارمەتیی ماڵیی کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی دیە(خوێن بایی) کوژراوەکان بۆ مێرمنداڵە تاوانبارەکان دابین بکاو لەم رێگایەوە رەزامەندیی بنەماڵەی کوژراوەکان بە دەست بێنێ و گیانی مێر منداڵانی تاوانبار رزگار بکا. محەمەدی مستەفایی، بە بێ هەقدەست و دڵخوازانە وەکاڵەتی چل پەروەندەی کەسانی لەم چەشنەی گرتبووە ئەستۆ بە هەوڵی دڵسۆزانە و بێوچانی خۆی توانیبووی ١٨ تاوانبار کراو کە لە چاوەڕوانیی سزای ئێعدام دا بوون لە مەرگ رزگار بکا. ئەو، توانیبووی سەرنجی کۆمەڵگەی ئێران و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ لای پرسێکی گرنگی قەزایی و حقووقی کە ئێعدامی مێرمنداڵانە، رابکێشێ و لەم رێگایەوە دەزگای قەزایی رێژیمی ئێران لەگەڵ گوشار بەرەو روو بکا. هەر بۆیە کەوتە بەر رقی دەسەڵاتدارانی ئێران و کاتێک لە نیازی ئەوان گەیشت کە دەیانەوێ بیگرن و بۆ لە داوخستنی، پێشەکی ژن و منداڵە بچووکەکەیان بە بارمتە گرتوە، بە ناچار لە ئێران رای کرد.

د. محەمەد سەدیق کەبودوەندیش، کە لە ژوئەنی ٢٠٠٧ دوە گیراوە، ئەو ئینسانە تێکۆشەرەیە کە لە رێگای دامەزراندنی رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان هەوڵی دا، پەردە لە رووی پێشێلکردنی بەردەوامی مافی مرۆڤ لە کوردستان لابدا و ئەو هەمووە تاوان و جینایەت و سووکایەتییە کە بە ناوی جۆراوجۆرەوە دەرحەق بە تاکی کورد دەکرێ، ئاشکرا بکا. تاوانی کەبوودوەند و رێکخراوەکەی لە قاودانی تاوانەکان و دەستدرێژی و هێرش و سووکایەتی لە دژی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە کوردستانە و هیچی دیکە. لە سۆنگەی ئەم «تاوان»ەوە کەبوودوەند بە ١١ ساڵ زیندان مەحکووم بووە. ئەو، لە حاڵێک دا لە بەندیخانەدا راگیراوە کە بە هۆی گوشار و ئازاردانی رووحی و جیسمیی بە ئەنقەست، تووشی چەندین نەخۆشی بووە، سێ جار تووشی سەکتە بووە و جگە لە نەخۆشیی دڵ، تووشی نەخۆشیی پرۆستات، گورچیلە، مێشک، ئەعساب، و دیتن بووە. گیرانی سەرۆکی رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان تا ئێستا چەندین جار لەگەڵ رەخنە و مەحکوومکران لە ئاستی نێونەتەوەیی دا بەرەوڕوو بووە. هەر بۆ هاوپێوەندیی و پشتگیریی ئەم تێکۆشەرەی بواری مافی مرۆڤ و رێکخراوەکەی، ناوەندو دامەزراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و ئازادیی بیرورا دەربڕین، چەندین خەڵاتی بە ناوبانگی خۆیان پێشکەش کردوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بەرێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی لەسەر بەندکردنی کەبوودوەند و ئازارو ئەزیەتدانی هەروا بەردەوامن و کۆمەڵێکی دیکە لە چالاکانی سەر بە رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کورستانیان خستۆتە بەندیخانە یا ناچاریان کردوون لە ئێران رابکەن.

کەسانی وەک محەمەد مستەفایی و کەبوودوەند کە سەرەڕای هەموو مەترسییەکانی سەر رێگای تێکۆشان لە چوارچێوەی رێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامیدا، بە پێشوازی بانگەوازی ویژدانەوە دەچن و هەموو قوربانییەک لە خۆیان دەگرن بۆ ئەوە خزمەتێکی ئینسانیان بە هاونیشتمانانی خۆیان کردبێ، شایانی رێز لێنانن. ئەوان چی لە دەستیان هات بۆ ئەوەی رێز لە مافەکانی هاونیشتمانانیان بگیرێ، کردیان. نەک هەر بۆ خۆیان، بەڵکوو ئەندامانی بنەماڵەکەشیان بەم هۆیەوە تووشی سەخڵەتی و گرفتی جۆراوجۆر هاتوون. ئەرکی هاونیشتمانان و هەموو ویژانە ئاگایەکان لە نێوخۆو دەرەوەی ئێرانە، دژی ئەو کردەوە و رەفتارانە دەنگ هەڵبڕن کە تێکۆشەرانی وەک کەبوودوەند و محەمەد مستەفایی و مافناس و پارێزەرە بوێرەکانی دیکە لە ئێران دا لەگەڵی بەرەورِوون و نەهێڵن ئەم مرۆڤە بەرزو بەرێزانە لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ رێژیمێکی تا ئەو رادەیە هارو درِندەدا بە تەنیا بن.

## وەرزشکارێکی کورد پلەی یەکەمی «ووشۆ»ی دنیای وەدەست هێنا



زاهیر قودرەتی، وەرزشکاری کوردی خەڵکی شاری سەقز توانیویەتی لە کێبەرکێی نێونەتەوەیی وەرزشیی «ووشۆ»ی جیهان دا پلەی یەکەم وەدەست بێنێ.

ئەو کێبرکێیانە لە کۆتایی مانگی پووشپەڕ و لە وڵاتی رۆمانی و بە بەشداریی ١٤ یانەی وەرزشیی لە ٩ وڵاتی جیهانەوە بەرێوەچووەو زاهیر قودرەتی توانی پلەی یەکەم و میداڵیای زێڕی ئەو کێبەرکێیانە بە دەست بێنێ.

بە پێی هەواڵێکی ماڵپەڕی هەواڵنێریی سەقز زاهیر قودرەتی لە خولی پێشووی ئەم کێبرِکێیەشدا کە لە وڵاتی «هۆنگ کۆنگ» بەرێوەچوو ،توانیبووی پلەی یەکەمی جیهان دەستەبەر بکاو میداڵیای زێڕی ئەو پێشبرِکییانە بباتەوە.

لەکاتێک دا زاهیر قودرەتی، وەرزشکاری کوردی خەڵکی شاری سەقز توانیویەتی پلەی یەکەمی دنیا لەو لقە وەرزشییەدا وەدەست بێنێ و تەنانەت ئاڵای کۆماری ئیسلامی لەو مەیدانە وەرشییەدا بەرز بکاتەوە، کەچی دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا ئامادە نەبووە هەواڵی سەرکەوتنی ئەو لاوی کوردە بڵاو بکاتەوە.

شایانی باسە زاهیر قودرەتی کە خەڵکی شاری سەقز و دوکتورای دەرمانسازی هەیە، کێشەی لە جوولەی لەشدا هەیە، بەڵام ئەو کێشە و کەمایسییە نەک رێی پێشکەوتن و دەرکەوتنی لە ناوبراو نەگرتوە، بەڵکوو دەبینین کە بە شانازییەوە مداڵیای زێڕی جیهانی لە کێبەرکێ نێودەوڵەتییەکان دا دەباتەوە.

## بەشداریی کامکارەکان لە فیستیڤاڵی جیهانیی ڤۆمەد بە گۆرانیی کوردی

گرووپی موسیقای کامکاران لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی مۆسیقای «ڤۆمەد» WOMAD لە شاری لەندەن کۆمەڵە گۆرانییەکی کوردییان پێشکەش کرد.




گرووپی مۆسیقای کامکاران لە رۆژی ١٥ ی پووشپەڕ لە فیستیڤاڵی جیهانیی «فۆرد» لە شاری ئۆسلۆ لە وڵاتی نۆرویژ، لە رۆژی ١ی گەلاوێژ لە شاری لەندەن لە وڵاتی بریتانیا، روژی یەکشەممە ٣ ی گەلاوێژ لە شاری مەنچستەر لە بەریتانیا و هەروەها رۆژی دووشەممە ٤ی گەلاوێژ لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی مۆسیقای «ڤۆمەد» WOMAD لە شاری لەندەن لە بەریتانیا لە دوو بەشی فارسی و کوردیدا کۆمەڵێک گۆرانی و پارچە مۆسیقایان بە ئاوازدانەریی «هوشەنگ کامکار»، «ئەرسەلان کامکار»، «ئەردەشیر کامکار»، «پەشەنگ کامکار» و هەروەها مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی پێشکەش کرد.

«ئەرسەلان کامکار»ئەندامی گرووپی مۆسیقای کامکاران و ئامێرژەنی بەتوانای ڤیۆلۆن و عود سەبارەت بە بەشداریکردنی گرووپی مۆسیقای کامکاران لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی مۆسیقای «ڤۆمەد» لە وڵاتی بەریتانیا لە دیدارێکی تایبەت بە ئاژانسی هەواڵی پەیامنێری راگەیاندوە کە ئەمە بۆ سێهەمین جارە لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی مۆسیقای «ڤۆمەد» بەشداری دەکەن کە یەکێک لە گەورەترین فیستیڤاڵەکانی مۆسیقا لە ئاستی دنیادایە و هەموو ساڵێک لە سەرتاسەری دنیاوە گرووپی جۆراوجۆری موسیقا لەم فیستیڤاڵەدا بەشداری دەکەن.

ئەرسەلان کامکار سەبارەت بە کەڵک وەرگرتن لە پاشخانی مۆسیقای کوردی لە بەرهەمەکان لەو فستیڤاڵە جیهانییانەدا رایگەیاند کە ئەوان بەردەوام خەریکن لەو خەزێنەیە کەڵک وەردەگرن، بەڵام بەشێکی کەمی ئەوەیە و بەشە زۆرەکەی دیکەی کاری ئەندامانی گرووپی کامکارانە و مێلۆدیی سەرەکیی گۆرانییەکان تایبەت بە خۆیانە. تەنانەت ئەو مێلۆدییە ناوچەیانەی کوردەواری کە وەکوو ئیدە کەڵکی لێوەردەگرین خۆمان دەیگۆڕین و گۆڕانکاریی بەسەردا دێنین.

## لاوێکی کرماشانی پلەی سێهەمی کێبڕکێی زۆرانبازی جیهانی وەدەست هێنا

لاوێکی کرماشانی بە ناوی عیرفان ئەمیری لە پێشبڕکێی زۆرانبازیی لاوانی جیهان لە «بوداپێست» پلەی سێهەمی وەدەست هێنا.

عیرفان ئەمیری کە لە کێشی ٩٦ کیلودا بەشداریی ئەو پێشبرِکێیانەی کردبوو، توانی بە وەدەست هێنانی میداڵی بورونز ، پلەی سێهەمی ئەو پێشبرِکێیانە بە ناوی خۆی تۆمار بکا.

هەروەها لاوێکی دیکەی کرماشانیش بە ناوی رەزا ئەفزەلی لەو پێشبرِکێیانەدا پلەی پێنجەمی وەدەست هێناوە.



## کچە کوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستان خەڵاتی ساڵی ئەدەبیاتی نۆروێژی بردەوە

کچە کوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی چرۆ بورهانی توانیویەتی خەڵاتی پێشبڕکێی ساڵی ئەدەبییاتی نۆرویژ بباتەوە.

چرۆ بورهانی ئەو خەڵاتەی بۆ نووسینی باشترین وتار لە پێوەندی لە گەڵ کۆمەڵگای نۆرویژ و بایەخە نەریتییەکانی ئەو وڵاتە وەرگرتوە.

چرۆ بورهانی لە تەمەنی منداڵییەوە و وێڕای بنەماڵەکەی بە هۆکاری سیاسی وەک پەبانەر لە وڵاتی نۆرویژ دەژین و ناوبراو ئێستا خوێندکاری ساڵی کۆتایی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی شاری بێرگێنی ئەو وڵاتەیە.

شایانی باسە کە چرۆ بورهانی لەو پێشبرِکییەدا ١٢٠ رکەبەری بووە، بەڵام توانیویەتی بە پشت بەستن بە تواناکانی خۆی پلەی یەکەمی ئەو پیشبرِکییانە وەدەت بێن





## چاپکراوی نوێ




ژمارە ٢٧ی تیشک کە گۆڤارێکە کۆمیسیۆنی فێرکردن و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەری دەکا، چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەم ژمارەیەی تیشک هێندێک بابەتی وەک ئێعدام لە کۆماری ئیسلامی دا، کاریگەریی کلتووری رێکخراوەیی، باسێکی گشتی لە مەڕ خەباتی مەدەنی، تێڕوانینێک لە « نەتەوە مێللییەت و ناسیۆنالیزم» دەوری مێدیا لە کۆمەڵگەی مەدەنی و رۆڵی لە ئۆپۆزیسیۆندا و... لە خۆ دەگرێ.